# کۆمەڵە

## لە رۆژهەڵاتەوە بۆ باشووری کوردستان

چاوپێکەوتنی ئیبراهیم عەلیزادە
سکرتێری کۆمەڵە

سازدانی: د. ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی

پێشەکیی: ئەنوەر حسێن (بازگر)

2025

ناوی کتێب

کۆمەڵە لە خۆرهەڵاتەوە بۆ باشووری کوردستان

| | |
|---|---|
| بابەت: | چاوپێکەوتن |
| سازدانی: | د. ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی |
| پێشەکیی: | ئەنوەر حسێن (بازگر) |
| دیزاینی ناوەوە: | ئومێد محەمەد |
| پێداچوونەوەی زمانەوانی: | ئاواز محەمەد |
| چاپی یەکەم: | 2025 |
| تیراژ: | 1000 دانە |
| نرخ: | 4000 دینار |

# کۆمەڵە

## لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشووری کوردستان

### چاوپێکەوتنی ئیبراهیم عەلیزادە
### سکرتێری کۆمەڵە

سازدانی: د. ژیلوان عەبدوللا هەڵەدنی

پێشەکیی: ئەنوەر حسێن (بازگر)

2025

**پێشکەشە بە:**

* هەموو ئەو کەسانەی، کە بەشدارییان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە پارچەکانی کوردستاندا کردوە، جا ئەو بەشدارییە بە هەر جۆرێک بووبێت.

* هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازیی کورد و کوردستان.

* مامۆستا ئیبراهیمی عەلیزادە، تێکۆشەرێکی ماندووی ڕێگەی ئازادی و یەکسانی، کە زیاتر لە نیو سەدەیە بێ پسانەوە خەبات دەکات.

## پێڕست


مێژوویەکی تری کۆمەڵە....ئەنوەر حسێن (بازگر)........

لەبری پێشەکی...............د.ژیلوان عەبدوللا هەڵەدنی.....

چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە............................

روونکردنەوە:

سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رادەکێشین کە ئەم دیدارە چەند ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ بەڕێز ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە لە هەلومەرج و بارودۆخی سیاسی کوردستاندا سازکراوە، بەڵام چاپکردنی درەنگ کەوت و لە ئێستادا کە بۆ ساڵی 2025 چاپ دەکرێت ئەم سەرنجەمان بە پیوێست زانی چونکە چەندین ئاڵوگۆڕی سیاسی تەشکیلاتی، کوردستانی ئێرانی، ناوچەیی، ناوخۆیی و رووداوی زۆر روویداوە لەو ماوەیەدا

د. ژیلوان عەبدوڵلا هەڵەدنی

# مێژوویەکی تری کۆمەڵە

**ئەنوەر حسێن (بازگر)**

ئەم دیدارە، یەکەم دیدار و چاوپێکەوتنی ئیبراهیم عەلیزادە نییە، بەڵکو دەیان دیداری کورت و دووردرێژی بەقەدەر پێوانی مێژووی کۆمەڵە، سەبارەت بە پرس و مێژووی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵە بە ویژدانەوە ئەنجامداوە.

ئەم دیدارە (کۆمەڵە لە ڕۆژهەڵات-ەوە، بۆ باشووری کوردستان) درێژەی ئەو دیدارە مێژووییەیە، کە هەمیشە پێداگریان لەسەر دەکاتەوە، مێژوو باسدەکات و شتی تازەتری وەبیردێتەوە.

وەڵام بەو پرسیارە دەداتەوە، کە بیری چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەی؟ چۆن؟ سەریهەڵداوە؟ ئەوەش ڕووندەکاتەوە، کە ئایا حیزبی تودە کاریگەری لەسەر کوردستان هەبوە؟ وەڵام بەو پرسیارە دەداتەوە، کە سیاسەتەکانی تودە لەژێر کاریگەری سۆڤییەت بوە و سەرئەنجام ئینشعابی ئەو حیزبەش لە ژێر کاریگەری ململانێکانی چین و سۆڤیەت بوە.

عەلیزادە، باسی بابەتێکی گرنگی گەڵاڵەبوونی

فکرەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، دارِشتنی مانیفێستی ئـەو حیزبـە لەلایـەن فوئـادی مسـتەفا سـوڵتانییەوە، ڕووندەکاتەوە، فوئاد بە ڕەمزی حەرەکەکە دەزانێ.

باس لە دروستبوون (تەشکیلات) و کۆمەڵە لە ساڵی (1969) دەکات لەژێر کاریگەری ڕەوت و ڕێبازی ئەو کاتـەی چین، سـۆڤیەت، ڕێبازی شۆڕشـگێڕانەی کوبا، ئەمریکای لاتین و کێشەکانی کۆمۆنیزم.

سـەبارەت بـە دەسـتەی دامەزرێنـەری کۆمەڵـە بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو.

لـە شـوێنی جۆراوجـۆر لەنـاو دیدارەکـەدا باس لە گەڕانـەوەی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران، ململانێی فکریی و سیاسی، کار و هەماهەنگی هەیئەتی هەماهەنگـی لـە سـەردەمی سـەرکەوتنی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران، مێژووی ململانێی و شـەڕی کۆمەڵە و دیموکرات، هۆکار و فاکتەرەکانی دەکات.

پەیوەندی کۆمەڵە و حیزبی بەعس لە هەلومەرجێکی تایبەتـدا بـە پارێزگاریکـردن پرەنسـیپەکانی کۆمەڵـە، بەشـێکی تری دیدارەکەیە، لە وەڵامی چەند پرسـیاری سـەبارەت بـە جیابوونـەوە و ئینشـیعابەکانی (کۆمۆنیزمـی کارگـەری و مەنسـووری حیکمـەت، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، ڕەوتی

سۆسیالیست...) سەرنجەکانی خۆی و هۆکارە سیاسی و تەشکیلاتییەکان دەخاتەڕوو.

بێگومان هەموو دیدار و چاوپێکەوتنێک، ئەهمیەت و گرنگی خۆی هەیە و دەچێتە خانەی پاراستنی ڕووداوەکانی ئەو بزوتنەوە سیاسییە و هەلومەرجی ئەو سەردەمەی کوردستانەوە.

ئەم دیدارەی دکتۆر ژیلوان لەگەڵ عەلیزادە، مێژووەکەی بۆ چەند ساڵ لەوەوپێش دەگەڕێتەوە و چاپکردنی دواکەوتوە، بۆیە خوێنەر دەبێت سەرنجی ئەوە بدات، کە دوای ئەو دیدارە ئاڵوگۆڕی سیاسی و تەشکیلاتی لە ناو کۆمەڵە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویداوە.

هەلومەرجی سیاسی و ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ئاڵوگۆڕی زۆریان بەخۆوە دیوە.

سەید ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری کۆمەڵە، سازمانی کوردستان - حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وەکو دایکی هەموو کۆمەڵەکان و یەکەم جەرەیانی سیاسی چەپ و کۆمۆنیستی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەم دیدارە، یەکەم دیدار و چاوپێکەوتنی ئیبراهیم عەلیزادە نییە، بەڵکو دەیان دیداری کورت و دووروودرێژی بەقەدەر پێوانی مێژووی کۆمەڵە،

سەبارەت بە پرس و مێژووی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵە بە ویژدانەوە ئەنجامداوە.

لەم دیدارە و زۆرینەی دیدارەکانیدا، واقیعانە، ڕاستگۆیانە، بە ویژدانەوە، ڕووداوەکان دەگێڕیتەوە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندی سیاسی نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵات، جیا لەوانە خۆ بەدوور دەگرێت لە شتی تایبەت و شەخسی و ناوهێنانی ناپێویست، هەر بۆیە حیزبێکی ڕکابەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕەغمی خیلاف و ململانێی تاریخی نێوانیان، دان بەو هەقیقەتەدا دەنێن، کە سەید برایم، مێژووی واقیعی و دوور لە ڕووتووش و سیناریۆسازی دەگێڕێتەوە. هەقایقی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و لە هەندێک شوێن ڕەخنە لە خۆی، کۆمەڵە و هەلومەرجەکەش دەگرێت.

عەلیزادە باوەڕی وایە، شۆڕش و ئەفرادەکانی بە هەلوومەرجێکی دژوار و سەخت و شۆڕشگێڕانەیان تێپەڕکردوە، قوربانی زۆریان داوە، خۆڕاگری و فیداکاری گەورەیان لەپێنج دەیەی ڕابردوو ئەنجامداوە، بەڵام پێی وایە، ئەوە مانای ئەوە نییە شایانی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن نیین، نا، بەڵکو لە هەلومەرجێکدا،

پێویستی بە نەقدی واقیعی و مەنتقی و سیاسی هەیە و دەبێ مێژووش وەها بگێڕیتەوە، کە ڕوویداوە، وەکو هەقایق نەک ئەوەی چۆنمان پێخۆشە بیگێڕێتەوە.

لێکۆڵەران و نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، خەڵکانی ئاکادیمی گەر بیانەوێت مێژووی کۆمەڵە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ململانێی هێزەکان، هەلومەرجی سیاسی دژوار و گرفتەکانی ناو کۆمەڵە و هەلومەرجی سەختی دروستبوونی، ڕوانگەکانی یەک و دووی ئەو سەردەمە شەڕی سیاسی و چەکداری لەگەڵ ئێران، ئینشعاب و ئینشقاقەکانی کۆمەڵە، خەبات و تێکۆشانی تەشکیلاتی و نهێنی لێکدانەوەی ئەوزاعی سیاسی کوردستان و ئێران، قۆناغ و نهێنییەکانی دەورانی جیا جیا، پەیوەندی کۆمەڵە و بەعس، جەدەل و بەحسەکانی سەردەمی کۆمۆنیزمی کارگەری.

خەباتی ئۆردوگایی لە باشووری کوردستان و پەیوەندی مێژوویی نێوان کۆمەڵە و ئەحزابی سیاسی باشووری کوردستان و حکومەتی هەرێم، لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکان لە چوار دەیەی ڕابردوودا.

گەر بیەوێت، بزانێت، بخوێنێتەوە و سۆراغی بکات، بەشێکی زۆری دەکرێت لەلای سەید برایم عەلیزادە

دەستبکەوێت و قەناعەتی پێ بکات و وەکو دۆکیۆمێنت و کارێکی تاریخی و مێژوویی بەدوایدا بچێت.

عەلیـزادە باوەڕی وایە، شـۆڕش و ئەفرادەکانی بە هەلوومەرجێکی دژوار و سـەخت و شۆڕشـگێڕانەیان تێپەڕکـردوە، قوربانـی زۆریـان داوە، خۆڕاگـری و فیداکاری گەورەیان لەپێنج دەیەی ڕابردوو ئەنجامداوە، بـەڵام پێـی وایە، ئەوە مانای ئەوە نییە شـایانی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن نیین، نا، بەڵکو لە هەلومەرجێکدا، پێویسـتی بە نەقدی واقیعی و مەنتقی و سیاسـی هەیە و دەبێ مێژووش وەها بگێڕیتەوە، کە ڕوویداوە، وەکو هەقایق نەک ئەوەی چۆنمان پێخۆشە بیگێڕێتەوە.

ئـەم کتێبـەی بەردەسـتت وەڵامـی بەشـێکی زۆر لەسەر ئەو وەڵامانەی سەرەوە دەداتەوە و گۆشەیەکی بچکۆلـەش لـە خەبات و تێکۆشـانی کۆمەڵە و خەڵکی ڕۆژهەڵات دەگێڕێتەوە.

دکتـۆر ژیلـوان هەڵەدنـی وەکو ڕۆژنامەنووسـێکی چـالاک، ماندووبونێکـی زۆر بـە کارەکەیـەوە دیارە و شـایانی دەستخۆشییە، بێگومان ئەوەش یەکەم جار و یەکەم کاری ئەو نییە، لەسەر داوای د.ژیلوانی هاوڕێم بۆ ئەم پێشەکییە، بە پێویستم زانی هاوکاری بم.

بەهیوای سەرکەوتن و کاری بەردەوام و باشتر.

## لە بری پێشەکی

لـە دوای جەنگـی چاڵدێـران لـە سـاڵی(1514)، کـە لـە نێوان دەوڵـەت و زلهێزی ئـەو کاتەی دنیای خۆرهـەڵات؛ عوسـمانی (1299–1923) و دەوڵەتی سـەفەوی (1502–1763)دا قۆناغێکـی گرینـگ لـە ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەلی کورد لەم ناوچەیەدا دەستیپێکرد و خاک و خەڵکی کوردی کـرد بـە دوو بەشـەوە، بەشـێکیان لـە ژێردەسـتی دەوڵەتـی عوسـمانی سـوننە مەزهـەب و دەوڵەتی شـیعە مەزهـەب، ئەم دوو دەوڵەتـەش، بە درێژاییی ئەو قۆناغە مێژووییە لە شەڕ و ململانێیەکی سەختی سیاسـی و مەزهەبیـدا بـوون، خـاک و ئاوەدانییـە کوردییەکانیـش ببوونـە پێخووسـتی ئـەو دوو زلهێـزەی ئەو کاتەی جیهان، هەر چەندە بە ڕواڵەت و لە ڕووکەشدا، کورد لە ڕێگەی میرنشینەکانییەوە، کە وەک دامودەزگایەکی نیمچە سـەربەخۆ وا بوون و ببوونـە سـەرخانی بەڕێوەبردنـی عەشـیرەت و ئێلاتـی کورد، بـەڵام ئەم جۆرە دابەشـکارییەش بێ گرفت و ئاریشە نەبوو.

میرنشین و عەشیرەتە کوردییەکان؛ بە درێژاییی

ئـەو قۆناغـە و تاوەکـوو کۆتایـی هاتنیـان لە سـەر دەسـتی هەر دوو دەوڵەتی (قاجار و عوسـمانی) لە نیوەی یەکەمی سـەدەی نۆزدەدا بەردەوام لە شـەڕ و پێکدادانـی خوێناوییـدا بـوون و ببوونـە دوژمنـی بـاوە کوشـتەی یەکتری، لە نموونـەی ئەوانە گەلێک زۆرن لـە لاپەڕە پەرش و بڵاوەکانی مێژووی نوێی گەلـی کـورد، وەک شـەڕە ناوخۆییەکانـی نێـوان ئەردەڵان- بابان، بابان- سـۆران، سـۆران- بادینان و... هتـد، ئەمـەو جگـە لـەوە، لـە ناوخۆشـدا تەبا و ڕێـک نەبـوون و بـەردەوام بە هاوکاریـی هەر دوو دەوڵەتی سەردەسـت، وەک ئەو شەڕە ناوخۆییەی کـە لە ناو خودی میرنشـینی بابانـدا بوو و نزیکەی (37) سـاڵی خایانـد تاکـوو لە کۆتاییـدا، چ دەوڵەتی عوسـمانی، کە لە سـاڵی (1842) بە دواوە تەخت و تاراجـی پێچانـەوە و دوای ئـەوە فەرمانڕەواییەکی تورکـی بـۆ دانان و کۆتایـی پێ هێنـان، چ دەوڵەتی (قاجـار 1779-1925) کۆتاییـی بـە دوا میرنشـینی ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی خۆی هێنـا، کە ئەویش میرنشـینی (ئـەردەڵان) بـوو. یەکێکـی تـر لـە خاڵـە سـەرنج ڕاکێشـەکانی مێژووی نوێی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتـی کوردسـتان[1] ئەوەیـە، کـە ئـەو خاکەی

1. لە لای ئێمە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان خۆرهەڵاتی کوردستان یان

لە ڕووی جوگرافییەوە (بە کەمێک دەستکاری) یەوە کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی سەفەوی و دواتر قاجارەکان، تاکوو ئێستا هەر بە دەست ئێرانەوەیە، کە لە ڕێگەی پەیمانە جۆراوجۆرەکانی وەک (زەهاو1639) و (ئەرزەڕۆمی یەکەم 1823) و (ئەرزەڕۆمی دوەم 1842) و لە سەدەی بیستیشدا (پەیمانی ئەستانبوڵ) و... هتد، بە فەرمی لە دوای

---

کوردستانی ئێران ناوێکی نافەرمییە بۆ بەشێک لە خاکی کوردستان، کە ئێستا لە ناو سنوورەکانی ئێراندایە، دانیشتوانی بریتین لە کوردەکان و سنووری لەگەڵ عێراق و تورکیا هەیە. پارێزگاکانی بەشێک لە ئازەربایجانی خۆرئاوا، کوردستان، کرماشان، ئیلام و بەشێک لە پارێزگای لوڕستان و پارێزگای هەمەدان لە خۆدەگرێت. بە پشتبەستن بە سەرچاوە جوگرافی و مێژووییە جیاوازەکان دەتوانین بڵێین، خۆرهەڵاتی کوردستان بانێکی بەرزە و ناوچەیەکی بەرین و فراوان دەگرێتەوە و دەکەوێتە خۆرئاوای ئێران و سنوورە سروشتییەکەی لە باکوورەوە بانی ئازربایجان و دەریاچەی ورمێیە، لە خۆرهەڵاتەوە هەمەدان و خاکی ئەفشارە، لە باشوورەوە بەدرە و ڕووباری دیالەیە، لە خۆرئاواوە مەرزەکانی نێوان تورکیا و ئێران، عێراق و ئێرانە، دەکەوێتە نێوان هێڵی پانیی (31–40)ی باکوور و هێڵی درێژیی (44–48)ی خۆرهەڵات، ڕووپێوییەکەی بە نزیکەیی (125000)کم$^2$یە؛ واتە (8%)ی ڕووپێویی خاکی ئێران و (27%)ی تێکڕای سەرزەمینی کوردستان دەگرێتەوە. بڕوانە: عەلی ئەسغەری شەمیمی هەمەدانی: جوگرافیای کوردستانی ئێران، و عەبدولرەحمان محەمەد ئەمین زەبیحی، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق، بەغداد، (1980)، ل(10) و د. یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگارییخوازی نەتەوەییی گەلی کورد (1939–1979)، چ (2)، چاپخانەی سیما، سلێمانی، (2011)، ل(27).

جەنگی یەکەمی جیهانییەوە (1914–1918) بوو بە سنووری خاکەکەی و بە هیچ جۆرێک و لە هیچ کوێدا سازشی لە سەر نەکرد.[2]

هەموو ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینە جۆراوجۆرانەشی، کە ڕوویاندا وەک: (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (1880–1881)، شۆڕشی مەشرووتە (1906–1914)، شۆڕشی سمکۆی شکاک (1919–1930) و... هتد) کاریگەرییان لە سەر دابڕانی ئەو خاکە و کەمکردنەوەی سنوورەکەی نەبوو، ئەوەشی لە سەردەمی (ڕەزا شا 1925–1941 و تا ئێستاش) پێی دەگوترێت خۆرهەڵاتی کوردستان لە نەخشەی سیاسي و جوگرافیی ئەواندا، تەنها پارێزگای سنە دەگرێتەوە، نەک ئەوەی، کە ناسیۆنالیستانی کورد باسی لێوە دەکەن!!.

گەلی کورد لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لاوازبوون و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (1923)، هیوایەکی زۆری هەبوو، کە

---

2. بە پێچەوانەوە بە بیانووی جۆراوجۆر داوای خاکی باشوور و باکووری کوردستانی ئێستاشی دەکرد (ئەحمەد شای قاجار 1898–1930)، بەڵام دەوڵەتە سەرکەوتوەکانی جەنگ (بەریتانیا) بە تایبەت بە بیانووی ئەوەی، کە ئێران لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەشداریی نەکردوە، هیچ دەستکەوتێکی بەر ناکەوێت، تەنها ئەوە نەبێ، کە خاکەکەی وەک خۆی دەمێنێتەوە..!!

وەک نەتەوەکانی تری ناوچەکە، دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکات، بەڵام ئامانج و ستراتیژی زلهێزەکانی وەکوو بەریتانیا و فەڕەنسا لە ناوچەکە و پەرتەوازەیی، ناکۆکی و ناتەباییی ناوخۆی کەسایەتی، عەشیرەت و بنەماڵە کوردەکان و هەلومەرجی دواکەوتوویی‌ی کۆمەڵایەتیی گەلی کورد لەو ساڵانەدا و بوونی بۆشاییەکی سیاسیی گەورە لە نێوان ساڵانی (1918–1921)، بوونە هۆکاری ئەوەی کورد، نەتوانێت هەلەکە بقۆزێتەوە و دۆزی کورد بە هاوتەریب لەگەڵ بەرژوەندی‌ی زلهێزەکاندا بەرەو پێش بەرێت، هۆکارەکان زۆرن، کە بۆچی عەرەب دەوڵەتی دروستکرد، تورک دەوڵەتی دروستکرد و... هتد، بەڵام گەلی کورد نەیتوانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکات؟ لێرەدا و لەم پێشەکییە کورتەدا، زەحمەتە بتوانین بابەتێکی ئاوا شەنوکەو بکەین و فاکتەکانی لێ هەڵێنجین...!! لە بەرئەوە؛ تەنها بەوەندە کۆتاییی پێ دێنین، کە گەلی کورد لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگەکە و مۆرکردنی پەیمانی ئاشتیی (پاریس 1919)، تەنها دەستکەوتی لەم جوگرافییە ئاڵۆزەدا پێکهێنانی حوکوومەتەکەی (شێخ مەحموود) بوو

لــە نــاو شــاری ســلێمانی و هەندێــک لــە دێهــات و شــارۆچکەی دەوروبەری لە نێوان ساڵانی (1918-1924) بە ســێ قۆناغ و کابینەی جیاواز، کە پڕبوو لە ڕووداوی ئاڵۆز و ملمالنێ لەگەڵ ئینگلیز و تورکە جلخــوارەکان، ئەمــە و جگــە لــە ناکۆکیــی ناوماڵــی کــورد لــە نێــوان عەشــیرەت و بنەماڵەکانــی ئــەو ناوچــە حومکڕانییــە و دان پێدانەنانی!!. بە هەر حاڵ لێرەدا بە لکاندنی باشــووری کوردســتان بە عێراقی عەرەبییــەوە، لــە دوای چارەســەرکردن و بــەلادا خستنی کێشەی ویلایەتی مووسڵ لە ساڵی (1926)، پــاش ململانێیەکی زۆری نێــوان دەوڵەتی کەمالی و ئینگلیزەکان، توانرا تای تەرازووەکە لە سەر حیسابی کــورد بــە لای ویلایەتی بەســرە و بەغــدادا بێت و ببێتە بەشــێک لــەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێــن (عێراق) لە ساڵی (1921)ەوە.

بارودۆخەکــە لــە باکــووری کوردســتانیش لــە باشــوور باشــتر نەبــوو، هیــچ هەماهەنگییەکــی سیاســیی نەبــوو، کۆمەڵــەی تەعالیی کوردســتان لە ناوخۆیــدا، دوو بــاڵ و فیکــری جیــاواز لــە ئاییندەی کــورد بــوو لــە باکــوور[3]، هەندێکیان وایــان بە باش

3. ئەمە پێش پەیمانی سیڤەر (1920) و دروستکردنی دەوڵەتی تورکیای نوێ لە سەر دەستی ئەتاتورک..!

دەزانی کـورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسـمانیی تورکی بمێنێتەوە و داوای سەربەخۆیی نەکات وەک: (شـێخ عەبدولقادری نەهری و هاوبیرانی)، هەندێکی تریـش پێیـان وا بـوو جیابوونـەوە و سـەربەخۆیی نەبێ چارەسـەری دۆزی کـورد ناکات، بـە تایبەت ئەوانـەی پێشـەنگایەتیی ئەم بیرەیـان دەکرد، وەک: جـەلادەت بەدرخـان، ئەمیـن عالـی بەدرخـان و... هتـد، ئەوەش بە جیابوونـەوە و لێکترازانێک کۆتایی هـات، بـە جۆرێک ئەو پارتـە لە مێژووی سیاسـیی خۆیدا جارێکی تر نەیتوانیی بێتەوە سـەرخۆ و هێز و بڕسـتی لـە دەسـت دا!. تورکەکانیـش لەو لاوە بە هاوکاریـی هەندێـک لـە سـەرۆک عەشـیرەتەکان و دواتر ڕووسەکان (دەوڵەتی نوێی بەلشەفی) خۆیان بگـرن و لـە یۆنانییەکانـەوە دەسـتیان بـە ڕامالّینـی داگیرکەرانـی خاکەکەیـان کـرد، تـا وای لـێ هات لە ئەنقـەرە حوکوومـەت و ئەنجوومەنێکی نیشـتمانیی سـەربەخۆیان دروسـتکرد، جیا لە حوکوومەتەکەی سـولّتانی عوسـمانی لـە ئەسـتانبوڵ، لـە قۆناغـی دواتریشدا، توانیان پێگەیەکی نێودەوڵەتی بۆ خۆیان بـە دەسـت بهێنـن و پەیمانـی (سـیڤەر بگـۆڕن بـە لـۆزان 1924) و دان پێدانانێکـی نێونەتەوەیـش بـۆ

خۆیان مسـۆگەر بکەن، دواتر کەوتنە وێزەی کورد و کۆتاییيان بە شۆڕشـەکەی شـێخ سەعیدی پیران (1925) هێنا و تەواوی دامودەزگای خەلافەتیشـیان تێکەوە پێچا...!

لە ئێرانیش ڕەزاشا (1925–1941) بە چاولێکەریی دەوڵەتەکەی (مسـتەفا کەمال 1923–1938)، کەوتە وێـزەی کورد و هەمـوو نەتـەوە جیاوازەکانی تری سـنووری ئێرانـی سـەرکوت و خەفـە کـرد، هەر لە ڕاپەڕینەکـەی خیابانـی و گەیلانییـەوە هەتـا شـێخ خەزعەل و سـمکۆی شـکاک هەموویانی تێکشـکاند و دەسـتی لـێ نەپاراسـتن. ناوبـراو مەبەسـتی بوو نەتەوەیەکی یەکڕەنگی سیاسی پێکبهێنێت و کێشەی ناوخۆیی ئاڕاسـتەی هەوڵە ڕیفۆرمیستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانـی بـکات، بەمەش گەلـی کورد لە ژێر ستەمی کەمالی و ڕەزاشای ئێران بڕستی لێبڕا، بە جۆرێک لە باکوور تاوەکوو پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو نەیتوانی سەرهەڵبێنێتەوە و باسی مافـە نەتەوەیـی، کولتـووری و ڕۆشـنبیرییەکانی بکات، لە ئێرانیش تاوەکوو ڕووخانی دیکتاتۆرییەتی ڕەزا شـا لـە سـاڵی (1941) و دروسـتکردنی کۆمەڵـەی (ژ.ک) و دواتریـش (حـدک)، لە باکووری

خۆرئـاوای تورکیـا و باکووری سـووریا، بەشـێکی بنەماڵـە، ئێـلات و کەسـایەتیی عەشـیرەتی کـورد کەوتنـە نـاو چوارچێـوەی سـووریای ژێر دەسـتی فەڕەنسـا[4]و تاکوو سـەربەخۆیی دەوڵەتی عەرەبی سـووریا و هەتا سـاڵی (2011) کـورد هیچ هەلێکی بەڕێوەبەریێتیی ناوخۆیی بۆ نەڕەخسا...!!

لە باشـووری کوردسـتانیش؛ لە دوای ڕووخانی حوکوومەتەکەی شێخ مەحموود، بە گوێرەی لاوازی و بەهێـزیی حوکوومەتـە یەک لـە دوای یەکەکانی سـەردەمی پادشـایەتی (1921–1958)، لـە عێراق، لـە هەوڵی خۆ ناسـاندن و شووناسـێکی نەتەوەییی کوردی بوو، دروستکردنی کۆڕ و کۆمەڵە و ڕێکخراو و پارتی سیاسی، گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن، بەڵام دۆخەکـە بـە بەراورد بە باشـوور کەمێک لە تورکیا و ئێران لەو سـەردەمەدا باشـتر بووە، هۆکارەکانی زۆر و جۆراوجـۆرن، دەکـرێ لـە شـوێنێکی تـر بە وردی قسەی لە سەر بکرێ...

بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـورد لـە خۆرهەڵاتـی کوردسـتان، گەلێـک قۆناغـی سـەخت

4. هەر چەندە حاڵ و گوزەرانی کورد لە سەردەمی داگیرکاریی فەڕەنسی لە سووریا تا ڕادەیەک لە سەردەمەکانی دواتر باشتر بوو، هەر لە دەرکردنی گۆڤار و بەرەو پێشچوونی لایەنی ڕۆشنبیری تاوەکوو بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات و بەشداریکردنی هەبوو...

و پڕ کەندولەندی بڕیوە تاوەکوو ئەمڕۆ، لە دوای دروستبوونی دۆزەکەی و سەرکوتی بێ ئامانی ڕەزا شای گۆڕبەگۆڕ، لە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتداری زۆردار و شۆڤێنییەکاندا ناڵاندوویەتی، کورد زمانی دایک، جلوبەرگ و پۆشاکی ڕەسەنی کوردی و سیاسەت و ژیانی پارتایەتیی لی قەدەغەکرا، بە جۆرەها شێوە هەوڵدرا کورد بسڕدرێتەوە و لە بۆتەی نەتەوەی سەردەست بتوێنرێتەوە، تۆرەمەی ببڕێنرێتەوە، وڵات و خاک و ئاوی هەمووی لە خزمەتی دەسەڵاتدارانی داگیرکەردا بوو، بەڵام ڕەشەبای زەمانە تەخت وتاراجی ڕەزاشای پێچایەوە و زەمەنێک ئازادیی سیاسی باڵی کێشا بە سەر هەموو ناوچەی موکریان و دەوروبەریدا، لاوانی کوردیش سوودیان لەو بارودۆخە بینی و کەوتنە خۆ و کۆمەڵەی (ژ.ک) یان دروستکرد، کە دواتر بوونە (حیزبی دیموکراتی کوردستان) و لە ساڵی( 1946) کۆماری مەهابادیان پێکەوەنا و بوونە خاوەن دەسەڵات، بەڵام مخابن، ئەم ماوەیە وەک خەونی ژێر داری گوێز کەم و پچڕ پچڕ بوو، زەمەن زوو ڕابوورد، دووبارە وڵاتی کوردەواری کەوتەوە ژێر چەپۆکی داگیرکەر و لە جاران خراپتری بە سەرهات...!!

سیاسـییەکانی کوردیـش هـەر یەکـەی بەلایەکدا ئاوارە بوون و وڵاتیان بە جێهێشــت و پەڕاگەندەی باشـووری کوردسـتان و عێراق بوون، هەر چەندە تاوەکـوو ئـەم سـاتەش، حیزبـی دیموکـرات تاکـە ڕیکخسـتن و حیزبـی سیاسـی بوو لـە خۆرهەڵات، بەڵام لە شەستەکان بە دواوە، بە هۆی گۆڕانکارییە جیهانییـەکان و پێشـبڕکێی هـەر دوو جەمسـەری جیهانـی (یەکێتیـی سـۆڤیەت و ئەمریـکا)، کـە هـەر یەکەیـان سـەرکردایەتیی بەرەیەکیـان دەکـرد، یەکێتیـی سـۆڤیەتی (جـاران)[5]، خـۆی بـە ڕێبـەری

5. توێژەرێک دەنووسێ: پاش ڕووخاندنی دەوڵەتی کوردستان و زاڵبوونی بیروباوەڕی چەپی سەرتاسەری بە سەر بزوتنەوەی کورد و توانەوەی کوردی کۆمۆنیست لە حیزبە سەرتاسەرییەکاندا بەشێکی بەرچاو لە ڕوناکبیرانی کورد سەرەرای بیر و هەستی بەهێزی کوردانە تەواوی هێز و وزە و گیانی خۆیان تەرخانی ئەم بیرۆکەیەکرد، کە پرسی نەتەوەیی و مافی چارەنووسی کورد بە تەواوی تەنیا لە کاتی دامەزرانی سۆسیالیزم لەو وڵاتانە مسۆگەر دەکرێ، کە کوردستانیان دابەش کردوە و لە ڕاستیدا ئەم ڕوانگەیە بوو بە هۆی لادانی بزوتنەوەی کوردی خۆرهەڵاتی کوردستان لەو ڕێبازەی کە کۆمەڵەی (ژ. ک) لە یەکەمین ژمارەی نیشتمان لە پوشپەری (1322)دا وەک "ئامانجی ئێمە" بەم چەشنە ئاماژەی پێ کردبوو: «کومەلەی (ژ. ک) «... بە هەمو هیزوتوانای خوی تێ دەکۆشێت تا زنجیر و کەلەپچەی دیلی و ژێردەستیی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵی و لەم کوردستانە لەتوکوتەی ئێستا کوردستانیکی گەورە و ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم، کە هەموو

کۆمۆنیـزم و ئەمریـکاش خـۆی بە ڕابـەری جیهانی سـەرمایەداری دادەنا و لەو ناوەشـدا، هەر یەکەیان چەندین دەوڵەت و نەتەوەی جیاوازیان لە خۆیانەوە پێچابـوو، دواتریـش کۆماری کۆمۆنیسـتی چین، بە سـەرۆکایەتیی مـاو تسـی تۆنـگ (بیـری ماویزم)[6]

---

کوردێک بە سەربەستیی تیایدا بژی.» چالاکیی حیزبی دیموکراتیی کوردستان و پێکهاتنی کۆماری کوردستان تەمەنی ئەم ڕێبازە بوو. هەر وەکوو پێشەوا قازی محەمەد لە «نطقی» خۆی، کە لە ژمارە (10)ی ڕێکەوتی (15)ی ڕێبەندانی (1324) و ژمارە (11)ی (17)ی ڕێبەندانی (1324) لە «کوردستان» وەکوو بڵاوکەرەوەی بیری ئەم حیزبە لە ژێر سەردێڕی «جەژنی سەربەخۆیی و استقلالی کوردستان» بڵاوبووەتەوە. وێڕای ئاماژە کردن بە مێژووی کوردستان و کۆبوونەوەی کوردان لە ژێر "عنوانی حیزب دێموکراتی کوردستان" باسی بە دەست هێنانی "استقلال و آزادی کورد" بە هۆی پێکهاتنی کۆماری کوردستان دەکات. بەڵام پاش ڕووخانی کۆمار و لە سێدارەدانی قازی و بەشێک لە ڕێبەرانی ئەم بزوتنەوەیە پەیتا پەیتا دروشمی سەرەکیی بزوتنەوەی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە ژێر کاریگەریی بیری چەپی سەرتاسەری و حیزبی تودەی ئێران لە چوارچێوەی "دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردستان " قەتیس دەمێنێتەوە... (بیری چەپ و دۆزی سەربەخۆییی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان: نووسنی: د. کامران ئەمین ئاوە)

6. بیری ماوییزم: دەرکەوتنی ئەم بیرە دەگەڕێتەوە بۆ ماو تسی تۆنگ، کە لە ئەیلوولی (1893) لە گوندی شاوشیان لە هەرێمی هۆنان لەدایکبووە، باوکی جووتیارێکی هەژاری لادێی بووە، لە ساڵی (1911) بووەتە سەرباز و لە ساڵی (1918) بووەتە فەرمانبەر لە کتێبخانەی پەکین؛ بەمەش زیاتر تێکەڵ بە جیهانی کتێب بووە، هەر لەو ساڵەدا، لە بیری مارکسی نزیکبووەتەوە، لە ساڵی (1921) بووەتە

بەشـێکی زۆر لـە سـەرنجەکانی بـە لای خۆیـدا کەمەندکێـش کـرد، هـەر بۆیە چـەپ و کۆمۆنیزم لە لای لاوانـی وڵاتانـی داگیرکـراو و جیهانـی سـێیەم، بووبـووە فریـادڕەس و هـەر چـی نەهامەتـی و چارەڕەشـی هەبـوو، دەیانخسـتە ئەسـتۆی جیهانی سـەرمایەداری و ئیمپریالیزمی ئەمریکی، هەر لەبەر ئەوەبـوو، کـە لـە ڕۆژگاری ئەو سـەردەمەدا چەپی ماویـزم زۆر گەشـەی کـرد و لـە وڵاتانـی جیهانـی سـێیەم، ئەمریـکای لاتین و خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت بـە گشـتی و ئێـران بـە تایبەتـی، شـوێن و پێگـەی خـۆی گـرت، بەکورتـی و بـە پووختـی چـەپ ببوە

ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی چین، لە (1923) بووەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی چین، پاش ئەوەی پارتی کۆمۆنیستی چین لە لایەن حوکوومەتی کۆمینتانگ تەنگی پێهەڵچنرا، ناچار بیریان لە خەباتی چەکداری کردەوە و لەشکری سووریان دروستکرد. ماویش پشتگیریی ئەم بیرۆکەیە کرد، لە (1934) گەورەترین مارشی سەربازییان ئەنجامدا، کە نزیکەی (90) هەزار چەکداری لەشکری سوور بەشدارییان کردوە، ماو لە (1949)دا کۆماری چینی دامەزراند، گرینگترین بیر و بۆچوونەکانی: (گواستنەوەی شۆڕش لە لادێوە بۆ شارەکان، داگیرکردنی شارەکان بە هۆی هێزی چەکدارییەوە، ماو پێچەوانەی مارکس و لینین، پێی وا بوو جووتیاران، نەک کرێکاران داینەمۆی شۆڕشن، تێکەڵاوی بیری مارکس، ناسیۆنالیزم و کۆمۆنیزم، ماو پێی وا بوو بۆ گەییشتن بە دەسەڵاتی سیاسی، پێویستە لە ڕێگەی خەباتی پارتیزانییەوە بێت و... هتد). (بۆ زانیاریی بڕوانە: ئا. لوقمان ڕەئوف: بیبلۆگرافیای ژیانی ماو تسی تۆنگ (لادێکان دڵی شۆڕشن)، ئایدیا، ژ(36)، ساڵی هەشتەم، کانوونی یەکەمی (2012)، ل66).

بیری پێشکەوتنخوازی و دژە داگیرکەر و لاوانی ئەو سەردەمە بە تاسەوە بە شوێن نووسراو و ئەدەبییاتی چەپ دەگەڕان و تیۆرەکانی مارکس، لینین، ترۆتسکی، ماو و... هتد یان، بە جۆرەها شێوە پوخت دەکردەوە و دەیان خوێندەوە و بە گوتەی خۆیان؛ ئیلهامی شۆڕشگێڕییان لێ وەردەگرت.

هەر بۆیە، دەیان پارتی سیاسیی ئەو سەردەمە؛ وەک دوو جەمسەرەکەی کۆمۆنیزم لە بەینی چین و سۆڤیەت، ئەمانیش دابەش ببوون و هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو تیۆرە جۆراوجۆرانەیان لە ژیانی سیاسی و ڕێکخستنی خۆیاندا دەدا، بە بێ ئەوەی زەمینەی کۆمەڵایەتی و گەشەی سروشتیی کۆمەڵگاکانیان لێک بدەنەوە، ئەوەتا حیزبی توودە، کە لە چلەکانەوە وەکوو نوێنەری چەپی کۆمەڵگای ئێرانی خۆی نمایش دەکرد، دوو باڵ بوو، بەشێکی وەکوو باڵە شۆڕشگێڕەکەی ئەو حیزبە بە ناوی (سازمان انقلابی حزبی توده) خۆیان ڕاگەیاند و جیابوونەوە، هەروەها دەیان گرووپی چریکی دروست بوون و خۆیان ڕاگەیاند.

بۆ ئەوەی لە مەبەستە سەرەکییەکە دوور نەکەوینەوە، بە کورتی، گەلی کوردیش لە خۆرهەڵاتی

کوردستان هەر وەک ئاماژەمان پێکرد، لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە لاوەکانی کەوتنە ژێر کاریگەریی بیری چەپ و کۆمۆنیزم و یەکەمین شانەکانی ئەو ڕێکخستنە لە پارتی کۆمەڵەی کۆمۆنیستانی کوردستان، یەکەمجار خۆی ڕێکخست و هەر لەگەڵ پووکانەوە و دیارنەمانی ئەم ڕێکخستنە، کۆمەڵە، کە سەرەتا بە ناوی (مەحفەل و تەشکیلات) دواتریش (کۆمەڵە)، لە لایەن کۆمەڵێک لاوی (19)ساڵ و سەرووتر دروستکرا و هاتە سەر شانۆی سیاسیی ئەو کاتەی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی. لە ئێرانی ئەو سەردەمەش، بە هۆی ئەوەی شەپۆلێکی گەورەی چەپ ڕووی تێ کردبوو، هاوکات دەیان جەرەیان و پارت و کۆمەڵەی تری چەپ دروستبوون، ساواکیش (سازمانی ئاسایشی وڵاتی ئێران) وەک دەرمانی چاوئێشە بە دوایاندا دەگەڕان و هەندێکیان دەستگیرکردن و ڕاپێچی زیندانە تاریک و نوتکەکانی قەسری قاجار و تاران کران و هەندێکیشیان، بە بێ دادگایی لە سێدارە دران،[7] بەمەش بەشێک لەو سازمانانە و کۆمەڵەش کەوتنە خەباتێکی نهێنی و شاراوەوە و تاوەکوو

7. لە سەرکردەکانی چریکی فیدایی، وەکوو بیژەنی جەزەنی و دەیانی ناوی تر.

هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی (1979) خۆیان دەرنەخستەوە، ئیتر لێرە بە دواوە قۆناغێکی تری سیاسی لە ژیانی حیزبایەتی و بیری چەپ دەستی پێکرد، ڕێکخستن و سازمانی جۆراوجۆر بە ناوی جیاواز دەرکەوتن و هەر یەکەیان لە خەمی ڕێکخستن و ڕاکێشانی لاوانی ئێرانی بە گشتی و کورد بە تایبەتی بوون.

لە خۆرهەڵاتی کوردستان ئەوەی زۆر گەشەی کرد و بووە ژمارە لە مەیدانی سیاسی کوردستان، بریتی بوو لە (کۆمەڵە)-کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕووداوەکانی ساڵی (1979-1980) لە خۆرهەڵاتی کوردستان نەک هەر کاریگەریی لە سەر دروست بوون و چەکەرەکردنی چەپ هەبوو، بەڵکوو لە پاڵ ئەمانەدا، پیاوانی ئایینی، مەلا و شێخەکانیش هەوڵی خۆ ڕێکخستن و دروستکردنی پارت و جەرەیانی جۆراوجۆریان دا، لە نموونەی (سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامیی کوردستانی ئێران لە 1980دا[8])، مەکتەبی قورئان و... هتد.

8. بۆ زانیاریی لە سەر سازمان و چۆنێتیی دروستبوونی بڕوانە: ڕابەر سیوەیلی و ژیلوان هەڵەدنی، سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامیی کوردستانی ئێران (1980-1987)، چاپی یەکەم، سلێمانی، (2018).

ڕووداوەکان ئاڵـۆز و تێکچـڕژاون، دەیان نهێنیی گـەورە و شـتی سـەیر و دەگمەن لـە ناویاندا خۆی حەشـارداوە، مێژوونـووس و توێـژەر زۆر ورد نەبێـت و دەیـان سـەرچاوەی لـە سـەر ئەم پرسـە نەخوێندبێتـەوە تووشـی هەڵـەی گەورەی زانسـتی دەبێـت، مێژووش دەشـێوێت و ڕاسـتی ون دەبێت، کاری مێژوونووسـیش دەرخسـتنی ڕاسـتییەکان و تۆمارکردنیانـە، بـۆ نـەوەی داهاتـوو، تاوەکوو پەند و وانــەی لێ وەربگـرن و هەڵە و کەموکورتییەکانی دووبارە نەکەنەوە.

بەشـێکی گرینگـی کەرەسـتە و ئامرازەکانـی بەردەستی توێژەر و مێژوونووس بۆ نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخ، بە گشتی بریتییە لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کارەکتەرە سەرەکییەکانی نێو ڕووداوەکان و شاهیدەکانی، کە لە زانستی مێژوودا پێی دەگوترێت: (مێـژووی زارەکـی/ تاریخـی شـفاهی) و لـە ڕووی گرینگـی و بایەخەوە، هیچی لە دۆکیۆمێنت، کتێب و نووسراو کەمتر نییە، چونکە ئەوەی دواجار دەتوانێت گوزارشت لە دەربڕینی چۆنێتیی ڕووداوەکان بکات؛ بریتییـە لە کاراکتـەرەکان و بکەرەکانی ڕووداوەکە، نـەک کەرەسـتەی نووسـراو و دۆکیۆمێنت، ئەمەش

بـە مانای کەمکردنـەوەی بایەخـی دۆکیۆمێنت نییە، بەڵکـوو پاڵپشـت و یاریـدەدەری دۆکیۆمێنتـە، کـە ئەویش دواجار دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بارودۆخی سیاسی، کەسی و ئایدۆلۆژی، بۆ دەرخستنی ڕاستییە مێژووییـیـەکان و نهێنییەکانـی کۆمەڵێـک ڕووداوی چارەنووسساز و کاریگەر، پێویستە و دەبێت توێژەر، مێژوونـووس و نووسـەر؛ تەنانەت خوێنەریش پەنا بەرێتـە بـەر ئـەم جـۆرە لە نووسـینی مێـژوو، هەر بۆیـە جێگـەی خۆیەتـی کوردیـش وەکـوو هەمـوو نەتەوەکانـی دونیـا، بایەخێکـی زۆر بداتـە مێژووی زارەکی و تۆمارکردنی، تاوەکوو کەسـایەتییەکان لە ژیـان دا ماون و زیندوون و بیرەوەریی لە بیرمانی ڕووداوەکانیان هەیە، قسـەکانیان تۆمار بکرێت. ئەم جـۆرە لە نووسـینی مێـژوو، هەر چەنـدە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بۆچوونە کەسی و ئایدۆلۆژییەکان، بەڵام زۆر گرینگە بۆ توێژەرانی مێژوو.

ئـەوەی لـەم نووسـینەدا دەیخوێننـەوە تۆمـاری گوتـەی یەکێکـە لـە سـەرکردە و کەسـایەتییەکانی نێو مێـژووی هاوچەرخـی خۆرهەڵاتی کوردسـتان بە گشـتی و بیری چەپ لـەو پارچەیەیە بە تایبەتی. (ئیبراهیمـی عەلیزادە)یـان (سـەید برایـم) بـە وتەی

سیاسـییەکانی خۆرهەڵات، ناوێکی ناسراو و دیاری خۆرهەڵاتـی کوردسـتان و جەرەیانـی کۆمەڵەیـە، لـە پشـت چاویلکـە بچووکەکەیـەوە دەیـان نهێنی و گێڕانـەوەی ڕووداوی جۆراوجـۆری نێو سـازمانی کۆمەڵـە و حیزبـی کۆمۆنیسـت و دانووسـتانەکانی (1979) و شەڕی ناوخۆییی کۆمەڵە و دیموکرات و گۆڕانکارییەکانی ناو کۆنگرە یەک لە دوای یەکەکانی کۆمەڵە و لێکترازانـە ناوخۆییەکانی و هۆکارەکانی ئـەو لیکترازانانـە و دەیان نهێنیـی جۆراوجۆری تر، خـۆی حەشـارداوە. ناوبراو بەوە لە سیاسـییەکانی تـری پارتـەکان جیادەکرێتـەوە، کـە بـە وردی و بە سەرنجەوە و بە ڕاشکاوی و بە بڕوایەکی قووڵەوە بە کۆمۆنیست و ئاسۆی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە سەر دەستی سۆسیالیستەکان و چینی پڕۆلیتاریا لە چنگی سەرمایەدارەکان دەڕوانێت.

ئیبراهیم عەلیزادە، لە تەمەنێکی کەمەوە دەسـتی داوەتەوە سیاسەتکردن و دەتوانین بڵێین هەگبەکەی پـڕە لـە ڕووداوی مێژوویـی، سـادە، لەسـەرخۆ و ورد، پـڕە لـە جوانـی. هەمیشـە جلێکـی کوردیی پێشـمەرگانەی لەبەردایـە، وا هەسـت دەکەیـت لـە تەک شـاخێک لە ورە، هیوا و ئیرادە دانیشـتوویت،

ئـەو ئەتەکێتـە کۆمەڵایەتییـە پـڕ لە ڕێز، نـەوازش، میوانـداری و مێرخاسـییەی خۆرهەڵاتـی هێناوە و تێکەڵـی بیری چەپی کـردوە، بڕواناکەم کەس هەبێ لـە حـزوری ئـەم پیاوە پیـر و باڵا مـام ناوەندییەدا دابنیشـێت و هەست بەمانە نەکات، تەماشاکردنێکی ئەو سەرنجی تۆ بۆ نیو سەدە لە خەبات و تێکۆشانی بێ وچان دەبات!!.

کتێبخانەیەکی گەورەی لە پەرتووکی جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری و یاداشتی سەرکردەکان لە پشت سـەرییەوە هەڵچنراوە، زوو زوو بە زمانی جەسـتە پێـت دەڵێـت: «مرۆڤـی چـەپ دەبێـت بخوێنێتەوە و شـارەزای گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتییەکانـی دونیـا و سیاسەتی جیهانی بێت»...!!

**لە کۆتاییدا سەرنجی خوێنەری ئازیز بۆ دوو خاڵ ڕادەکێشین:**

**یەکـەم**: چاوپێکەوتنەکـە لـە سـێ کاتی جیـاوازدا ئەنجـام دراوە و تۆمارکـراوە، لەبەر ئـەوە لەوانەیە هەندێک پرسیار و وەڵامی دووبارە ببنەوە.

**دووەم**: هەوڵمانداوە وەکوو خۆی و بە بێ دەستکاری کردنی زمانی قسەکردنەکە دایبڕێژینەوە، چونکە هەم لـە ڕووی زمان و تێگەییشـتنەوە گرفتی درووسـت

نەکردوە، بە زمانێکی سادەی خۆرهەڵاتییانە دەدوێ، تەنها کەمێک زاراوەی فارسی و عەرەبی بە کار دەهێنێت، کە پێمان وایە بەربڵاون و تێگەییشتنیان قورس نییە و جێگە و ڕێگەی خۆیان لە قسەکردن، چاوپێکەوتن، لێدوانی زۆربەی کەسە سیاسی و سەرکردەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان گرتوە، هەمیش دەتوانین بڵێین ئەم چاوپێکەوتنە بۆ مێژوو تۆمارکراوە و مەبەستی ڕۆژنامەوانییانەی لە پشت نییە، تاوەکوو پێویست بکات بە زمانی گشتی ڕۆژنامەکە دابڕێژرێتەوە، دوای ئەوەی شارەزایەکی بواری زمان و ڕێنووسی کوردی پێداچوونەوەی بۆ کردوە، هەوڵدراوە بەشێکی زۆری ئەو گرفتانەی لە بواری زمانەوانیدا بوونی هەیە چاکبکرێت.

ئێمە زیاتر لە سەری ناڕۆین، ناوەڕۆکی چاوپێکەوتنەکەی مامۆستا ئیبراهیم جێ دەهێڵین بۆ خوێنەران و توێژەرانی مێژوو، تا دادوەری لە سەر بکەن، بەو هیوایەین توانیبێتمان بە پرسیارەکان و دارشتنیان خزمەتێکی بچووکی مێژووی چەپ و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بکەین، لە کۆتاییدا، دەڵێین ئەم نووسینەش وەکوو هەموو کارێکی تری مرۆڤ بە بێ هەڵە و کەموکورتی نابێت،

بـەڵام هەمـوو چاوپێکەوتـن و تۆمارێکـی مێژووی، ئەگـەر کەموکورتییەکانی زۆر زەق و بە ئەنقەسـت نەبن بە دڵنیاییەوە بایەخی تایبەتی خۆیان دەبێت.

**ژیلوان هەڵەدنی**

**سلێمانی** (2024)

# چاوپێکەوتن
# لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە

*** بیری چەپ چۆن لە خۆرهەڵاتی کوردستان سەریهەڵدا؟ یان ئەگەر پرسیارەکەت بەو شێوازە لێ بکەم؛ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بیری چەپ لە خۆرهەڵاتی کوردستان چی بوون؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بیری چەپی ڕادیکاڵ لە خۆرهەڵاتی کوردستان، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە ژێر کاریگەریی دوو ڕەوتدا سەری هەڵداوە: ڕەوتێکیان کۆمەڵایەتی بوو، بریتیی بوو لەو گۆڕانکارییانەی، کە لەخودی کۆمەڵگای ئێران دا پێکهاتبوو، کوردستانیشی گرتبووەوە. سیستەمی دەرەبەگایەتی یان فیودالی دوایین هەناسەکانی دەکێشا و بە تایبەت ئەو ڕیفۆرمانەی، کە محەمەد ڕەزا شا کردی؛ لە سەرووی هەموویانەوە دابەشکردنی زەوی لە نێوان جووتیاراندا، کە سیمای دێهاتی کوردستان بە تایبەتی و هەموو کۆمەڵگای کوردستانی بە شار و دێیەوە بە گشتی گۆڕی، لە ماوەی (10) ساڵدا لە (1965–1975) دانیشتوانی ئێران، کە پێشتر (70%)ی لە دێهات نیشتەجێ بوون و لە (30%)ی لە شار، پێچەوانە بووەوە، (30%)ی لە دێهات مایەوە و (70%)ی هاتە شارەکان، ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە گەورەیە چۆن ڕوویدا؟ ئەو جەماوەرە زۆرە چۆن لە دێهات هەڵکەنران و ڕوویان کردە شارەکان؟ ئەوەش پێوەندیی هەبوو

بـە یاسـای دابەشـکردنی زەوی لـە نێـو جوتیاراندا، چونکە بە پێی ئەو یاسایە خۆش نشینانی دێهات، کە نزیکـەی (40%) دانیشـتوانی دێهاتیان پێک دەهێنا و لە ژێر سیستمی دەرەبەگایەتیدا بوون خاوەنی پارچە زەوییەک نەبوون، بە پێی یاسایەک، کە دانرا، زەوییان پێ نەبڕا، ئەوە (40%)، بەشـێکیان وەک ڕەنجبەر و کرێـکار لای کۆنـە دەرەبەگـەکان، کە بەشـی خۆیان زەوییان بۆ مابووەوە و بە شێوەی نیوە مێکانیزەش بـە کاریان دەهێنا یان لای جووتیارە دەوڵەمەندەکان مانەوە و بوون بە کرێکاری لادێ، بەشـی زۆرتریان ڕوویـان کـردە شـارەکان، وردە وردە بـە شـێک لـە جووتیارانی هەژاریش، کە بە بەرهەمی زەیویەکانیان بهڕرێـوە دەچـوون ئەوانیش زەوییەکانیان فرۆشـت بـە ئاغـاکان و دەوڵەمەندەکانـی دێ و ڕوویان کردە شارەکان.

ئیتر بەم جۆرە شـارەکان تەقینەوە. لە ماوەیەکی زۆر کەم دا، وای لێ هات لە دەوروبەری شارەکانی کوردستان، گەڕەکی وەکوو «جەوراوا»، «مەجبوور ئاوا»، «حەسیراوا»، «لایلۆن ئاوا» و گەلێک «ئاوا»ی تـری لـەو چەشـنە لـە هەموو شـارەکان درووسـت بوون. لە لایەکی ترەوە بە پێی یاسای دابەش کردنی

زەوی، زەوییەکان بە ئیجارەی (11) ساڵە درا بوون بـە جووتیـاران و پارەی ئـەو ئیجارەیـەش دەدرا بە دەرەبەگەکانـی پێشـوو، لـە هەمان کاتـدا، ئاغاکانیش هانـدران، کـە زەمینەکانیـان میکانیـزە بکـەن، زەویی بەیـار دیـاری بکـەن و ئامێـری مۆدێرنی کشـتوکاڵ بە کار بهێنن، هەروەها بەشـێک لە پارەکانیشـیان لە بەرهەمهێنانی پیشەسـازیدا سـەرمایەگوزاری بکەن، بۆ ئەو مەبەستە سەهمی کارخانە دەوڵەتییەکانیان پێ دەفرۆشرا. ئەو گۆڕانکارییە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی، کە داهاتی نەوتیش زیاد دەکات و سەرمایەی دەرەکیش ڕوودەکاتـە ئێران، سـەرمایەی دەرەکـی بۆچی ڕوو دەکاتـە ئێـران؟ لەبەر ئەوەی سـەرمایەی دەرەکی لە وڵاتە پێشـکەوتوە پیشەسـازییەکانەوە پێویستیان بە مادەی خاو و بە هێزی کاری هەرزان بوو، کار چۆن هـەرزان دەبـێ، کاتێک وەکوو هەموو کاڵایەکی تر لە بازاڕدا زۆر بێ، بە کورتی بڵێم پێویستی دابینبوونی کاری هـەرزان بـۆ سـەرمایەی دەرەکـی و گۆڕانـی سـیمای شـارەکانی ئێـران، لەگـەڵ خۆیـدا کۆمەڵێک دیاردەی تریشـی بە دوادا هات. بۆ نموونە زانکۆکان پەرەیـان سـەند، ئاسـتی خوێندەواری چووە پێشـێ، قوتابخانـە و خوێندنگا زۆر بوو، ئەمانە هەموو وەها

بەستێنێکی کۆمەڵایەتییان خوڵقاند، کە تیایدا حیزبی سیاسی و ڕەوتی سیاسیی پێشوو وەڵامدەرەوەی نەبوو، ئەم کۆمەڵگایە بابەتی تازەی دەویست. ئەگەر ئەم گۆڕانکارییانە، بە نیسبەت هەموو ئێران، تا ڕادەیەک تازە بووبێتن، بە نیسبەت کوردستان تازەتریش بوو، ئەگەر ڕەوتی گەشەکردنی سیستمی سەرمایەداری لە ئێران پێشتر دەستی پێکردبوو، لە کوردستان ئەم دیاردەیە هەر زۆر تازە بوو، بۆ ئەو خەڵکەی لە دێهاتەوە ڕوویان کردبووە شارەکان، بە ڕادەی پێویست کار نەبوو. هەر بۆیە بەشێکی زۆریان بە ناچاریی ڕوویان کردە شارەکانی تری ئێران، بۆ کورەخانەکان و شوێنەکانی تری کار بۆ کارکردن، دەچوون چەند مانگ کاریان دەکرد و دەگەڕانەوە، دەتوانم بە کورتیی بڵێم؛ ئەمە زەمینە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ڕەوتی چەپ لە ڕیشەی کۆمەڵایەتی لە کوردستان و لە ئێراندا بوو.

خۆم شاهیدم لە شاری مەهاباد دەیان هەزار کەس لە خەڵکی دێهات دەهاتنە سەر شەقام و بۆ پشتیوانی لەو ڕیفۆرمە خۆپیشاندانیان دەکرد، ڕیفۆرمەکانی شا تەنیا بۆ جوتیاران نەبوو، ژنانیش تا ڕادەیەک لێی بەهرەمەند بوون، یاسای ڕێکخستنی بنەماڵە تا

ڕادەیەکی دیاریکراو بە قازانجی ژنان گۆڕدرا. کۆمەڵگا وای لێ هاتبوو، ئەو ڕیفۆرمانەی، کە شا ئەنجامیدا بە هیچ جۆرێک تێری نەدەکرد، بەردەوام پێشبینیی دەچوە سەرێ. دواجار دیتمان شا خۆشی بوو بە قوربانیی ئەو ڕیفۆرمانە، ئەو خەڵکە زۆرەی، کە لە دێهات هیچیان لە ڕیفۆرمەکان دەست نەکەوتبوو، بە هەزار ئاوات و ئارەزووەوە هاتبوون، لە قەراغ شارەکان نیشتەجێ ببوون، بەڵکوو کارێکیان دەست بکەوێت، کارەبا و خزمەتگوزاریی تری شارییان هەبێت، منداڵەکانی بچنە قوتابخانە، ئەوانەیان بۆ دابین نەدەبوو، لە ئەنجام دا نارەزایەتییەکی کۆمەڵایەتیی نوێ سەریهەڵدا، ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانە حیزبی تازە و بیر و بۆچونی تازەبابەتی دەویست، تاکوو ئەو کاتە لە کوردستانی ئێران، هەر چی بیروبۆچوونی خەباتکارانە هەبوو هەمووی لە ژێر کاریگەریی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بوو، حیزبی دیموکرات نەیدەتوانی وەڵامدەرەوەی ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە نوێیانە بێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە واقیعییەتێکی تریش بکرێت، چەپی کوردستان و ئێران بەگشتی، لە هەمان کاتدا لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی چەپی دنیاشدا

بوو. حیزبی کۆمۆنیستی چین و حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت لە یەکتر دوور کەوتبوونەوە و دژایەتیی یەکتریان دەکرد. لە ئەمریکای لاتینیش ڕەوتێکی تازەی چەپ سەریهەڵدابوو، کە شۆڕشی کوبای لێ کەوتەوە، ئەم سێ ڕەوتە، کاردانەوەیان لە سەر مێژووی چەپ لە هەموو دنیا، بە تایبەت لە ناو جیلی ڕووناکبیر و خوێندەواری وڵاتاندا زۆر بوو، جیاوازیی نێوان ئەو جەمسەر جیهانییانە، چەپی ئێرانیشی تووشی دابڕان و شڵەژان کرد، گرووپە چەپەکان بە ئاڕاستەی ئەو سێ ڕەوتەدا دابەش بوون.

*** حیزبی توودە لە چلەکانەوە خەریکی خەبات بوو، فیکری چەپی هەبوو یان حیزبی توودە هیچ کاریگەریی نەبوو لە سەر بە دەستەوە گرتنی ئەو نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییانە؟ یان هیچ کاریگەریی نەبوو، کە فیکری چەپ لە خۆرهەڵاتی کوردستان گەشەبکات لەو قۆناغەدا؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** حیزبی تودە لە سەرەتاوە، کە پێکهات هەوڵیدا ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە ڕێک بکاتەوە، بەڵام نەک لە کوردستان، بەڵکوو لە ئاستی تاران و شارەگەورەکانی ئێراندا، هەندێک هەوڵی سەرەتایی بۆ پێکهێنانی سەندیکا کرێکارییەکان درا، لە هەندێک شوێنیش بە پارێزەوە چوونە ناو

کێشـەی دەرەبەگایەتییـەوە، بـەڵام پێش ئـەوەی لەم بوارانەدا کارێکی جدی بکەن، وەکوو زۆربەی حیزبە شـیوعییەکانی ئـەو کاتـی جیهان، تووشـی پەتایەکی ستراتژیی کوشندە بوون، ئەویش سەر سپاردن بەو بۆچـوون و تەنانـەت ئـەو فەرمانانەی لە مۆسـکۆوە دەهاتن. ئەوان دەیانگوت ناوەندی شۆڕشی کرێکاری لـە جیهانـدا، یەکێتیـی سـۆڤییەتە، حیزبـی تـوودە و هەموو چەپەکانی دونیا لە پێشینەیی دەبێ ئەوە بێت، کـە ئـەو ناوەندە بپارێـزن، بەڵام ئەو لە پێشـینەیییە هەمیشـە لەگەڵ پێویسـتییەکانی کۆمەڵگاکەی خۆیان یەکـی نەدەگرتەوە، هـەر بۆیە لـە بەرژەوەندییەکانی خەڵکـی وڵاتەکانی خۆیـان دوور دەکەوتنەوە. ئەوان بۆ هەر پرسیارێک، بۆ هەر بۆچوونێک چاویان لەوە بوو، بزانن لە مۆسـکۆ دەڵێن چی؟ مۆسـکۆش، نەک هەر حیزبی تودە و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە ئێران، بەڵکـوو هەمـوو حیزبەکانی کۆمۆنیسـتی لـە دونیادا خسـتبووە ژێـر ڕکێفـی بەرژەوەندیی دیپلۆماسـی و سیاسەتی دەرەوەی خۆی.

* **بەو واتایەی کوێرانە شوێن یەکێتیی سۆڤیەت کەوتبوون؟**

**ئیبراهیـم عەلیزادە:** بەڵێ، نـەک ئەوان هەموو حیزبە پڕۆ سـۆڤیەتییەکان، دوای ئـەوان کەوتبوون و ئەوە

ڕێگەی نەدەدا، کە ئەو حیزبانە هەموو زەرفیەتە کۆمەڵایەتییەکان لە پێناوی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵ و تەنانەت بەهێزبوونی حیزبەکەی خۆشیان بە کار بێنن. وردە وردە هەژموونیان کەم بووەوە، بۆیە حیزبی تودە لەگەڵ ئەوەشدا، لە سەرەتاوە بە تایبەت لە سەردەمی جەنگی دوەمی جیهانی، بۆشاییی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران هەبوو، بەشێک لە ئێران سووپای سۆڤیەت، ئەمریکا و بەریتانیا گرتبوویان، ڕەزا شایان لە ئێران دەرکردبوو، کوڕەکەیان لە جێگە دانابوو، بەڵام دەسەڵاتەکەی کارتۆنی بوو، سەفارەتخانەکان بڕیاردەر بوون. لەو بۆشاییە سیاسییەدا بوو، کە حیزبی تودەش گەشەی کرد، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خۆیان دەبوو وەڵامی ئەو پێویستییە تازانە بدەنەوە، کە کۆمەڵی ئێران دەیویست، هەر بۆیە کاتێک لە ساڵی (1953) محەمەد ڕەزا شا لە ژێر فشاری جەماوەردا ئێرانی بە جێهێشت و دواجار بە کودەتا گەڕایەوە، حیزبی تودە بەرگریی نەکرد، تەنیا کارێک، کە کردی بەشێک لە کادیرەکانی دەرباز کرد و ڕۆیشتن بۆ سۆڤیەت و ئەورووپا، بەشێکی زۆریشیان بە تایبەت ئەوانەی لە ڕیزەکانی سوپادا بوون گیران و لە سێدارە دران.

لـه کوردستانیشـدا، له سـەرەتاوە هەوڵیـان دا له ڕێگـەی حیزبـی دیموکراتـەوە کار بکەن، له سـاڵانی (1955) بـەولاوە، لـه ڕێگـەی چەنـد کادیرێکیان، کە لـه نـاو حیزبـی دیموکـرات هەوڵیانـداوە له نـاو ئەو حیزبـەدا لایەنگـر پەیـدا بکەن، بەڵام ئـەو هەوڵانەش گواسترایەوە بۆ دەرەوەی وڵات، چونکە تازە حیزبی توده، ئێرانی بە جێهێشـتبوو، سـەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتیش دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و له سێدارەدانی قازی محەمەد و هاوڕێیانی؛ یان ڕوویان کردە دەرەوەی وڵات یان کەوتنە زیندان، دواجار ئەو کێشـانە له ناو حیزبـی دیموکرات له دەرەوەی وڵات ڕەنگی دایەوە و کێشەی نێوان تودەییەکان و غەیرە تودەییـیـەکان له نـاو حیزبی دیموکراتـدا، بەڵام ئیدی ئەوە کێشـەی ناوخۆی حیزبی تاراوگەیە و پێوەندیی بە کێشەکانی ناو کۆمەڵگاوە نییە.

*** له شەستەکان، حیزبی تووده تووشی ئینشیعاب (لێکترازان) دەبێ، گرووپێکی لێ جیابووەوە بە نـاوی (انقلابی)، گرووپێکیان دێنـە دیـوی عێراق و باشـووری کوردسـتان و کاریگەرییان له سـەر دروسـت بوونـی (کۆمەڵـە) هەبوو، ئایا هیچ کاریگەرییان له سـەر دروسـتکردنی کۆمەڵە هەبوو له ئێران؟ یانی هیچ کاریگەر نەبوون بە فیکری ئەوانە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەم لێکترازانەی لە ناو حیزبی تـوودە ڕوویدا، لە ژێـر کاریگەریی دابڕانێک بوو لە نێوان حیزبی کۆمۆنیستیی چین و یەکێتیی سۆڤیەت، ئەم گرووپە بەرەو لایەنگریی لە حیزبی کۆمۆنیستی چین چوون، ناویان (سـازمانی انقلابی حیزبی تودە) بـوو، لـەو سـاڵانەدا کۆمۆنیستەکانی پڕۆچیـن لـە هەموو دنیادا زۆر بەهێز بوون و دەتوانم بڵێم چەپی ئەورووپا نزیکەی (80%)ی لە ژێر کاریگەریی ئەواندا بـوو، هەر بۆیە (سـازمانی انقلابی حزبی تودە)ش لە دەرەوەی وڵات زۆر پەرەی سەندبوو، ڕێکخراوێکیان دروسـتکرد بە ناوی «کونفیدراسـیۆنی خوێندکارانی ئێرانـی لـە دەرەوەی وڵات»، کـە لـە سەرتاسـەری دونیـا چالاکیـی هەبـوو، دەیتوانـی خۆپیشـاندانی هەزاران کەسی لە ئەمریکا و لە شارەکانی ئەورووپا ڕێکبخات. بەشێک لە کادیرەکانی (سازمانی ئینقلابی) هەوڵیانـدا بێنەوە ئێـران و کاری نهێنی بکەن، یەکێک لـە ڕێگەکانـی گەڕانەوەیـان بـۆ ئێـران، کوردسـتانی عێراق بوو، چونکە ئەو کاتەش لە کوردستانی عێراق جووڵەیەکـی بـە هێزی چەکداری و بەرگری لە ئارادا بـوو، پێوەندییـان لەگـەڵ مـام جـەلال و هاوڕێیانیـدا گـرت، وا بزانـم دەوڵەتـی عێراقیـش بـە هـۆی ئـەو

کێشەیەی لەگەڵ شادا هەیبوو ئاسانکاریی بۆ کردن، ئەوان هاتن بۆ کوردستان و لە بەکرەجۆ بنکەیەکیان بۆ کردنەوە، وەک فێرگەیەک بۆ پەروەردەکردنی کادر لە ناو ئەو کوردە ئێرانییانەی، کە هاتبوونە کوردستانی عێراق بە کاریان دەهێنا، کە ئەوە هاوکات بوو لەگەڵ کێشەی ناو پارتی (دەفتەری سیاسی و باڵی بارزانی)، کە باڵی مەکتەبی سیاسی جیابوونەوە.

ئێمە هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵ (سازمانی ئینقلابی) لە کوردستانی عیراق نەبوو، بەڵام لە ڕێی کوردستانی عێراقەوە نووسراوە و بڵاوکراوەیان بە دەستمان دەگەییشت. ئەو کات هەستمان دەکرد زۆر لە یەک نزیکین، ئێمە و ئەوان لامان وا بوو، کە شۆڕشی ئێران، بە خەباتی چەکداری لە دێهاتەوە دەست پێدەکات و دێتەوە بەرەو شارەکان، شارەکانیش لە ڕێگەی دێهاتەوە ئازاد دەکرێن، ئەوە هەمان ستراتیژی شۆڕشی چین بوو، ئێمە هەر دوولامان وا مان بیر دەکردەوە، کە هێشتا دەرەبەگایەتی و فیوداڵیزم لە ئێران ماوە و دژایەتی لە گەڵ ئەو سیستمە دەتوانێ هێزی خەڵکی دێهات کۆ بکاتەوە، دەمانگوت ئێمە، کە حیزبەکەمان

لە شـار پێکهاتوە، دەبێت چالاکییەکانمان بگوازینەوە بۆ دێهات و لە دێهات بە بەسـیج خەڵک بگەڕێنینەوە بۆ شـارەکان و شـار ئـازاد بکەین، ئەوانیـش وا یان بیردەکردەوە، ئەوان بە خۆیان دەگوت (ماوی)، بەڵام ئێمـە بـە خۆمـان نەدەگـوت (مـاوی)؛ لەگـەڵ ئەوەی نزیکبوویـن لـەو فیکرەیـە، بـەڵام خۆمـان وا پێناسـە نەدەکرد، مەبەسـتم ئەوەیە، کە کاریگەرییان لە سـەر ئێمـە، تەنهـا لـە ڕێگـەی ناملیکەکانیانەوە بـوو، دوەم شت لە سەر بابەتی حیزب بوو، هەر دووکمان، یانی هەم ئێمە و هەم ئەوان پێمان وا بوو پێویستە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێکبێت.

* **واتـە هـەر ئـەو کاتـە بیرتـان لـەوە کردەوە، کـە (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) درووست بکەن؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** بەڵێ هەر لـە یەکەم ناملیکەکانی پێکهاتنـی کۆمەڵـەدا، ئەو ئامانجە بـە ڕوونیی دیاري کـراوە. نووسـراوەیەکی ئـەو کات هەیە، کە لە سـەر نسـکۆی ساڵی (1975)ی خەباتی کوردستانی عیراق نووسـراوە، کە ئاخر پەرەگرافی کراوە بە مانشێت و لـە زۆربـەی مقەڕەکانی ئێمە دانـراوە، کە کاک فوئاد نووسـیویەتی. مانشـێتەکە ئەوەیە: «ئەو ڕۆژەی، کە خۆری حیزبی کۆمونیستی ئێران لە ئاسۆ دەردەکەوێ،

ئەو ڕۆژە ڕۆژی توانەوەی بەستەڵەکەکانی ستەمە، هاوڕێیان با ڕۆژ بجوڵێنین»...!!

*** ئەی مامۆستا گیان، لەو ماوەیەدا و لە ساڵی (1969) ئێوە وەک لە نووسراوەکانی خۆتاندا هەیە، هەوڵی دروستکردنی ڕێکخستن دەدەن، ئەوە چۆن بوو؟ چۆن پێکهات؟ تەنانەت ناوی جیاواز جیاواز هەیە لە سەر دەستەی دامەزرێنەران؟ پێمان خۆشە بۆمان ڕوون بکەیتەوە؟ ئەگەر بکرێت ساڵ و ڕۆژەکەشی دیاری بکەیت؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لە سەر ڕۆژ و مانگەکەی زانیاریی وردم لا نییە، ئەوەی ئاشکرایە، لە پاییزی ساڵی (1969) و لە تاران بووە، زۆربەی دامەزرێنەرانی لە خوێندکارانی زانکۆ بوون. ئەوەش تاکوو ڕادەیەکی زۆر ئاسایی بوو، خوێندکارانێک، کە لە شارە بچووکانەوە ڕوو دەکەنە تاران، بە شێوەیەکی ئاسایی بە هۆی هاو وڵایەتی بوون، هاوزمان بوون، پێوەندیی نزیکتریان لەگەڵ یەک دەبێت، بۆ ناوچەکانی تری ئێرانیش هەر وا بوو، بۆ گەیلانییەکان، خۆزستانییەکان، ئازەرییەکان و ئەوانی تریش هەر وا بوو. دەمەوێت ئەوە بڵێم، ئەو نزیکایەتییە ڕیشەی لە کوردایەتیی سیاسی دا نەبوو، چونکە هاوڕێیانمان هەر لە سەرەتاوە بیرۆکەی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستییان هەبوو، قسە

و باسەکانیان، کە لە ئاکامیدا کۆمەڵەی لێ لەدایکبوو، ئـەو توێژینەوانـە بـوون، کە لە ئاسـتی دنیـادا لە ناو بزووتنەوەی چەپ لە گۆڕێدا بوون.

باسـی کێشـەی نێـوان سـۆڤیەت و چیـن، ڕێبازی شۆڕشـگێڕانی کوبـا و ئەمریکای لاتین و کێشـەکانی تـری کۆمۆنیـزم و توێژینەوەکانی تـر، لە ئاکامی ئەو قسـەو باسـانەدایە، کـە بـەوە دەگـەن، کـە پێویسـتە بـە شـێوەی ڕێکخـراو کار بکـەن. ئەوە تەنیـا ئێمەش نەبووین، بەڵکوو هەموو چەپەکانی ئێران، بە نزیکەیی هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان و چەپی ئێران، جگە لە حیزبی تودە، کە کۆنتر بوو، هەمووی لەو سەردەمەدا پێکهاتـن. گرینگتریـن باسـەکان لـە دەوروبـەری سـتراتیژی شۆڕشـی ئێـران دەهـات و دەچـوو، واتە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەی کە ڕێگـەی بە سـەرکەوتن گەیاندنـی ئەو شۆڕشـە کامەیە؟ ڕێکخـراوی (چریکە فیدائییـەکان)، کـە هەر لەو سـاڵانەدا پێکهاتن، ڕێبازی خەباتـی چەکداریـی پارتیزانیـان گرتەبـەر، ڕێبـازی کۆمەڵە کاری سیاسـیی ڕێکخـراو لە ناو کرێکاران لە شـار و خەڵکـی زەحمەتکێش لە دێهـات دیاریکرابوو. لـە کۆتاییدا، خەباتـی چەکداریی جەماوەری لە دێهات و ڕزگار کردنـی شـارەکان. هـەر وەکـوو باسـم کرد ئەلگۆی شۆڕشی (چین)مان لە بەرچاو بوو.

*** ئەمە لە ساڵی (1969-1970) بوو؟ ناوەکانی دەستەی دامەزرێنەر کامانەن؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بەڵێ هەمووی لەو سەردەمەدا، لە ساڵانی (1967–1968) پێکدێن، ئەو کەسانەی، کە دەتوانین وەکوو دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵە ناویان بەرین ئەمانەن: فوئاد مستەفا سوڵتانی، حەمە حوسێن کەریمی، عەبدوڵڵای موهتەدی، سدیق کەمانگەر، ساعید وەتەندۆست، موسلیح شێخولئیسلامی، فاتیح شێخولئیسلامی، شوعەیب زەکەریایی، یەدیٚ بیگلەری، ئیرەج فەرزاد و حوسێن مورادبەیگی، هەڵبەت دیارە هەموویان بە قەدەر یەک ڕۆڵیان نەبووە و کاک فوئاد ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە کۆکردنەوەیان، کەسانێکیشیان هەر زۆر زوو لە جووڵانەوەکە دادەبڕێن، کە ئەوەش لە مێژووی سەرەتای پێکهاتنی کۆمەڵەدا جێگەی مشتومڕێکی زۆرە.

*** بەس لەو ماوەیەدا، (1969-1979) ئێوە ئاگاداری ڕووداوەکانی تری خۆرهەڵاتی کوردستان بوون؟ حیزبی دیموکرات لە شاری بەغداد خۆی ڕێکدەخاتەوە و قاسملوو دەبێتە سکرتێر، ئایا هیچ پێوەندییەکتان هەبوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئێمە هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵ ئەوان نەبوو، بەڵام لە کوردستان لەگەڵ ئەو

دیموکراتانـەی کـە گەڕابوونـەوە بۆ ئێـران و یان لە زینـدان ئـازاد ببوون یـان لێبووردنیـان وەرگرتبوو، وەک کەسایەتی لە ناو کۆمەڵگەدا دەژیان پێوەندیمان هەبـوو، بـەڵام وەکـوو حیـزب نەخێـر، هەروەهـا لـە تـاران هاوڕێیانـی ئێمـە لـە گـەڵ کەسـانێک، کـە لـە ڕێبازی حیزبی دیموکرات نزیک بوون یان لایەنگری بزووتنـەوەی کوردسـتانی عێراق بوون، کە سـاڵانی دواتـر ژمارەکیـان پێـی پەیوەسـت بـوون، پێوەندیی ئاسـاییان هەبـوو، بـەڵام نەچووە ئاسـتی پێوەندیی حیزبایەتییەوە.

*** لە ماوەی کۆتاییی حەفتاکاندا، ئێوە لە سـەردەمی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران چ ڕۆڵێکتـان هەبـوو؟ حیزبـی دیموکـرات دەڵێـت: «بەشداریی شۆڕشیان کردوە لە ڕێگەی ڕێکخستن و لایەنگرانیان»؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** واقیعییـەت ئەوەیـە، شۆڕشـی (1979) لە ئێران بە ئیرادەی هیچ حیزبێکی سیاسـی لـە ئێـران ڕوویـنـەدا، بەڵکـوو بارودۆخێکـی بابەتـی پێکهاتبـوو، ڕژێـم تووشـی قەیرانێکی سیاسـی ببوو، شـپرزە بـوو، بـڕوای بـە خـۆی لـە دەسـت دابـوو، هـاوکات قەیرانێکـی کۆمەڵایەتـی سـەریهەڵدا بـوو، خەڵکـی ناڕازی بوو، ئەو دەسـەڵاتەیان نەدەویسـت، حیزبە سیاسـییەکانی ئۆپۆزسـیۆنی شا، خومەینی و

ئیسـلامییەکانیش هاتنە ناو جەرگەی ئەم کێشـانەوە، لـەو نێوەنـدەدا، ئیسـلامییەکان بەهێزتـر بـوون لـە چـاو هێزەکانـی تـر، ڕێکخراوتـر بـوون، پێکهاتـەی مەزهەبـی شـیعە ئـەو توانایـەی پێدابـوون، کـە بـە کـردەوە وەکـوو حیزبێـک هەڵسـوکەوت بکـەن. لـە سەردەمی حوکوومەتی قاجارەکاندا، وەکوو دەوڵەت لـە نـاو دەوڵەت دا بـوون، دادگا نەبوو، کێشـەی ناو خەڵـک لـە ڕێگەی ئەوانەوە چارەسـەر دەکـرا، ناوی منداڵان لە پشتی قورئان و یان گوڵستان و بوستانی سـەعدی و دیوانـی حافـز، کـە لە زۆربـەی ماڵەکاندا هەبـوو، لـە لایـەن ئەوانـەوە تۆمار دەکـرا. پارەیەک، کـە مەرجەعیەتی شـیعە کـۆی دەکـردەوە و دواجار سـەرفی  بینا کـردن و ئاوەدانکردنەوەی مزگەوت و ئیمامزادەکانی دەکرد و مافی مەلاکانی، بە تایبەت لە مانگەکانـی ڕەمـەزان و موحـەڕەم لـەو پارەیە دابین دەکرا، مەوقوفاتێکی زۆر لە موڵک و ماڵ و زەویوزار لـە ژێر دەسـتیان دابوو، ئەوان لە ڕاسـتیدا حیزبێکی بەهێزی ڕانەگەیەنراو بوون، هەموو ئەوانە بووبوونە هۆی ئەوەی، کە ڕەوتی مەزهەبی بە ڕێکخراوی و بە ئامادەییـی زۆرترەوە لە چاو ڕەوتەکانی تر پێ بنێتە سـەردەمی شۆڕشی (1979)وە.

*** خومەینی و ڕەوتی ئایینی لە کوردستان هەژموونیان نەبوو، کۆمەڵە و دیموکرات هەر کامەیان چ ڕۆڵێکیان هەبوو؟ چەندە توانیان لەو جیاوازییەی کە لە نێوان کوردستان و باقی شوێنەکانی تری ئێران هەبوو، کەڵک وەربگرن؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لە ڕاستیدا، نە حیزبی دیموکرات و نە ئێمەش و نە هیچ کەسی تر، ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە خولقاندنی قەیرانی سیاسیدا نەبوو، بەڵام کاتێک قەیرانەکە تەقییەوە، ئێمە زۆر لە حیزبی دیموکرات، ڕێکخراوی نهێنیمان زیاتر بوو، بۆیە ئێمە زووتر لە حیزبی دیموکرات، بە تایبەت لە باشووری کوردستان (مەبەستی باشووری خۆرهەڵاتی کوردستانە) خەڵکمان لە دەور کۆبووەوە، زۆربەی هەرە زۆری کادرەکانی حیزبی دیموکرات ئەوانە بوون، کە لە دەرەوەی وڵاتەوە گەڕابوونەوە، ئەو کات ڕژێمی شا زۆر لاواز بووبوو و لە مانگەکانی کۆتاییی تەمەنیدا بوو.

دیارە کۆمەڵە، بە هۆی ڕێبازی سیاسی و هەڵوێستی چینایەتیی خۆی نەیدەتوانی وەڵامدەرەوەی هەموو ئاوات و ئارەزووەکانی جەماوەری ڕاپەڕیو بێت، ئاساییە، کە حیزبی دیموکرات جەماوەرێکی دیاریکراو لە خەڵکی محافەزکاری ناو کۆمەڵ لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی

سەردەمی ئەزمەی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵدا ئەوەیە، کە کەس بێتەفاوەت و بێلایەن نامێنێتەوە، هەر کەسە بژاردەی خۆی هەیە و بڕیاری خۆی دەدات. ئەوە بوو، کە بەشێک لە کۆمەڵگای کوردستانی بەرەو حیزبی دیموکراتی کورستانی ئێران چوو، سێ جەمسەری سەرەکیی کۆمەڵە و دیموکرات و ماموستا شێخ عیزەدین شکڵیان گرت، کە ماموستا بە کردەوە بە هۆی هەڵوێستی ڕادیکاڵیی دەکەوتە بەرەی کۆمەڵەوە، بەڵام بە بڕوای من لە سەرەتای شۆڕشدا، ئەوە حیزبی دیموکرات نییە، کە هەوێنی خەباتی جەماوەرییە، بەڵکوو ئەوە کۆمەڵەیە، کە ئەو ڕۆڵە دەبینێت و هاندەرە بۆ ڕاپەڕین.

*** هەر لە ساڵی (1979)دا، ئێوە خۆتان ڕێک دەخەنەوە، خۆتان ناو دەنێن (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)، ئەوە چۆن بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** پێش ئەوەی ڕژێمی شا بڕوخێت، کە قەیرانەکە قووڵ بووەوە، دەرگای زیندانەکان شکا و کادرەکانی ئێمە لەگەڵ شەپۆلی شۆڕش لە زیندان ئازادبوون. ئەوە بوو، کە خێرا کۆنگرەیەکمان بەست، لەو کۆنگرەیەدا بڕیار درا بە گەرموگوڕی و بە هەموو تواناوە لەو شۆڕشەدا بەشداری بکەین

و بـە خێراییـی هـەوڵ بدەیـن خەبات لە کوردسـتان لـە خەباتـی سـەرانسـەری دوا نەکەوێـت. وتمـان ئەوەی، کە شـۆڕشـی دژ بە ڕژێمی شـا بە پێی پلان و سـتراتیژی ئێمـە ڕێنەکەوتـوە، نابـێ ڕێگـر بێت لە هەوڵدان بۆ ڕێبەری کردن و بە سەرکەوتن گەیاندنی لـە بارودۆخـی نوێدا. لە ڕاسـتیدا، خەڵکـی دێهات بە پارێـزەوە جووڵەیـان دەکـرد، ئەوان نیگـەران بوون ئەو زەوییانەی، کە شـا بە پێی ڕیفۆرمی چاکسـازیی زەوی دابەشـی کردبوو لێیان بسـەنینەوە. کۆنگرەی یـەک نەیتوانیـی تـەواوی ئـەو پرسـیارە تازانەی، کە هاتبوونـە گۆڕێ وەڵام بداتەوە، بەڵام گوتی (قسـەی کێیـە؟) ئێمە، کە شۆڕشـگێڕین، لەوەها سـەردەمێکدا بین، نابێ چاوەڕێ بین، تا هەموو قسەوباسـەکانمان بـە ئەنجام دەگات، تیۆرییەکانمان لە جەرگی خەباتی شۆڕشـگێڕانەدا بـە دەسـت دێنیـن و ئێسـتا کاتـی دواکەوتـن و چـاوەڕێ بوون نییە، کاتـی خوێندنەوە و لێکۆڵینـەوە و سـاغ بوونەوە نییە، کاتی بەشـداری کردنـە لـە شـۆڕش دا. هـەر بەوەنـدە وشـیارییە سیاسـییەی کـە هەمانە، هەر بەوەندە تێگەییشـتنەی، کە لەو کاتەدا پەیدامان کردوە، پێویسـتە لە واقیعەکە دوا نەکەویـن. هـەر بۆیـە دوای کونگرە بـە خێراییی

کادیـرەکان هەمـوو بڵاوبوونـەوە بۆ شـوێنەکان، بۆ ئەوەی کە سەرکردایەتیی ئەو جووڵانەوانە بکەن، کە لە کوردستان کەوتبووە ڕێ.

*** ئەو کاتە کۆمیتەی ناوەندی و سکرتێرتـان هەبوو؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** کۆمیتـەی ناوەندیمـان هەبـوو، بـەڵام سـکرتێرمان نەبوو. لە واقیعدا، ئەو سـەردەمە بـە فەرمیی سـکرتێرمان نەبوو، بەڵام بە شـێوەیەکی کـرداری (کاک فوئـاد) ئـەو ڕۆڵـەی هەبـوو، بـە بـێ ئـەوەی هەڵیبژێریـن، کاک فوئاد زۆر زوو، نەک هەر لـە نـاو خۆماندا، بەڵکوو لە کۆمەڵـدا ڕۆڵێکی گرینگی پەیداکـرد، هـەر زوو بـوو بـە کەسـایەتییەکی بـە ناوبانگ، ئەوەش هۆکاری خۆی هەبوو، لە ماوەیەکی کورتـدا، کاک فوئاد لـە (11) مانگ دوای ئازادبوونی لـە زینـدان بوو بـە یەکێک لە ڕابەرانـی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

*** ئێوە هێزی پێشـمەرگەتـان دروستکرد، پێویستیی پێکهێنانی ئـەو هێـزە چی بوو؟ بۆچی دەسـتتان بۆ چـەک برد؟ بۆچی خەباتی چەکداریتان دەستپێکرد؟ هێزی پێشمەرگەی ئێوە چۆن دروستکرا؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** بۆ وەڵامی ئەو پرسـیارە، دەبێ بگەڕێینـەوە بـۆ چۆنێتیـی دەسـتپێکردن و ئەنجامـی

ڕاپەڕینی (1978)ی ئێران لە دژی ڕژێمی پاشایەتی. لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی (1979) هاوسەنگییەک هەبوو لە نێوان ڕەوتی ئیسلامی و ڕەوتە چەپ و سیکۆلارەکانی دژ بە ڕژێمی پاشایەتی. لە سەرەتاوە، هەم ڕێکخراوە چەپەکان، هەم بزووتنەوەی کرێکاری، هەم هێزی سیکۆلار و پێشکەوتنخواز، بەشێکی فراوان و کاریگەریان لەو ڕاپەرینەیان پێک دەهێنا، بەڵام بە هۆی پەرشوبڵاویی ئوپۆزسیۆنی غەیرە ئیسلامی و نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو و ڕێبەرایەتییەکی ناسراو و جێکەوتوو، بە هۆی پەرشوبڵاو بوون، بە تایبەت هێزی چەپ، لە ناوەڕاستی مانگەکانی ساڵی (1978) بەولاوە هاوسەنگی وردە وردە بە قازانجی ڕەوتی ئیسلامی گۆڕدرا و ڕەوتی ئیسلامی ڕێبەریی خۆی بە سەر بزووتنەوەی دژی ڕژێمی پاشایەتیدا مسۆگەر کرد. ئێمە وەک هێزێکی چەپ، کە چالاکیی سەرەکیمان لە کوردستان بوو، هەوڵمان دەدا، کە خەباتی خەڵکی کوردستان لە خەباتی سەرانسەری خەڵکی ئێران دوا نەکەوێت. لەو کاتەوە بوو، کە نیگەرانییەکان هەم بۆ ئێمە و هەمیش بۆ خەڵکی کوردستان بەرە بەرە زیادی کرد. بەلامانەوە مسۆگەر بوو، کە ئەو خەباتە سەرئەنجام ڕووخانی

ڕژێمـی شـای لـێ دەکەوێتـەوە، دوای ئـەوە چ پێش دەهـات، ئـەوە نیگەرانییەکـی جـدی بـوو. لێرەدایـە، کـە ڕێبـەری کۆمەڵـە بیـر لـە تەداروکـی چۆنێتیـی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئاکامە نەخوازراوەکانی ئەو ڕاپەڕینـەی کـە کەوتبـووە ڕێ، دەکاتـەوە. بیرۆکەی پێکهێنانـی هێـزی چەکدار لە کوردسـتان بـۆ ئێمە، لە بنەڕەتدا، لەو هەڵسـەنگاندنەوە سـەرچاوەی دەگرت، کە بۆ داهاتووی ئەو ڕاپەڕینە بوومان.

هێزی پێشـمەرگەی کۆمەڵە لە یەکگرتنەوەی چوار ڕەهەندی کەم و زۆر جیاواز پێکهات. ڕەهەندی یەکەم؛ بیرۆکـەی «پێکهێنانـی باسـکی چەکـدار بـۆ حیزبـی سیاسـی» بوو. بە پێی ئـەو بیرۆکەیە، ئێمە دەبووایە وەک ڕێکخراوێکی سیاسی بۆ بەرگری لە خۆمان و بۆ بەرەو پێشـبردنی سـتراتیژ و ئامانجمان چەکدار بین. لە پێناوی ئەوەدا بوو ئێمە بڕیارماندا، کە دوو فێرگەی پێشـمەرگایەتی لە باکوور و لە باشووری کوردستان بخەینـە ڕێ. یەکێکیـان لـە ناوچـەی سەردەشـت بوو لـە شـوێنێک بە نـاوی «گۆڕەمەڕ» و ئـەوی تریان لە ناوچەی مەریوان. لە سەرەتاوە، دوو کادری لێهاتووی کۆمۆنیسـت، کـە لـە فەلەسـتین دەورەیـان دیبـوو و ئەندامـی ڕێکخراوی «وەحدەتی کۆمۆنیسـتی» بوون،

(فەرەیدوون و ئەبو شاهین ناسراو بە فوئاد عەرەب) لە دانانی ئەو دوو ناوەندەدا یارمەتیدەرمان بوون. ئەرکی ئەو دوو بنکەیە ڕاهێنانی کادر بوو بۆ پێشمەرگایەتی، هاوکات یەکێتیی نیشمانیی کوردستانیش لە ناویدا «کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان» هەبوو، کە خۆی لە ئێمە بە نزیک دەزانی، بە ناردنی کادر یارمەتییان داین و لە ئەزموونی ئەوانیش کەڵکمان وەرگرت. دوای ئەوەی ئەم کادرانە پەروەردە بوون و ئامادە بوون، ئەمانەمان بە خێراییی ناردەوە بۆ ناوچەکان و هەر کام لەو هاوڕێیانە دەچوونەوە بۆ ناوچەکەی خۆیان و دەبوونە هەوێنی پێکهێنانی هێزی چەکدار لە ناو هاوڕێیانی خۆمان، وەکوو ڕێکخراوێکی سیاسیی چەکدار. ڕەهەندی دوەم؛ پێوەندیی بەو نیگەرانییانەوە هەبوو، کە ئەو کاتە، لە ناو جووتیارانی کوردستاندا پەیدا ببوو، جووتیارانی کوردستان بە هۆی ئەوەی کە دەیانزانی خومەینی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دژی دابەشکردنی زەوی لە لایەن ڕژێمی شاوە بووە، ئەگەر بە دەسەڵات بگات، ئەم ڕیفۆرمە هەڵدەوەشێنێتەوە. هەڵبەت تەنها نیگەرانیش نەبوو، بەڵکوو لە ڕاستیدا ڕەوتی ئیسلامی ژێر بە ژێر پێوەندیی گرتبوو لەگەڵ کۆمەڵێک لە کۆنە

دەرەبەگەکان و لەگەڵ سەرانی عەشایەر و تەنانەت چەکداریشی کردبوون و ڕێکخراوێکیشی بە ناوی «شورای عەشایەر» بۆ پێکهێنابوون. ئەمانیش هەڕەشەیان لە جووتیاران دەکرد، کە زەوییەکانتان لێ دەستێنینەوە. ئەم نیگەرانییە بوو بە هەوێنێکی بابەتی بۆ پێکهێنانی «یەکێتیی جووتیاران». یەکەم دەستەی جووتیاران لە ناوچەی مەریوان هەر لە سەر بنەمای ئەم ئامادەیییەی جووتیارانی هەژار لە دێهات و ڕۆڵێک، کە کۆمەڵە لە ڕێکخستنیاندا هەیبوو، دەستیان کرد بە جەولەی چەکدارانە. بە شوێن ئەوەدا، ڕێکخراوی یەکێتیی جووتیاران لە ناوچەکانی سەقز، دیواندەرە، سەردەشت و شوێنەکانی تریش پێکهاتن و هێزی چەکداری ئەم یەکێتییانەش دەستیان کرد بە جەولە کردن. دیارە پاشماوەی دەرەبەگایەتی زۆر لاوازتر لەوە بوو، کە بتوانێت بەرانبەر بەو تەوژمە شۆڕشگێڕانەیەی لە کۆمەڵدا پێکهاتبوو و کۆمەڵەش بەڕێوەی دەبرد، خۆڕاگری بکات و زۆر زوو پاشەکشەیان پێ کرا و یەک دوو شەڕیان کرد و سەرئەنجام تێکشکان و لە هەموو کوردستان توانەوە (تەنها لە مەهاباد نەبێت)، کە کۆماری ئیسلامی ڕێکیخستن و دواجار لە دژی بزووتنەوەی کوردستان

به كاری هێنان. سەرجەم ئەو هێزەش، كە لە دەوری یەكێتیی جووتیاران كۆبووبووەوە، دوای هێرشی ڕژێم بۆ سەر كوردستان بەشی زۆری بە كۆمەڵە پەیوەست بوون، ئەوەش بوو بە سەرچاوەیەكی تری هێزی پێشمەرگەی كۆمەڵە. ڕەهەندی سێیەم؛ پێوەندیی هەیە بە ئەزموونێك، كە ئێمە لە شاری سنە هەمانبوو، چونكە لە شاری سنە، هەم شورای شارمان هەبوو (هەڵبژێرراوی خەڵك)، هەم بنكەی گەڕەكەكانمان هەبوو. بنكەی گەڕەكەكان، كە كاروباری هەموو گەڕەكەكانیان بەڕێوە دەبرد لە قۆناغێكدا كۆمەڵەش یارمەتیی دابوون و چەكدار بووبوون. تاكوو كاتێك، كە شاری سنە بە دەست هێزی پێشمەرگەوە بوو، ئەوانە ڕۆڵیان هەبوو، هەم لە ڕێكخستنی بەرگری و هەم لە بەڕێوەبردنی كاروباری ژیانی خەڵك.

كاتێك هێزی پێشمەرگەی كۆمەڵە لە شاری سنە پاشەكشەی كرد، زۆربەی ئەو كەسانەی، كە لە بنكەكاندا بوون لەگەڵ پێشمەرگەكان هاتنە دەرەوە و بوون بە سەرچاوەیەكی تر، هەر بۆ پێكهێنانی هێزی پێشمەرگە و بەشێكی تر لە هێزی پێشمەرگەی كۆمەڵەیان پێكهێنا. ڕەهەندی چوارەم؛ پێوەندیی هەیە بە سیاسەتێك، كە كۆمەڵە هەیبوو

لە سـەردەمی شۆڕشـی (1978) و دواجار لە سـاڵی (1979) بـۆ کۆکردنەوەی هەموو هێزە شۆڕشـگێڕە چەپـەکان، کـە ئەندامـی ئێمـە نەبـوون، کـەم و زۆر بۆچوونـی جیاوازیـان هەبـوو، بـەڵام سـەرجەمیان خۆیـان لـە چوارچێوەی جووڵانەوەی چەپدا پێناسـە دەکـرد، ئەوانەشـی، کـە لە نـاو «جەمعیەتـەکان» لە شـارەکانی کوردسـتاندا کۆبووبوونـەوە کۆمەڵێـک لـە تێکۆشـەرانی سیاسـیی چـەپ و سۆسیالیسـتیی شارەکانی کوردستان بوون، کە هاوڕێیانی کۆمەڵەش لە گەڵیان بووین. کاتێک کۆماری ئیسـلامی هێرشـی کـردە سـەر شـارەکانی کوردسـتان و شـارەکان بـەرە بـەرە گیرانەوە، ئـەم تێکۆشـەرانەش بوون بە سـەرچاوەیەکی تر بۆ پێکهێنانی هێزی پێشـمەرگەی کۆمەڵـە. سـەرجەم ئـەم چـوار ڕەهەنـدە بـوون، کە باسـکی چەکـداری کۆمەڵەیـان پێکهێنـا. ئـەو هێـزە چەکـدارەی، کە بـوو بە هەوێنی خۆڕاگـری بەرانبەر بە پەلاماری کۆماری ئیسـلامی بۆ سـەر کوردستان. پێویسـتە ئـەوەش بڵێـم؛ کە لـە دێهاتیـش جۆرێک لە ئامادەییی گشتی بۆ خۆڕاگری پەیدا بووبوو، کۆمەڵە هەوڵیـدا بـە ناوی هێزی بەرگری، ئـەو خەڵکەش، کە ئامادەییـان هەبوو لە ماڵی خۆیان بن، بەڵام چەکدار

بن و چەکی کۆمەڵەیان بە شانەوە بێت و لە کاتی پێویستدا بەرگری بکەن لە ئاواییەکەی خۆیان، کۆبکاتەوە، ئەوانیش بوون. لە گەڵ گیرانەوەی ناوچە ئازادکراوەکان ئەمانەش زۆربەیان تێکەڵاوی هێزی پێشمەرگە بوون و ڕێکخراوێک بە ناوی هێزی بەرگری بەردەوام نەبوو.

*** ئایا بوونی دوو هێزی چەکداری کۆمەڵە و دیموکرات لە کوردستان هۆکارێک نەبوو بۆ شەڕی ناوخۆ لە کوردستان؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** دەیتوانی وا نەبێت؛ دەیتوانی شێوەیەک لە هاوکاری و هاوئاهانگی لە پێناوی بەرگریی بەرانبەر بە هەڕەشە و دواجار هێرشی کۆماری ئیسلامی لە نێوانیاندا هەبێت، تاکوو کاتێک شارەکانمان بە دەستەوە بوو، جەماوەری خەڵک بە گەرموگوڕی لە مەیدانی خەباتی سیاسی و جەماوەریدابوون، هێزی پێشمەرگەی هەموو لایەنەکانیش هەبوون و شەڕ و تێکهەڵچوونی چەکدارانەش ڕووی نەدا، واتە جەماوەر ڕێگەی بە وەها تێکهەڵچوون گەلێک نەدەدا. بە بڕوای من لە بنەڕەتدا پاوانخوازیی حیزبی دیموکرات سەچاوەی دەرگیرییەکان بوو...!!

*** ئاسـاييیه، کـه حیزبـی دیموکراتیـش ئـەوه ڕەت بکاتەوه و هۆکارەکـەی به شـەڕی ئایدیۆلۆژی له لایـەن ئێوەوه بزانێ، ئاماژه به نووسـراوەیەکی کاک عەبدوڵلا موهتەدی له گۆڤاری کۆمۆنیسـتی ژماره (15) دەکەن، ئێوه وەڵامتان چییه؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزاده:** ئـەو وتـارەی کـه ئاماژەتان بۆ کـرد، دوای ڕاگەیاندنـی شـەڕی سەرتاسـەری لـه لایـەن حیزبی دیموکراتـەوه نووسـراوه، هەوڵدەدات ڕوونکردنەوەیەکـی سیاسـی و تیـۆری بـدات بـۆ هـۆکاری شـەڕخوازیی حیزبـی دیموکـرات لـه دژی کۆمەڵـه، هـۆکاری بەرپابوونـی شـەڕ نییـه، خوێندنەوەیەکه بۆ هۆکاری شەڕ. سەرەڕای ئەوەی، کـه بـه هەڵه لێکدانەوەی بۆ کراوه، بەڵام ڕاسـتییەکی مێژوویـی و حاشـاهەڵنەگەر ئەوەیـه، که ئـەو وتاره هەرگیـز نەبووه بنەمای لێکدانەوەی ئێمه بۆ شـەڕی کۆمەڵـه و دیموکـرات... پەسـەندکراوەی فەرمیـی ئـەو کاتـی کۆمیتـەی ناوەندیـی کۆمەڵـه هەیـه، کـه ڕوونکردنەوەیەکی تری بۆ هۆکاری بەرپابوونی ئەو شـەڕه هەیه.

*** وەک دەبینیـن، خومەینـی دەیویسـت ڕیفراندۆمێـک بکات له سەر جۆری سیستەم له ئێران، ئێوه بەشداریتان نەکرد؟**

**ئیبراهیم عەلیزاده:** بەڵی ئێمه ئەو شـێوه پرسیارەی،

کـە بۆ ڕیفراندۆمەکـە دیاریکرابوو بە دیموکراتیکمان نە دەزانـی، خومەینی دامەزراندنـی حوکوومەتەکەی وەک «یەکەمیـن حوکوومەتـی ئیلاهـی» نـاو لـێ نـا و جەمـاوەری خەڵکـی ئێرانـی خسـتە بـەردەم ئـەم پرسیارەی خوارەوە:

«گۆڕینـی ڕژێمـی پێشـوو بە کۆماری ئیسـلامی، بەڵێ یان نا؟»، پرسیارەکە بە شێوەیەکی فریوکارانە بە جۆرێک کرابوو، کە ئەگەر کەسێک دەنگی نەیاری پێ دابووایە، بە واتای ئەوە دەبوو، گوایە لایەنگری ڕژێمی پێشـوە، تـۆڕی مـەلاکان و دەزگا ڕاگەیاندنەکانیـش، کـە بە دەسـت لایەنگرانـی خومەینییەوە بـوون، هەر ئـەم واتایەیـان بـڵاوە دەکـردەوە... ئـەم ڕیفراندۆمە لـە کـەش و هـەوای ئیحساسـی سـەرچاوەگرتوو لە ڕاپەڕین و ڕووخانی حوکوومەتی پاشایەتیدا بەڕێوە چوو، زۆربەی خەڵک شتێکی ئەوتۆیان لە ناوەڕۆکی کۆمـاری ئیسـلامی، کە دەنگیـان پێدابـوو، نەدەزانی، خومەینـی هـەر بـەم هۆیـەوە بـوو هەوڵـی دەدا ئەم ڕاپرسـییە بە خێراییی بەڕێوە بچێت، چونکە دەیزانی ئەگەر جەماوەری خەڵک دەرفەتیان هەبێت و بە چاوی کراوە سەبارەت بە ناوەڕۆکی حوکوومەتی ئیسلامی قـەزاوەت بکـەن، ئاکامـی ڕاپرسـییەکە بـەو جـۆرە

نەدەبـوو، کە ئـەو چاوەڕوانی دەکـرد. «ڕیفراندۆم» بـۆ دیاریکردنی ڕژێمی تـازە لە بارودۆخێکدا بەڕێوە چـوو، کـە ڕەوتی تازە بە دەسـەڵات گەیشـتوو، بە هەمـوو هێزیـەوە هەوڵـی دەدا نیشـانی بـدات، کە بە ڕوخانی حوکوومەتی شـا، شـوڕش کۆتایی هاتوە و سـەرکوتی نەیارانـی؛ واتە ئـەو هێزانەی کە لە ڕیزی پێشـەوەی خەبـات لـە دژی ڕژێمی شـادا گیانبازیان کردبوو دەستی پێ کرد.

هێرش بۆ سـەر خەڵکی شـاری سنە و بۆمبارانی ئـەم شـارە لـە نـەورۆزی سـاڵی (1978)دا، کـە ژمارەیەکـی زۆر لـە هاوڵاتییانـی ئـەو شـارەی تێـدا کـوژران و بریـندار بـوون، هێـرش بۆ سـەر ژنان و ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە شـوێنە جۆراوجۆرەکانی ئێران بە مەبەسـتی بەرگرتن لە درێژەی شـۆڕش و کۆنترۆڵکردنی، دەسـتی پێکردبوو. لە سـەر بەستێنی ئاوا بارودۆخێک و بە کەڵک وەرگرتن لە ئێحساسات و شۆر و شەوقی خەڵک و کەش و هەوای شۆڕش، بە بیانوی ڕزگارکردنی وڵات لە بیلاتەکلیفی، خەڵکیان کێشایە پای سندوقەکانی دەنگدان، لە ڕاپرسی (12ی خاکەلێـوەی 1358)دا، شـکڵی حوکوومەتـی دواڕۆژ لـە خەڵک نەپرسـرا و شـێوەی پرسـیاری «کۆماری

ئیسلامی، ئەرێ یان نا؟» بە جۆرێک بوو، کە کۆمەڵانی خەڵک لە نێوان دەنگدان بە ڕژێمی پێشوو یان ڕازی بوون بە ڕژێمێکی ئیسلامی بە ناوەڕۆکی نادیارەوە دەبووایە یەکێکیان هەڵبژێرن.

بە هۆی ئەوە، کە خەڵک خۆیان ڕژێمی پێشوویان ڕووخاند بوو، بە ناچار دەکەوتنە حاڵەتێکەوە، کە بەرگەی سەوز، واتە ئەرێ بخەنە ناو سندوقەکانەوە. بەردی بناغەی تەقەلوب (ساختەکاری)، لە شانۆگەریی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامیدا هەر لە هەمان ڕۆژی (12)ی خاکەلێوەوە دانرا، بەڵام یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕووداوە ئەوە بوو، کە جەماوەری خەڵکی کوردستان هەر چەند وەک باقی خەڵکی ئێران لە کەش و هەوایەکی شۆڕشگێڕانە و ئیحساساتی سەرچاوە گرتوو لە ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیدا بوون، بەڵام بە هۆی هەوڵدانیان بۆ درێژە پێدانی شۆڕش تا گەییشتن بە داواکارییەکانیان، تێڕوانینیان سەبارەت بە ناوەڕۆکی ڕژێمی نوێ و ڕێبەرانی دوور لە خۆشباوەڕی بوو، بە تایبەت ڕووداوی خوێناویی سنە و کوشتاری پادگانی مەهابادیشیان بە سەرهاتبوو، جەماوەری خەڵکی کوردستان لەم ڕیفرندۆمەدا، بەشدارییان نەکرد

و تەنانەت لە زۆربەی شارەکانی کوردستان هیچ سندوقێکی دەنگدان دانەنرا.

*** باسی ڕووداوی خوێناویی سنەتان کرد، ئەوە چۆن بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** من لە جێگەیەکی تر بە وردی باسی ڕووداوەکانی ناسراو بە سنەی خوێناویم کردوە، لێرەدا بە کورتیی بۆ ئێوەشی باس دەکەم، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی خەباتی جەماوەری دژ بە ڕژێمی شا، دوو مەیلی جیاواز لە ناو شاری سنەدا بەرانبەر بە یەکتر شکڵیان گرت، یەکێکیان: مەیلێکی شۆڕشگێڕانەی ڕادیکاڵ و چەپ بوو، کە لە بنەڕەتدا لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵە و ڕێکخراوە چەپەکانی تردا بوو، ئەوەی تریان؛ ڕەوتێکی موحافیزکاری مەزهەبی بوو، کە موفتی زادە ڕێبەرایەتی دەکرد.

دوای ڕاپەرینی (22ی ڕێبەندانی ساڵی 1357) لە ناو شاری سنە چوار ناوەندی سیاسی و نیزامی پێکهاتن. یەکەم: «جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و ئینقلاب»، کە بە ڕێنوێنی کۆمەڵە پێکهاتبوو. دووهەم: «دەفتەری لایەنگرانی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵک». سێهەم: «کۆمیتەی ئیسلامیی لایەنگری موفتی زادە»، کە لە بینای ئۆستانداری دامەزرا بوو. چوارەم: «کۆمیتەی لایەنگری ئاخوندێکی شیعە بە

ناوی سەفدەری»؛ کە لە هەمان کاتدا سەرپەرشتیی ستادی لەشکری (82)ی سنەشی پێ سپێررابوو، پشتیوانیی خومەینی لە پشت بوو.

کۆمەڵەی بەرگری لە ئازادی و شۆڕش و دەفتەری لایەنگرانی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان، لە هاوکاریی نزیک لەگەڵ یەکتر دابوون و بە کردەوە و نەک بە فەرمیی وەکوو بەرەیەک کاریان دەکرد، کۆمیتەی موفتی زادە و سەفدەریش لەگەڵ ئەوەدا، کە جار و بار بە یەکەوە نوێژی وەحدەتیان دەکرد، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕکابەرایەتییان توندتر دەبووەوە. کێشمەکێشی ئەم دوو لایەنە لە سەر دەسەڵات بوو، کە تێکهەڵچوونە خوێناوییەکانی نەورۆزی (1979)ی لێ کەوتەوە، هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوانی ئەم دوو لایەنە و بە تایبەت کوژرانی لاوێک لە لایەن کۆمیتەی سەفدەرییەوە خەڵکی سنەی تورە کرد.

خەڵک دەیانزانی، کە سەرچاوەی سەرەکیی نائەمنی لە ناو شاردا بوونی ئەو دوو کۆمیتەیە و پادگانی شارە، کە لە ژێر چاودێریی کومیتەی سەفدەری دابوو، ئەو ڕۆژە خەڵکی تورە بۆ بە دەست هێنانی چەک و بەرگری لە خۆیان بەرەو پادگانی ژاندەرمەری، کە لە پاڵ پادگانی ئەرتەش بوو بە

ڕێکەوتن، ژاندەرمەری لە ژێر فشاری خەڵکدا تەسلیم بوو و چەکەکان کەوتنە دەست خەڵک، هاوکات لەگەڵ ئـەو ڕووداوە؛ ژمارەیەک چەکداری لایەنگری موفتی زادەش هێـرش دەبەنە سـەر کۆمیتەی سـەفدەری و دوای کوشتنی چەکدارەکانی ئەم بنکەیە کۆدەکەنەوە، ئەرتـەش بە فەرماندەییی سەرلەشـکر قەرەنی، کە لە خەڵکی شـاری سـنە و ڕاپەڕینەکەیان و لە هەبوونی هێـزی چـەپ و ڕادیکاڵ لەو شـارە تـوڕە و نیگەران بـوون، بـە تۆپباران لە پادگانەوە و بە تەقە لە ڕێگای هێلیکۆپتـەر شـاریان دایـە بەر هێـرش. (200) کەس لـەم ڕووداوەدا گیانیـان بەخـت کرد، ئـەوەش یەکەم دیاری ڕژێمی تازە بە دەسـەڵات گەییشـتوو بوو بۆ خەڵکی کوردستان.

*** لەو ماوەیەدا پێوەندیی ئێوە و حیزبی دیموکرات چۆن بوو؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** پێوەندییـەکان ئاسـایی بـوون، لەگەڵ حیزبی دیموکرات و مامۆسـتا شـێخ عیزەدین و ڕێکخـراوی چریکـە فیداییـیـەکان لـە چوارچێـوەی «هەیئەتـی نوینەرایەتیـی گەلـی کـورد»دا، هـەم بـۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان و هەم بۆ وتووێژ لەگـەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا، هـاوکاری و هاوئاهەنگیی باشمان هەبوو.

*** بەس لەو ماوەیەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرش دەکاتە سەر کوردستان، ڕۆڵی کۆمەڵە چی بوو لە شەڕی سێ مانگەدا؟ ئایا لە ڕووداوەکاندا هەماهەنگی هەبوو لەگەڵ حیزبی دیموکرات؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لە جەریانی شەڕی بەرگریی ئەو کاتەدا، هاوئاهەنگی لاواز بوو، هەر کەسە بە هێزی چەکداری خۆی بڕیاری بەرەنگاریدا، بەڵام لەم ڕووەوە کێشەیەکی ئەوتۆ ڕووینەدا.

*** کۆمەڵە زیاتر لە کوێ بەرەنگاریی دەکرد؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بەرگریی ئەو دەورەیە، کە بە شەڕی سێ مانگە ناسراوە، بە پێچەوانەی دەورەی دواتر چووە دەرەوەی شارەکان، لە دێهاتەکان، لە میحوەری نێوان شارەکان، لە شوێنە شاخاوییەکانی سەرسنوورەکان، کە دەکەوتە ناوچەکانی بانە، سەردەشت و پیرانشار، ئەمانە شەڕی توندیان تێدا کرا و کۆماری ئیسلامیی ناچار کرد، کە ئاگربەست قەبووڵ بکات و بێتە بەردەم وتوێژ لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد.

*** ئایا ئەوە یەکەم جار بوو، کە لە نێوان کۆماری ئیسلامی و لایەنە کوردییەکان وتووێژ دەکرا؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** پێش شەڕی سێ مانگە دوو جاری تر، دانیشتن لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری

ئیسـلامی کرابوو، جاری یەکەم لە شـاری سـنە بوو، کە ئەنجامەکەی بریتی بوو لە ڕاگەیاندنی ئاگربەست و کۆتایی هێنان بە تۆپبارانی شار لە لایەن پادگانەوە، هەروەها ڕێککەوتن لە سـەر ئەوەی، کە شووراییەکی هەڵبژاردەی خەڵک کاروباری شار بەڕێوەبەرێت.

*** پرسـیار ئەندامەکانـی ئـەو هەیئەتـە لـە لایەنـی کۆماری ئیسلامی و لە لایەنی کوردییەوە کێ بوون؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** ئەندامانـی هەیئەتـی ڕژێـم لـە وتووێژەکانی شاری سنەدا بریتی بوون لە «تاڵەقانی»، وەکـوو سـەرۆکی هەیئەتەکـە و «ڕەفسـەنجانی»، «خامەنەیـی»، سـەدری حاجـی سـەید جـەوادی»، «عێزەتولـڵای سـەحابی»، «سـادق قوتـب زادە»، «ئەبۆلحەسـەن بەنی سەدر»، «داریوش فروهەر،». ئەندامانـی هەیئەتـی خەڵکـی کوردیـش بریتـی بوون لـە: «مامۆسـتا شـێخ عێزەدیـن حوسـێنی»،»دکتور جەعفەر شەفیعی»، «ئەحمەد موفتی زادە»، «بێهرۆز سـولێمانی»، «سـەدیق کەمانگـەر»، «شـوعەیب زەکەریایـی»، «فوئـاد مسـتەفا سـوڵتانی»، «یەحیـا سـادق وەزیـری»، «مەلامحەمەد رەبیعی»، « شـێخ جەلالی حوسـێنی»، «یوسف ئەردەڵان»، «عەبدوڵلا حەسەن زادە» و «غەنی بلووریان».

*** دانیشتنی جاری دووەم چۆن بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** جاری دووەم پێش کۆچی شاری مەریوان لە نێوان کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی و مستەفا چەمران لە سەرکردە سەربازییەکانی ڕژێم بەڕێوە چوو، بۆ ئەوەی سوپای پاسداران لە شاری مەریوان بچێتە دەرێ، ئەو گفتوگۆیە بێ ئاکام بوو، کۆچی مێژوویی خەڵکی شاری مەریوانی لێ کەوتەوە.

*** دوایین خولی گفتوگۆکان چۆن ڕێکخرا؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** دوای (3) مانگ شەڕ، کۆماری ئیسلامی لێدانی قورسی خوارد و ناچار بوو لە زۆربەی شوێنەکان پاشەکشە بکات، لەو کاتەدا هەوڵێکی ناوبژیوانی لە لایەن مام جەلالەوە دەستی پێکرد، مام جەلال چەند نامەیەکی بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی نارد بۆ تاران، کۆماری ئیسلامی وەڵامی موسبەتی بە نامەکەی مام جەلال دایەوە و ڕۆژی (6ی مانگی ڕەزبەری ساڵی 1358)، هەیئەتێکی بە سەرپەرشتی (داریوشی فروهەر) ناردە ناوچەی سەردەشت بۆ دانیشتن لەگەڵ مام جەلال، ئەم هەیئەتە لە ئاواییی «نشکۆڵان» چاوی بە مام جەلال کەوت، مام جەلال داخوازییەکانی لایەنی کوردی پێ

ڕاگەیاندبوون، کە کۆمەڵێک خواستی بەپەلە بوون، وەکوو ئاگر بەست، ئازادکردنی گیراوەکان، چوونە دەرەوەی پاسدار و ئەرتەشییەکان لە شارەکان. هەیئەتی دەوڵەت بەم داواکارییانەوە گەڕانەوە بۆ تاران، ڕۆژی (18ی مانگی ڕەزبەری 1358) بۆ جارێکی تر هەیئەتی دەوڵەت هاتنەوە بۆ کوردستان، دانیشتن لە ئاواییی «بنی خەلەف» و دواجار لە (بێوران) دەستی پێکرد.

* **نوێنەرانی هەر دوولایەن کێ بوون؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** نوێنەرانی ڕژێم بریتی بوون لە: داریوش فروهەر، دانشوەر، فەرماندەی ژاندەرمەری، سەرتیپ ئازەری، فەرماندەی هێزی زەمینی ئێران و دوو کەسی نەناسراوی تەمەن نزیک (25 ساڵ)، لایەنی کوردی بریتی بوون لە: مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسێنی، فاتح شێخول ئیسلامی، سەلاحی موهتەدی، عەبدوللای موهتەدی، ئیبراهیم عەلیزادە، محەممەد ئەمین شێخانی. حیزبی دیموکرات لەم کۆبوونەوەیە بەشداریی نەکرد و هەوڵیدابوو خۆی لە شوێنێکی جیاواز لەگەڵیان دابنێشت، پێویستە ئەوە بڵێم، کە ئێمە بە ناوبژیوانیی یەکێتی ڕازی بووین، بەڵام حیزبی دیموکرات لە ڕاستیدا ڕازی نەبوو،

هەوڵـی دەدا خـۆی بە جیاواز و ڕاسـتەوخۆ وتووێژ بـکات، ئـەم وتووێژانـە هیـچ ڕاگەیاندنێکـی فەرمیـی دوولایەنـەی لـێ نەکەوتـەوە، بەڵام لـە ڕۆژی (29ی ڕەزبـەری 1358) کۆمـاری ئیسـلامی بـە بێ ئەوەی ئاماژە بە کۆبوونەوەکان بکات ئاگربەستی ڕاگەیاند.

*** هەیئەتـی نوێنەرایەتیـی گەلـی کـورد چـۆن پێـک هـات و کۆمەڵە چ ڕۆڵێکی تێدا هەبوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** پێکهاتنی ئەو هەیئەتە دەگەڕێتەوە بۆ دوای شـەڕی سـێ مانگە، کاتێک، کە سـەرەتاکانی شکست و پاشەکشەی هێزەکانی ڕژێم  ئاشکرا بوون، پـاش ئـەوەی کە بە شـێوەیەکی نا فەرمی ئاگربەسـت لـە ئاکامـی دانیشـتنەکانی (نشـکۆلان، بنـێ خەلەف و بێـوران) لـە هـەر دوو لاوە قەبووڵ کـرا، ڕژێم  خۆی لـە ڕادیـۆی تارانـەوە ئاگربەسـتی ڕاگەیانـد، چەنـد کۆبوونەوەیـەک لـە نێـوان مامۆسـتا شـیخ عێزەدیـن و ئەندامانـی دەفتەرەکـەی و کۆمەڵـە و چریکـەی فیدایـی، حیزبـی دیموکـرات بـۆ درێـژەی گفتوگۆکان بەڕێـوە چوو. لـەم کۆبوونەوانـەدا، حیزبی دیموکرات داوای ئـەوەی دەکرد، کە سـەرۆکایەتیی هەیئەتەکەی پـێ بدرێـت، کۆمەڵـەش داوای مافـی یەکسـانیی بـۆ هەمـوو ئەندامانـی هەیئەتەکـە دەکـرد و مامۆسـتا

شـێخ عێزەدینـی وەکـوو سـەرۆکی هەیئـەت قەبووڵ بـوو. مشـتومڕێکی زۆر لـە سـەر ئـەو بابەتە کـرا...!! سـەرئەنجام ڕێبەری کۆمەڵە لە سەر ئەوە ساغ بووە، کـە بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندیی گشـتی و لـە پێناوی ئەوەدا، کە خەڵکی کورد بەرانبەر بە دەوڵەتی ناوەندی و یەکدەسـت و یەکپارچـە دەرکەوێـت، فورمولەیەکی ناوەنـدی، کە لە لایەن دەفتەری مامۆسـتاوە پیشـنیار کرابـوو، وەکـوو سازشـێکی دیاریکـراو قەبـووڵ کـرد، کـە بریتـی بـوو لەوەی کە مامۆسـتا سـەرۆکی هەیئەتەکـە بێـت، حیزبی دیموکرات وتەبێـژ بێت و بە نـاوی هەیئەتـەوە لێدوانـی فەرمـی بـدات و کۆمەڵە و ڕێکخـراوی چریکـە فیداییەکانیـش ئەنـدام بـن، بەڵام لـە ڕاسـتیدا کاری هەیئەتـی نوێنەرایەتـی لـە وتووێژ لەگـەڵ نوێنەرانـی دەوڵـەت واوەتر بوو، ئـەم ناوەندە لـە هەمان کاتدا، باڵاترین ناوەندی بەڕێوەبردنی وڵات بوو، هاوئاهەنگیی نێوان هێزە سیاسییەکانی لە پێناوی پڕکردنەوەی بۆشـاییی دەسـەڵاتیش بە کردەوە دابین دەکرد.

*** هەیئەتەکە لە کێ و کێ پێکهاتبوو؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** هەیئەتـی حیزبـی دیموکـرات (قاسـملو، غەنـی بلوریـان، ئەحمـەد قـازی و عەزیـز

ماملـێ) بـوون، دەفتەری مامۆسـتا (مامۆسـتا شـێخ عیزەدیـن خـۆی، فاتیـح شـێخ ئیسـلامی و کەریـم دانشیار)، هەیئەتی کۆمەڵە (دکتور جەعفەر شەفیعی، یوسـف ئـەردەڵان، عەبدولـڵا موهتـەدی، ئیبراهیـم عەلیزادە) و نوێنەری سازمانی چریکە فیداییەکانیش (حەمەدەمین شێخانی) بوو.

*** ئاکامی گفتوگۆکان بە چی گەییشت؟**

**ئیبراهیـم عەلیزادە:** ئەوەندەی، کە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ وتوویـژ کردنـی فەرمیی ئەو هەیئەتە لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، تەنیا یەک کۆبوونەوەی (45) خولەکی لە یەکێک لە ژوورەکانی بینای فەرمانداریی مەهاباد لە نێوان ئەم هەیئەتە و نوێنەرانی دەوڵەتەوە بەڕێوە چـوو. لـە ڕاسـتیدا، ئامانجـی ڕژێمـی ئێران ڕێککەوتـن نەبـوو، بەڵکـوو کڕینی کات بـوو بۆ دوو مەبەستی دیاری کراو، یەکێکیان دوو بەرەکی نانەوە لـە نـاو هێزە سیاسـییەکانی کوردسـتان و دوەمیان؛ خۆ سـازدان بۆ پەلامارێکی سەربازیی تر، بۆیە هەر جـارە و بیانوویەکیـان دەهێنـاوە و ئامـادە نەبـوون بـاس لە ناوەڕۆکـی داخوازییەکانی خەڵکی کورد، کە لە گەڵاڵەیەکی (26) مادەییدا ئامادەکرابوو، بکەن.

*** دەڵێن پێشتر ڕێککەوتن کرابوو، لە سەر ئەوەی، کە نەڵێن ئـەوە نوێنـەری فڵان حیزب و فیسـار حیزبە، بەڵام شێخ عیزەدین لە کاتی ناساندنی هەیئەتەکە دەڵێ: «ئەمە نوێنەری کۆمەڵەیە، ئـەوە نوێنـەری چریکـی فیداییية»، ئـەوە چۆن بـوو؟ دەڵێن ئەوە یەکێـک بـوو لە هۆکارەکانی ئەوەی، کە دەسـتەی دەوڵەت متمانەی نەمێنێ؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** ئـەوە بنەمـای نییە، یـەک هەفتە پێـش لـە میتینگێکی دەیان هەزار کەسـی لە شـاری مەهاباد، قاسملوو وەکوو وتەبێژی هەیئەت، پێکهاتەی هەیئەتـی نوێنەرایەتیـی (نمایندەگی) کوردی بە ناوی ڕێکخراوەکانەوە ڕاگەیاندبوو، لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا بڵاو بووەوە، ئەوە دواجارە، کە حیزبی دیموکرات بۆ ئـەوەی پاسـاوێک بێنێتەوە لە دژی (شـێخ عیزەدین) و بـۆ ئـەوەی، کـە بۆچـی هەیئەتـی نوێنەرایەتیی بە جێهێشت، ئەو دیعایەی بڵاوکردەوە.

*** ئەنجامەکەی چی بوو؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** دانیشـتنی هەیئەتـی دەوڵەت و هەیئەتـی نوێنەرایەتیـی گەلی کورد بە فەرمیی (45) خولـەک زیاتـری نەکێشـا، هەیئەتی دەوڵـەت داوای پاوسی (پشوویەکی) کرد و ئیتر هەرگیز نەگەڕایەوە بـۆ نـاو کۆبوونەوەکـە، بـەڵام نـە ئـەو ڕۆژە و نـە

ڕۆژانــی دواتــر بێکار دانەنیشــتن، دەســتیان کرد بە پێوەنـدی گرتنی جیاجیـا لە گەڵ ئەم و ئەو، دواجار دەرکـەوت، کـە توانیویانـە حیزبـی دیموکـرات بـۆ گفتوگۆی جیاواز ڕازی بکەن، هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد گەڵاڵەیەکی لە (26) خاڵدا بۆ ڕێککەوتن پێشـکەش کردبوون، (سـارم خان سـادق وەزیری) ئەسـڵەکەی نووسـی، ئێمـەش تێبینیـی خۆمـان لـە سـەردا، حیزبـی دیموکراتیـش قەبووڵی کـرد، (26) مادەیـان دا بە هەیئەتی دەوڵـەت، حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئەوەشدا، کە گەڵاڵەکەی واژۆ کرد بوو، وازی لـێ هێنا و خۆی پێشـنیارێکی لە (6) خاڵدا دابوو بە نوێنەرانی دەوڵەت و لە سـەر بنەمای ئەو (6) خاڵە بـە جیا لە هەیئەتـی نوێنەرایەتیی گەلی کورد چووە تاران بۆ گفتوگۆ، تا ئێرە دەوڵەت سـەرکەوتوو بوو لـە تێکدانـی یەکڕیزیـی لایەنـی کوردسـتانی، دیارە حیزبـی دیموکراتیـش لـەو لادانـەی دەسـتکەوتێکی نەبـوو، چونکـە ئامانجـی حوکوومـەت ڕێککەوتـن نەبـوو، بەڵکـوو لـە لایەکـەوە تێکدانـی یەکڕیـزی و یەکگرتوویی کوردسـتان و لە لایەکی ترەوە کڕینی کات بۆ خۆ سازدان بە مەبەستی هێرشێکی تر بوو، کە هەر واشی لێ هات...!!

*** ئێوە دواتر دەڵێن حیزبی دیموکرات سازشی کرد؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەوان بە جیا لە هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، گەلاڵەیەکی جیاوازیان دا بە کۆماری ئیسلامی، کە بریتی بوو لە (6) خاڵ وەکوو بەدیلێک بۆ گەلاڵەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد. گفتوگۆی جیاوازیان دەست پێکرد، کە هەڵبەت کۆماری ئیسلامی ئەوەشی قەبووڵ نەکرد.

*** یانی ئێوە حیزبی دیموکرات تاوانبار دەکەن بە تێکدانی هەیئەتەکە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەوەی کە بە کردەوە ڕوویدا هەر ئەوە بوو، ڕژێم فرسەتی ئەوەی نەدا گفتوگۆی جیاواز لە گەڵ حیزبی دیموکراتیش زۆر بخایەنێ و سەر لە نوێ پەلاماری هێنایەوە سەر کوردستان.

*** پێش دەست پێکردنەوەی شەڕ، هەڵبژاردنی مەجلیسی خبرەگان (ئەنجوومەنی شارەزایان) دەکرێ، ئەوە چۆن بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئێمە بەشداریمان لە ئەنجوومەنی شارەزایان ڕەتکردەوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورادا بەشداریمان کرد، لە هەموو کوردستان ئێمە نوێنەرمان هەبوو، بەڵام کۆماری ئیسلامیی هەڵبژاردنەکانی باشووری کوردستانی

هەڵوەشاندەوە، واتە هەموو ئەو شوێنانەی کە دەیزانی نوێنەرانی ئیمە هەڵدەبژێررێن، هەڵیوەشاندەوە.

*** دوای هەڵوەشانەوەی هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد، ئێوە پێوەندییەکانتان لەگەڵ حیزبی دیموکرات وردە وردە ئاڵۆز دەبێ و تووشی دەرگیری دەبن، بە ڕای بەڕێزتان هۆکارەکانی دروستبوونی ئەو کێشانە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ یان نەدەکرا ئەو هەیئەت دروستکردنە ببێتە بناغەیەک بۆ هاوکاری و هەماهەنگی کردنی هاوبەش لە دواتردا؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەساسی کێشەی ئێمە و حیزبی دیموکرات، هەر لە سەرەتاوە ئەوە بوو، کە حیزبی دیموکرات کوردستانی بە پاوانی خۆی دەزانی، پێی وا بوو هەر چی حیزبی تر هەیە یان دەبێ بە کردەوە شوێنکەوتەی ئەو بن و لەبەرەی ئەودابن یان بەو پەیوەست بن، بەڵام واقیعیەتی کۆمەڵگای کوردستان گۆڕابوو، هاوسەنگیی هێز تێکچووبوو، بە داخەوە زۆری پێچوو تا حیزبی دیموکرات ئەو ڕاستییەی هەزم کرد.!!

بەڵام تا ئەو کاتەی خەڵک لە مەیداندا بوو، جەماوەر لە سەر شەقام بوو، کێشەکان توند نەدەبوونەوە، کێشەی ئێمە و حیزبی دیموکرات کاتێک چووە بواری چەکدارییەوە، کە شارەکان گیرانەوە و جەماوەری خەڵک لە مەیدانی خەباتی

ڕاستەوخۆ پاشەکشەیان پێ کرا، ئیتر کێشەکە بوو بە کێشەی دوو هێزی چەکدار لە بەرانبەر یەکتر، مێژووی واقیعی پێمان دەڵێت، کە کۆمەڵە مرونەتی پێویستی بۆ ئەو مەبەستە نیشانداوە و نکۆڵیی لە هاوکاری و هاوئاهەنگی نەکردوە.

*** باس لەوە دەکرێ، کە حیزبی دیموکرات ئێوە بەوە تاوانبار دەکات، کە کۆمەڵە کاتی خۆی نامیلکەیەکی بڵاوکردوەتەوە، کە حیزبی دیموکرات بە نوێنەری بۆرژواز و خۆیان بە نوێنەری چینی کرێکار لە قەڵەم داوە، ئینجا ئەوە یەکێک نەبوو لە کێشەکان، واتە شەڕی ڕاگەیاندن؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەوەی کە هەڵسەنگاندنی ئێمە لە سەر ئەوان لە ڕووی تیۆرییەوە چییە یا ئەوان ئێمە چۆن دەبینن، بۆچی دەبێ شەڕی لێ بکەوێتەوە؟ خۆ ئێمە هەر بەو لێکدانەوەش، کە هەمانبوو ئامادەبووین لە گەڵیان هەیئەتی نوێنەرایەتی پێکبێنین و تەنانەت ڕۆڵی وتەبێژی هەیئەتەکەش بە ئەوان بسپێرین.

*** ئاخر دەگوترێ؛ شەڕ یەکەمجار بە ڕاگەیاندن لە دژی یەکتر دەست پێ دەکات؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بۆ چی بڵێین شەڕی ڕاگەیاندن؟ بۆچی ناوی ڕەخنەگرتن، دیالۆگی

سیاسـیی شارسـتانییانە نەبێ؟ هەموو تایبەتمەندیی دیموکراسـی ئەوەیـە، کـە دەرفەتـی ڕەخنەگرتـن و جـەدەل و دیالۆگی سیاسـیی بخوڵقێنێ، حیزبێک، کە بـڕوای بـە خـۆی هەبێ، نابێـت نیگەران بێـت لەوەی جەمـاوەری خەڵک بکات بە قازی بۆ هەڵبژاردنی ئەم یا ئەو ڕێبازی سیاسـی، جەدەلی سیاسـیی تەفاوەتی هەیـە لەگـەڵ ئاژیتاسـیونی شـەڕانگێزانە. ئەوەی کە حیزبـی دیموکرات دەیگوت، جەوهەری نا دیموکراتی بوونـی تێدایـە، ئێمـە بـە پێی سـتراتیژێکی سیاسـیی دیاریکـراو لـە کوردسـتان خەبات دەکەیـن، هەر ئەو سـتراتیژە ڕێـگای بۆ هاوکاری و دەسـت نەبردن بۆ چـەک لە دژی یەکتر کردوەتەوە. لە ڕاسـتیدا، گەلێک گرووپـی تـر هەبوون، کـە ئەو کێشـەیەشـیان نەبوو، بەڵام زەبـری چەکی حیزبی دیموکراتیان خواردبوو، تەنانـەت ئەوانەشـی لە خۆشـیان جیاببوونەوە، ئەوە مێژوە. خۆم لە ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتم بیسـتوە، گوتویانـە: «پێشـمەرگەکانی ئێـوە هەموو ڕۆشـنبیر و بـە سـەوادن، هی ئێمەش هەمـوو خەڵکی دێهات و بێ سـەوادن، تۆ قسـە بە حیزبە خۆشەویسـتەکەیان دەڵێیت، ئەوانیش تورە دەبن، چەکت لێ دەکێشـن...» ئەوان ڕیزەکانی خۆشیان بەو فەرهەنگە بار هێنابوو،

لە جێی ئەوەی بڵێن وەڵامی قسە، قسەیە، وەڵامی قسە چەک کێشان نییە.

*** ئەگەر دوو هێزی چەکدار هەبێ لە ناوچەیەکی دیاریکراودا و شەڕی ڕاگەیاندن بکەن، پێت وا نییە شەڕەکە دەبێتە شەڕێکی چەکداری؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بابەتەکە شەڕی ڕاگەیاندن نییە، بابەتەکە ڕەخنەی سیاسیی شارستانییانەیە. لە خەباتی سیاسیدا، ململانێی شارستانییانەی ئەحزاب چەکدار بن یا چەکدار نەبن مەفروزە و نابێت زمانی زبر بە کار بێت، نابێت تۆمەت و درۆ هەڵبەستن بێت، نابێ جووڵە و هاندانی شەڕەنگێزانە بێت، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەش بسەلمێنین، کە کۆمەڵگای کوردستان بە بەشی خۆی لە ڕووی فەرهەنگ و مۆڕاڵی سیاسییەوە پێشکەوتوە و شایستەی ئەوەیە، کە لە ئازادییە دیموکراتیکەکان لەوانە: ڕادەربڕینی ئازادانە بەهرەمەند بێت، نابێت بە فەرزی بگرین دوو حیزبی سیاسیی ئۆپۆزسیۆن، کە چەکیان بە دەست بوو، یان دەبێت لە ئاست یەکتر بە تەواوی بێدەنگ بن یان بە چەک بکەونە گیانی یەکتر، با دەسەڵات مافی جەماوەر بێت و لە ڕێگەی دەنگی ئەوانەوە بەڕێوە بچێت، با ململانێی سیاسیی شارستانییانەی

حیزبەکانیش لە جێگەی خۆی بێت و لەو ڕێگەیەوە بەرەو پێش بچێت.

*** حیزبی دیموکرات چووە ناو شووورای میللی مقاومەت، بۆ کۆمەڵە نەچووە ناو ئەم شوورایە، ئایا ئێوە بڕواتان بە دروستکردنی نەبوو، یان لە ڕقی دیموکرات نەچوون؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئێمە جیاوازیی جدیمان لە بەرنامە، لە ستراتیژ و لە ڕێبازی سیاسی لەگەڵ موجاهیدین هەبوو، پێمان وا بوو، کە ئاسۆی ئەوان بۆ دوارۆژی ئێران، جیاواز نییە لە پێکهێنانی حوکوومەتێکی ئیسلامی، ئەوان ڕێکخراوێکی سیاسیی ئایینی بوون و جەماوەری خەڵکی ئێران کەمیان بە دەست ئیسلامیی سیاسییەوە نەچەشتبوو، کە بە قوربانی دان، خۆیان لە چاڵێکەوە بخەنە چاڵێکی ترەوە، ئەوان بە نیسبەت نەتەوەی کوردیشەوە جەوهەری فیکرەکەیان شۆڤێنییە، دواجار حیزبی دیموکراتیش بەو ڕاستییە گەییشت، ئێمە زووتر ئەوەمان دەزانی، تەنانەت ئێمە ڕەخنەمان لە بەرنامەکەیان گرت، بەرنامەی شووورای میللی مقاومەتمان لە نامیلکەیەکدا دایە بەر ڕەخنە و لەوێ دەرمانخستوە، کە ئەمانە بە نیسبەت مافی خەڵکی کورد ڕاستگۆ نین.

*** پێوەندیی ئێوە و حیزبی دیموکرات، کە چووە ناو شەڕی چەکدارییەوە، سەرەتاکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لەو کاتەوە، کە شارەکان چۆڵکران و تەنیا شاری بۆکان بە دەستەوە مابوو، لە شاری بۆکان حیزبی دیموکرات حەرەکەتێکی کرد، کە لە واقیعدا بۆ چاوترسێن کردنی کۆمەڵەش بوو، هێرشی بردە سەر بارەگای ڕێکخراوی پەیکار، کە ڕێکخراوێکی چەپی ئێرانی بوو، شەڕی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئێمە لە سەرەتاوە تێکهەڵچوونی جیاجیا بوو لێرە و لەوێ، یەکەمجار لە ناوچەی ڕەبەت و سەردەشت لە ئاواییی (سیسیر) تێکهەڵچون ڕوویدا و هاوڕێیەکی ئێمە گیانی بەخت کرد، ئەو جار و جارەکانی تریش، کە شەڕی سەرتاسەری نەبوو کۆنترۆڵمان کرد، لێکۆڵینەوەی مەیدانی نیشانیدا، کە لە هیچ کام لەم تێکهەڵچوونانەدا پێشمەرگەی کۆمەڵە دەست پێشخەر نەبوون، ئەو ڕاستییە لە بیرەوەریی چەند کەس لە کادیر و ڕێبەرانیشیاندا هاتوە، ئەو وردە شەڕانە ڕوویاندەدا و گفتوگۆ دەکرا و ڕێککەوتن دەکرا، هەموو ئەوانە تا کاتێک بوو، کە هەموو شارەکان گیرانەوە، شەڕ لە دێهاتدا بوو هێزی ئێمە و ئەوانیش لە هەموو دێهاتی کوردستان بڵاو بووبوونەوە.

ئێستا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەم، کە بە بڕوای من نیشانی دەدات، کە کۆمەڵە دەست پێشخەری ئەو شەڕە نەبووە، کۆمەڵە هۆکاری ئەو شەڕە نەبووە:

**یەکەم**: ئەوە تەنها کۆمەڵە نەبوو، کە زەربەی لە حیزبی دیموکرات دەخوارد، پێش ئێمە ڕێکخراوەکانی «ڕێگای کرێکار»، چەند باڵێک لە «ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران»، ڕێکخراوی «پەیکار»، «یەکێتیی کۆمۆنیستەکان»، هەموو ئەوانە زەبری چەکدارییان لە حیزبی دیموکرات خواردبوو، ساڵانی دواتر تەنانەت هاوڕێیانی ناو خۆشیان، کە دواتر لێیان جیا ببوونەوە کەوتنە بەر ئەو زەربەیە، کە وا بێت، ئەوە تەنها کۆمەڵە نەبوو دەکەوتە بەر پەلاماری پاوانخوازانەی حیزبی دیموکرات، دیارە کۆمەڵە بەهێزتر بوو، لە مەوقیعیەتێکدا نەبوو وەکوو «پەیکار»، یا وەکوو ڕێکخراوە سیاسییەکانی تر، کە ئەو سیاسەتەی حیزبی دیموکراتی بە سەردا تێپەڕ بێت، جگە لەوانە ئێمە بە پێی بۆچوونی خۆمان لە دێهاتی ئازادکراوی کوردستاندا خەڵکەکەمان هاندەدا، بۆ ئەوەی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان شورا پێکبێنن، کە خەڵکی دێیەکە خۆیان

هەڵیـان دەبژارد، دواجار هێزی پێشـمەرگەی حیزبی دیموکـرات، کە ڕێگەی دەکەوتە ئەو دێیە شـوراکەی هەڵدەوەشاندەوە.

**دووەم:** ئێمـە پێمـان وا بـوو، کوردسـتانی ئـازاد دەبێت ئازادیی چالاکیی کۆمۆنیسـتی تێدا بە فەرمیی بناسرێت، کەچی نووسراوە و دروشمەکانی ئێمەیان لێـرە و لـەوێ دەدڕانـد، بەرەبـەرە بـە بۆنـەی وردە شەڕی لێرە و لەوێ بۆنی ئەوەش دەهات، کە حیزبی دیموکرات بیەوێت لە مەیدانێکی گەورەتریشدا هێزی چەکـداری خۆی لـە دژی کۆمەڵە بـە کار بێنێت، ئەو کات حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێران زیاتر لە (12) هەزار پێشمەرگەی هەبوو، لە ڕووی داراییيەوە زۆر لـە ئیمـە دەوڵەمەندتـر بـوو، لـە ڕووی چەک و چۆڵ و تەقەمەنییەوە لە ئێمە زۆر تەیارتر بوو، ئێمە کەمتر لە (4) هەزار پێشـمەرگەمان هەبوو، لە ڕووی داراییيـەوە لـە چـاو ئەواندا هەژار بوویـن، لە ڕووی چـەک و چۆڵـەوە زۆر لـە ئـەوان کەمترمـان هەبوو، مەعقولـە ئێمـە ئەوەنـدە حیسـابمان نەزانیبێـت، کـە (3) هـەزار و وردەیـەک لە (12) هـەزار و وردەیەک کەمترە. ئەویش تازە بەو زەخیرە و ئیمکاناتە مادییە بەربڵاوەی، کە ئەوان لە بەردەستیان بوو.

ئاشکرایە، بەو حیسابەش بێت ئێمە خوازیاری شەڕ نەبووین. ئێمە پێشمان وا نەبوو ئەوە شەڕی پرۆلیتاریا و بۆرژوازییە، کە دەبێ لەو کێو و شاخانەدا تەکلیفی ئەو دوو چینە کۆمەڵایەتییە یەکلا بکرێتەوە، هەڵبەت دوای ئەوەی، کە حیزبی دیموکرات شەڕی سەرانسەریی لەگەڵ ئێمە ڕاگەیاند، بۆچوونێک هەبوو، کە هۆکاری ئەو شەڕە و ئەوەی، کە بۆچی کۆتایی نایەت، بە هەڵە شیکردنەوەی بۆ دەکردا، ئەو بۆچوونە هیچ کات نەبوو بە بنەمای سیاسەتی ئێمە، ئێمە بڕیارنامەی زۆر ڕوونی کۆنگرەکان و ناوەندەکانی بڕیاردانمان هەیە، کە نیشانی دەدات لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەوە شەڕێکی ئایدۆلۆژی نییە، کێشەی ئێمە زۆر سادە بوو لەگەڵ حیزبی دیموکرات، ئێمە دەمانەویست ئازادیی چالاکیی کۆمۆنیستی لە کوردستان دابین بێت، کەس ڕێگری لە چالاکیی کۆمۆنیستی لە کوردستان نەکات، تەنانەت ڕێک دوای کۆتایی هاتنی شەڕ لە ناو ئێمەدا، پێشنیاری ئەوە هاتە گۆڕێ، کە وا باشە هەوڵ بدەین بەرنامەیەکی هاوبەشی خودموختاریمان لە پێناوی مەسەلەی نەتەوایەتی لەگەڵ حیزبی دیموکرات هەبێت، دەفتەری سیاسیی

حیزبـی کۆمۆنیسـتیی ئێـران پێشـنیاری بـە ڕابەری کۆمەڵـە کرد، کە هەوڵ بدات بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی هاوبەشـی خودموختـاری لەگەڵ حیزبـی دیموکرات واژۆ بـکات، جەختیـان کـردەوە لـە سـەر ئـەوەی با حیزبی دیموکرات خۆی لە پرۆسـەکەدا بەشدار بێت، دەمەوێـت بڵێـم ئەو هەمـوو نەرمی نواندنانـە لە نێو ئێمەدا بوو، ئەوانەی کە شـەڕی کۆمەڵە و دیموکرات بـە شـەڕێکی ئایدیۆلـۆژی نـاو دەبـەن، ڕاسـتییەکان چەواشە دەکەن، ئەوە شەڕی ئایدیۆلۆژی نەبوو شەڕ بوو لە سـەر دیموکراسی، لە سـەر ئازادیی چالاکیی کۆمۆنیسـتەکان بوو لە کوردستان، ئەوە واقیعییەتی شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات بوو لە ڕوانگەی ئێمەوە، بە بیر هێنانەوەی ئەمانە بۆچی ئێسـتا پێویسـتە؟ بۆ ئەوەیە بە پشکی خۆمان ڕێگە لە دووپات بوونەوەی بگرین.

*** جیا لەوەی کە سیاسەتی حیزبی دیموکرات چی بێت، ئێوە چ ڕێگەیەکتان گرتە بەر بۆ ئەوەی ئەو شەڕە کۆتایی پێبێت؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** ئێمـە دەبووایـە سـەرەڕای پێداگریی حیزبی دیموکرات لە سەر درێژەی شەڕەکە و دانانـی مەرجـی نادیموکراتیـک، خۆمـان ڕێگەیەک بـۆ کۆتایـی پێهێنانـی ئـەو شـەڕە بدۆزینـەوە، ئێمـە

هەرگیز پێمان وا نەبووە، کوردستان بکەینە مەیدانی یەکلایی کەرەوەی شەڕی پرۆلیتاریا و بۆرژوازی، بەڵام حیزبی دیموکرات لە کۆنگرەی (6)ی خۆیدا بڕیاری دابوو لەوەو دوا، لە هەر شوێنێک شەڕێکی سنووردار لەگەڵ کۆمەڵە هەڵبگیرسێت، بیکەنە شەڕێکی سەرتاسەری، ئێمە دەمانزانی ئەو شەڕە بە کردەوە خزمەت دەکات بە کۆماری ئیسلامی. لە هەنگاوی یەکەمدا، هاندەری کۆکردنەوەی تۆمار لە خەڵکی کوردستان بووین، لە سەر بنەمای ئەو داخوازییە، کە شەڕ دەبێت دەست بە جێ کۆتایی پێبێت، بە هەزاران واژۆ بۆ ئەو مەبەستە کۆکرایەوە، هەنگاوی دووەممان؛ هاوکاریکردن لەگەڵ ناوبژیوانان بوو، بۆ نموونە نوێنەرانی حیزبی سەوزی ئەڵمانیا کەوتنە بەین، مامۆستا شێخ عیزەدین و (5) ڕێکخراوی سیاسیی ئێرانی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی شیوعیی عێراق و گەلێک گرووپ و کەسایەتی تر، حیزبی دیموکرات وەڵامی دەست پێشخەری هیچ کام لەو لایەنانەی نەدایەوە، وەکوو دوایین ڕێگە چارە هەوڵماندا بە پێی سیاسەتێکی جەنگیی دیاریکراو هێزەکانمان لە شەڕ لەگەل حیزبی دیموکرات دەربێنین، واتە سیاسەتمان پەراوێز

خستنی شەڕ لەگەڵ دیموکرات بوو، بەڵام ئەوە چۆن دەکرا؟ ئەو سیاسەتە ئێمەی بەرەو ئەوە دەبرد، کە کوردستان بە نیسبەت بوونی هێزی پێشمەرگە مەنتەقەیی (ناوچەیی) بکەینەوە، لە ناوچەیەکدا، کە هێزی پێشمەرگەی ئەوان زۆرترن، ئێمە پاشەکشە بکەین و لە ناوچەیەکیش، کە هێزی پێشمەرگەی ئەوان کەمترن ئێمە جێگیر بین و ڕێگەی جموجۆڵی پێشمەرگانە بەوان نەدەین، هەتا دەرگیری نەبێت. ئەوە بوو کەم و زۆر کوردستان خەریک بوو دەبوو بە دوو بەش، بەشی باکوور و بەشی باشوور، ناوچەی شلێر، کە شوێنی بەرکەوتن بوو، شەڕی زۆر قورسی تیادا کرا.

دیارە مەبەستم ئەوە نییە هیچ پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکرات لە باشوور نەبوو یا هیچ پێشمەرگەیەکی ئێمە لە باکوور نەبوو، وا نەبوو، بەڵام سیاسەتی جەنگیمان ئەوە بوو بە کردەوە تەمەرکوزی هێزەکان بکەوتایەتە باکوور و باشوور، پێویستە ئەوەش بڵێم، ئەوە بەو مانایە نەبوو، کە ئەو سیاسەتە لە لایەن ئێمەوە بە تەواوی بەو شێوەیەی، کە لێرە باسم کرد بەڕێوە چوو، لە نێو ئێمەشدا هەڵە و لادان لەو سیاسەتە هەبوو، بە داخەوە

کارەساتیشی لێ کەوتەوە، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە نییە لەوانەیە لە کاتی خۆیدا باسی ئەو هەڵانەش بکەین بۆ وانە لێ وەرگرتن و بۆ مێژوو، دەتوانم بڵێم سەرجەمی سیاسەتی جەنگیی ئێمە، کە ڕێبەری ئێمە دایڕشتبوو ئەوە بوو، کە شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات بەم شێوەیەی، کە باسم کرد حیزبی دیموکرات هەر سیاسەتێکی هەبێت لە لایەن ئێمەوە ئەو شەڕە فەرعی بێتەوە و توانای هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە ئەساسەن لە دژی کۆماری ئیسلامی بە کار بێت.

*** حیزبی دیموکرات دەڵێت: «کۆمەڵە نووسیویەتی، کە حیزبی دیموکرات بە فەرمیی دوژمنی کۆمەڵەیە و ئەوەی کە حیزبی دیموکرات دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ، وەک ڕژێمی کۆماری ئیسلامی وایە و هیچ جیاوازیی نییە»، ئەوە کێ نووسیویەتی، ئەوە سیاسەتی فەرمیی کۆمەڵە بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەو ڕستانە ئاوا نەوتراون و نەنووسراون، کە ئێوە باسی دەکەن. هەرگیز ئەوە سیاسەتی فەرمیی کۆمەڵە نەبووە نە پێش شەڕەکان، کە هاوکاریمان بووە بەرانبەر بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و نە لە دوای ئەوەی، کە تەنانەت حیزبی دیموکرات شەڕی سەرانسەریشی لە دژی کۆمەڵە ڕاگەیاند.

*** واتـە ئێـوە ویسـتووتـانە شـەڕەکە ناوچەیـی بێـت و ئەوان بڕیاری سەرانسەری کردنی شەڕەکەیاندا؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** ئێمـە شـەڕمان نەویسـتوە، چ ناوچەیی بێت یان سەرانسەری، شەڕە ناوچەییەکان هەر کامە بە هۆکاری جیاواز ڕوویانداوە و لە سـەر هەمووشیان لێکۆڵینەوە کراوە و وردەکارییەکانی بۆ مێـژوو ڕوونە، حیزبی دیموکرات لە پلینۆمێکی دوای کۆنگرەی (6)ی خۆیدا بڕیاری شەڕی سەرانسەریاندا و ئیتـر شـەڕەکە لە هەموو کوردسـتان پەرەیسـەند، لـەو کاتـەدا، لە ناو ئێمـەدا ئەو باسـە هاتەگۆڕێ، کە ناوەڕۆکـی ئـەو شـەڕە چییە؟ قسـە و باس لە سـەر شـەڕێک، کـە بـە دوور لـە ویسـت و ئیـرادەی ئێمە کەوتبـووەوە لـە نـاو خۆماندا لە گۆڕێدا بـوو، لە ناو ئێمـەدا دوو بۆچـوون هەبـوو: بۆچوونێـک هەبـوو دەیگـوت: ئەو شـەڕە، شـەڕە لە سـەر دیموکراسـی، شـەڕە لـە سـەر ئازادیـی چالاکیـی کۆمۆنیسـتەکان، دەبێـت ئامانجـی ئێمـە و سـەرکەوتن بـۆ ئێمـە لـەو شـەڕەدا دابین بوونی ئازادیی چالاکیی کۆمۆنیسـتی لە کوردستان بێت.

بۆچوونەکەی تریش، لای وا بوو پێویستە بۆ دابین بوونی ئازادیی چالاکیی کۆمۆنیسـتی لە کوردسـتان خەبـات بکەیـن، بـەڵام ئـەم شـەڕەی بـە شـەڕێکی

چینایەتی پێناسـە دەکرد و ئێمە گۆشـەیەک لە سـێ کووچکـەی ڕژێمی ئێران و حیزبـی دیموکراتین. ئەو بۆچوونـە لـە ناوخۆمانـدا پەسـند نەکـرا و هەرگیـز نەبوو بە بنەمای دارِشـتنی سیاسەتی بە کردەوەمان بەرانبەر بە حیزبی دیموکرات.

*** یانی ئەو باسەتان ڕەتکردەوە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەو باسـە بە شـێوەیەکی گشـتی ڕەتکرایـەوە، بـەڵام خاوەنـی ئـەو باسـەش خۆ نەی دەگـوت بە حوکمی خەباتـی چیانەیەتی دەبێت بچین هەڵکوتینە سـەر حیزبی دیموکرات و کێشەکانمان بە چـەک یەکلایی بکەینەوە، ئـەو دەیگوت: «بۆیە لێمان دەدەن، چونکە خاوەنی بیر و بۆچوونێکی چینایەتین، ئێمە دەبێ بەرەنگاری بکەین و نابێت تەسـلیم بین»، ئەو بۆچوونانەی ئەو هاوڕێیانە لە جەوهەری خۆیدا شـەڕخوازانە نەبـوو، تەنانەت هاوڕێـی خاوەنی ئەو بەحسـە خـۆی لـە ئەندازیارانـی دارِشـتنی گەڵاڵـەی هـاوکاری لەگـەڵ حیزبـی دیموکـرات لـە سـاڵەکانی (1978 و 1979) بوو.

*** حیزبـی دیموکـرات جـاری وایە لـە بڵاوکراوەکانـی خۆیاندا بـاس لـەوە دەکـەن، کـە کۆمەڵـە لـە دوو بڵاوکـراوەدا بـاس لەوە**

**دەکات، کـە دەمانویسـت لەگـەڵ کۆمەڵەدا دانیشـین، بـەڵام ئەوان شەڕی ڕاگەیاندنیان گەیاندە ڕادەیەک، کە قسەیان بە ڕەمزەکانمان دەگـوت، بـۆ نموونـە لە شـوێنێکدا دەڵـێ: «ئیبراهیمـی عەلیزادە گوتویەتی؛ قازی محەمەد ئینسـانێکی لیبراڵی خەیاڵی بووە و بە هیچ جۆرێک بەرگریی لە شـۆڕش نەکردوە و لە سێدارەدانیشـی هیچ شانازی نەبوو»، دەڵێن ئەم قسانە وردە وردە وای لێ هات شەڕی لـێ کەوتوەتـەوە، چونکە کادیر و لایەنگرانیانـی تورە کردوە بەم جۆرە لێدوان و بڵاوکراوانە؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** جارێ بـە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەو ڕسـتانە بـەو جـۆرە نەوتـراوە، کـە ئـەوان دەیڵێـن، بۆچوونـی ئێمە لە سـەر کۆمـاری مەهاباد، هەروەها هەڵسەنگاندنمان بۆ قازی محەمەد بە نووسراو هەیە. قازی محەمەد لیبراڵێکی نیشتمانپەروەر بوو، حیسابی وردی بۆ هاوسەنگیی ناوچەیی و جیهانی نەکردبوو، ئـەو ڕاسـتییەی دوای جەنگـی دووەمـی جیهانـی، کـە ئێران بەرەبەرە دەکەوێتە ژێر هەژموونی ئەمریکا بە باشـیی لێک نەدابووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەمیشە لە سـێدارەدانی ناوبراو و هاوڕێیانیمان وەکوو تاوانێک بەرانبـەر بـە نەتەوەی کـورد ناو بـردوە، ئەو جۆرە لێکدانەوانەی کە بۆ هەڵوێستی ئێمە دەکرا، بۆ هاندانی ڕیزەکانیان لە دژی ئێمە بوو.

*** مەرجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕاگرتنی شەڕ چی بوو؟ یەکێک لە مەرجەکانی ئەوەبوو، کە وەک خۆت لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەت بەوە کردوە، کە دەبێت ڕێبەرایەتیی ئەو قەبووڵ بکەن، شەڕی ڕاگەیاندن بوەستێنن، ئایا ئەم مەرجانە ئەوەندە قورس بوون، کە ڕێکنەدەکەوتن لە سەری؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لە ڕاستیدا مەرجەکانی ئەوان بۆ ڕێککەوتن نەبوو، بەڵکوو بۆ ڕێکنەکەوتن بوو، ئەوان دەیانگوت ئێمە بە ڕاگەیەنراوێکی فەرمی ڕای بگەیەنین، کە حیزبی دیموکرات، وەکوو حیزبێکی شۆڕشگێڕ ڕێبەری بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانە و لە دژی حیزبی دیموکرات تەبلیغات نەکەین. لە کاتێکدا، ئەوان دەستیان بۆ چەک بردبوو، لە هەورامان، هاوڕێیانی ئێمەیان لە بارەگاکانمان کۆمەڵکوژ کردبوو، داوایان لە ئێمە دەکرد، کە بەڵێنیان پێ بدەین لە دژی حیزبی دیموکرات دەست بۆ چەک نەبەین، لە حاڵێکدا، مەسەلەکە ڕێک بە پێچەوانەوە بوو...!.

*** باس لەوە دەکرێت حیزبی بەعس ویستوویەتی ئێوە و حیزبی دیموکرات ڕێکبکەون؟ چۆن حیزبی بەعس ئەوەی کرد؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** دەوڵەتی عێراق و کۆماری ئیسلامی لە دۆخی شەڕدا بوون، ئەو شەڕەی ئێمە و حیزبی دیموکرات بەشی زۆری هێزەکانی ئێمەی

بـه خۆیـەوە سـەرقاڵ کردبـوو، کۆماری ئیسـلامیی کەڵکـی لـێ وەردەگـرت، ئـەوە لـە هەمـان کاتـدا، بە زیانـی حوکوومەتـی عێراقیش بـوو، هەیئەتێکی ئێمە و هەیئەتێکـی ئـەوان بانگهێشـت کرایـن بـۆ بەغـداد، قاسـملوو حازر نەبوو لەگەڵ هەیئەتی ئێمە دانیشێت، (فازڵ بەراک سـەرۆکی هەواڵگریی عێراق)، ئەو کات ناوبژیوان بوو، قاسملوو و ئەوان لە دیوێک بوون و هەیئەتەکـەی ئێمـەش لـە دیوێکی تر بـوون، لە نێوان ئێمـە و ئـەوان هاتووچـۆی دەکـرد، ئـەو مەرجانەی حیزبـی دیموکـرات، کە لـە ڕێگەی لایەنـی ناوبژیوان هاتنـە گـۆڕێ و بۆ ئێمە شـایانی قەبـووڵ نەبوون و دەست پێشخەریی عێراقییەکان بێ ئاکام بوو.

*** کـەی شـەڕی ئێـوە و حیزبـی دیموکرات بە تـەواوی کۆتایی هات؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** شـەڕی ئێمە و حیزبی دیموکرات لـە ڕاسـتیدا کاتێـک کۆتایـی هـات، کـە لـە حیزبـی دیموکراتـدا جیابوونـەوە ڕوویـدا، سـەرەتا لـە گـەڵ باڵـی حیزبـی دیموکـرات (ڕێبەرایەتیی شۆڕشـگێڕ)، دواجار لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئاگربەست ڕاگەیەنرا.

*** دەگوترێت ئێوە دەستتان هەبووە لەو لێکترازانەی ناو حیزبی دیموکرات؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئێمە دەستمان نەبوو لە لێکترازانەکەدا، بەڵام پێم وایە شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات زەمینەی ئەو جیابوونەوەی لە ناو حیزبی دیموکراتدا خوڵقاندبوو.

*** ئەمە ساڵی چەند بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** (1987)

*** دەگوترێت دکتۆر قاسملوو لە شەڕی ناوخۆدا ڕۆڵێکی خراپی هەبووە؟ زۆرجار کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات ڕێککەوتوون و ئاگربەستیان قەبووڵ بووە، بەڵام قاسملوو ڕایگرتووە! پێم خۆشە لە زمانی جەنابتەوە بزانم ڕۆڵی قاسملوو چۆن بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** هەموو نیشانەکان وا دەردەخەن، کە دەبێت وا بووبێت، مەرجەکان بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ، کە بە تەواوی دژە دیموکراتیک بوون، لە لایەن ئەوەوە فورمۆلە کرابوون، لە کاتی گەرمەی شەڕەکاندا (شەش) گرووپی سیاسیی ئێرانی و مامۆستا شێخ عیزەدین بوون بە ناوبژیوان و بڕیارنامەیەکیان نووسی، لەگەڵ ئێمە قسەیان کرد و لەگەڵ حیزبی دیموکراتیش قسەیان کرد، هەر

دوولا لـە سـەر ئـەوە ڕێککەوتیـن، ئـەوەش کاتێـک بـوو دکتـور قاسـملوو لـە دەرەوەی وڵات بـوو، لـە سـەر پێشـنیاری لایەنەکانی ناوبژیوان ڕێککەوتین و بڕیاربـوو شـەڕ تـەواو بێت، تەنها ئـەوە مابوو واژۆ بکرێت، بە شاهیدیی ئەو کەسانەی دواجار لە حیزبی دیموکراتی کوردسـتانی ئێران جیابوونەوە و خۆیان لـەو بڕیـارەدا بـوون، ئـەوان دەڵێـن: «قاسـملوو لـە دەرەوەی وڵاتەوە تەلەگرافی بۆ کردوون، کە دەست ڕاگـرن تـا مـن دێمـەوە، کاتێک قاسـلوو لـە دەرەوە دێتەوە، سێ مەرج دادەنێت لە جیاتی ئەو پێشنیارەی شەش جەریانە سیاسییەکە کردوویانە بۆ ڕێککەوتن و لـە واقعیدا قاسـملوو بە کرداریی پێشـی لەوەگرت شەڕ تەواو ببێت».

*** با بێینەوە سـەر باسـی کۆمەڵە، لەوەوە دەسـت پێ بکەین، کـە لـە کۆنگـرەی دوو خیلافاتێـک کەوتـە نـاو کۆمەڵە، لە سـەر خوێندنـەوە بـۆ واقیعـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی ئێـران، کە ئایا دەوڵەتێکی سـەرمایەدارییە یـان دەرەبەگایەتییە، ئەو ناکۆکییانە چی بوون، ئەگەر بە کورتیی بۆمان باس بکەیت؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ناکۆکییەکە لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بـۆ کۆنگـرەی یەکەم، بـە حوکمی ئـەوەی کونگرە لە بارودۆخێکی شۆڕشـگێڕانەدا بەڕێوە چوو، ئەرکێکی

زۆر بەردەرگای پێ گرتبووین، دەرفەتی ئەوە نەبوو بچینە ناو وردەکارییەکانی ئەو بەحسە، زۆر بە کەمیی ئەو باسـانە هاتنە گۆڕێ، بەشـێک لە هاوڕێیان پێیان وا بـوو، کۆمەڵگای ئێران ئەو قۆناغەی تێپەڕ کردوە، کۆمەڵگای ئێران سەرمایەدارییە و ناکۆکیی سەرەکی لـە نێـوان سـەرمایەدار و کرێکاردایـە، بەشـێکیش پێیان وا بوو؛ پاشـماوەی دەرەبەگایەتی هێشتا ماوە، خەبات دژ بەو پاشـماوەیە لە سـتراتیژ و سیاسـەتی ئێمـەدا پێویسـتە ڕەنگ بداتەوە و بـە بۆنەی ئەوەی، کـە کۆنگـرەی یەکـەم نەیتوانی ئـەو بابەتـە یەکلایی بکاتـەوە دوایخسـت بـۆ دەرفەتێکی تـر، کادیرەکانی بەشـداربوو لە کۆنگرەی یەک چوونە شـوێنی کاری خۆیـان بـۆ بەڕێوەبردنـی ئـەو خەباتـە جەماوەرییە، بەڵام باسەکەش هەر وا دەهات و دەچوو لە ناومـاندا، کـە بەنزیکەیی، نزیـک بووینەوە لە (6–7) مانگ پێش کۆنگـرەی دوو، ئیتر بۆچوونەکان وردە وردە گەڵاڵە دەبـن، لـە دوو نامیلکـەی جیـاوازدا بڵاودەبنـەوە، لـە ژێـر ناوی «دیـدگای یـەک» و «دیـدگای دوو»؛ واتـە ڕوانگەی یەک و ڕوانگـەی دوو، ڕوانگەی یەک پێیـان وا بـوو، پڕۆسـەی بـە سـەرمایەداری بوونی ئێـران تـەواو نەبـووە، ڕوانگـەی دوو پێـی وا بـوو؛

ئـەو پرۆسـەیە بە ئاکامـی کۆتاییی خۆی گەییشـتوە و ناکۆکیـی سـەرەکیی لـە ئیـران ناکۆکیـی کرێـکار و سـەرمایەدارە. هـەر کامـە لـەو دوو ڕوانگەیـە بـۆ هەمـوو بوارەکان بڕیارنامەی تایبەتی خۆیان بوو بۆ مەسەلەی جووتیاران، بۆ بارودۆخی سیاسیی ئێران، سـەبارەت بـە هەموو بابەتەکان قسـە و باسـی زۆر کـرا، سـەر ئەنجام، هەر لـە کونگرەدا هـەر دوولا لە سەر «دیدگای دوو» ڕێککەوتین.

*** کێ بوون؟ کە ڕابەرایەتیی دیدگای یەکیان دەکرد؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** ئەوانـەی نوێنەرایەتیـی دیدگای یەکیـان دەکـرد، بە پلەی یەکەم هاوڕێیەکمان بوو، بە ناوی (سەعیدی یەزدیان)، کە لە سێدارەدرا، هەروەها ئیرەجـی فـەرزاد، سـاعیدی وەتـەن دۆسـت و چەند کەسـێکی تر... بەشـێکیش لە ڕێکخسـتنی تارانیشمان ئەو دیدگایەیان هەبوو.

*** ئێوە چۆن بڕواتـان بەوە هێنا، کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێکبێنـن، لـە حاڵێکـدا، ئێـوە لـە کوردسـتان خەباتتـان دەکرد، کەمترین دەرفەت بۆ خەبات هەبوو لە شارەکانی تری ئێران؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** بابەتـی پێکهێنانـی حیزبـی کۆمۆنیستی ئێران بێ زەمینە نەبوو، هەر لە سەرەتای

پێکهاتنـی کۆمەڵەوە ئەو ئاسـۆیەمان لە بەرچاو بوو، یەکێتیـی بزووتنـەوەی کۆمۆنیسـتیی ئێـران یەکێـک لـە ئامانجەکانمـان بوو، بـۆ ئەوە تێکۆشـابووین، وە مەشـخەڵمان بوو، لە کۆنگرەی یەک بە هۆی ئەوەی بارودۆخی کوردسـتان زۆر گۆڕابوو، دەرفەتی ئەوە نەبـوو خۆمـان بـەوەوە خەریـک بکەیـن، هەروەهـا لـە نێوانـی کۆنگـرە یـەک و دوو، لـە کۆنگـرەی دوو بابەتەکـە جارێکی تر هاتەوە بـەر باس، لە کۆنگرەی دوو بڕیارنامەیەکیـش سـەبارەت بـەو بابەتـە درا و بـە پێی ئەو بڕیارنامەیـە، کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە ڕاسـپێررابوو بکەوێتـە شـوێن پڕۆسـەی پێکهێنانـی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، پرسیاری گرینگ ئەوە بوو، کـە لـە ناو چەپی ئێران هاوپەیمانانی ئێمە کێن؟ پێش کۆنگرەی دووی ئێمە، لە تاران کۆنفرانسـێک بەڕێوە چـوو، بـە نـاوی (کۆنفرانسـی وەحـدەت)، نوێنەرانی هەمـوو ئـەو ڕێکخراوە چەپانـەی ئێران، کە بە خەتی سـێ دەناسران لەم کۆنفرانسـەدا بەشدار بوون. لەو کۆنفرانسـەدا، بڕیار بوو ئەو بابەتـە تاوتوێ بکرێت، ئێمەش وەکوو چاودێر بەشداربووین، ئەو کۆنفرانسە بە ئەنجام نەگەیشت، ئەو کاتە چەپی ئێران بە سەر چەند خەتی جیاوازدا دابەش ببوو: (خەتی یەک، خەتی

دوو، خەتـی سـێ، خەتـی چوار و خەتی پێنجیشـمان هەبوو)، کە لە ناو ئەوانەدا ئێمە و بەشێک لە چەپەکان خەتی سێ بووین، ئێمە لە ناو خەتی سێدا دەگەڕاین بـە شـوێن هاوپەیمانانـی خۆمانـدا، لـە کۆنفرانسـی وەحدەت، نزیکایەتی لەگەڵ هەندێک گروپ پەیداببوو، بەڵام ئەم نزیکایەتییە نەگەییشـتە ئاستی هاوپەیمانی، لـەم ماوەیـەدا، لەگـەڵ ڕێکخراوێـک لـە ئێران ئاشـنا بوویـن بە ناوی (اتحاد مبارزین کمونیسـت/ یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست)، نووسراو و ئەدەبییاتەکەی لە کوردسـتان دەگهیشـتە دەسـت ئێمە و لە شاری تارانیش پێوەندیمان هەبوو پێیانەوە.

*** کێ بوون ئەوانەی کە سەروکاری ئەو ڕێکخراوەیان دەکرد؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** ناسـراوترین کەسـایەتییان: (مەنسـووری حیکمـەت، حەمیـد تەقوایـی، ئیرەجـی ئازەرین، ڕەزا موقەدەم و... هتد) بوون.

*** ئەو نزیکایەتییە چۆن بە خێرایی پێک هات و سـەقامگیر بوو؟ خاڵە هاوبەشەکانتان چی بوون؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** وتم ئەدەبیات و نووسراوەکانیان بـە ئێمە دەگەییشـت، لـە ڕووی نووسـراوەکانیانەوە

هەستمان کرد، ئەمان زۆر نزیکن لە ئێمە، هەر بۆیە ئێمەش پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی دوومان نارد بۆ زۆرێک لە چەپەکانی ئێران، بۆ ئەوانیشمان نارد، لە وەڵامدا نامەیەکیان بۆ ئێمە نووسی و نەوارێکیشیان بە دەنگ پڕ کردەوە، وە کۆبوونەوەیەکیشیان کرد لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ئێمە لە تاران، وەکوو (عومەری ئیلخانیزادە)، ( سەعید یەزدیان) و (جەواد مشکی)، تۆماری کۆبوونەوەکە و نووسراوەکانیان بۆ ئێمە، کە کۆمەڵێک ڕەخنەی تێدابوو، جەوهەری ڕەخنەکەیان ئەوەبوو، کە دەیان گوت: «کە ئێوە لە کوردستان توانیوتانە بە سوود وەرگرتن لە کەش و هەوایەکی شۆڕشگێڕانە، کە لە کوردستان خوڵقاوە جەرەیانی کۆمۆنیستی بکەن بە جووڵانەوەیەکی موعتەبەر، لە حاڵێکدا، بە خاتری هەندێک بۆچوونی تیۆریتان، کە ئەگەری هەیە لە کۆتاییدا دروست بێت، بەڵام لە ڕووی تاکتیکییەوە و لە ڕووی سیاسییەوە هەر ئێستا ئێوە لاواز دەکات»، بۆ نموونە دەیان گووت: «ئێوە گوتوتانە پاشماوەی دەرەبەگایەتی نەماوە، ئەوە لە ڕووی شیکاری و تیۆرییەوە لە هەموو ئێران نەماوە، بەڵام ئەگەر بۆ نموونە ئاغایەک، دەرەبەگێک لە جێگایەک لە کوردستان، خۆی بە سەر

جووتیاراندا هەڵدەسوڕێنی، ئێوە هێزی چەکدارتان هەیە، دەبێ بچنە سۆراغیان»، تەنانەت ڕەخنەیان لە ئێمە دەگرت، «کە ئێوە بە دۆزی نەتەوایەتی کەم بایەختان داوە، ئەوەی کە دەبێ حیزب پێک بهێنن، ڕێکخستنی سەرانسەری بن، ئەوەبن.... ئەوانە هەموو شتی باشە، بەڵام ئەگەر ئێوە هەر ئێستا بە نیسبەت ئەو کێشە کۆنکرێتییانەی لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە، لەوانە بابەتی نەتەوایەتی و بابەتی جووتیاران، کەمتەر خەم بن، پێگەی جەماوەریتان لاواز دەبێت»، ڕەخنەکانیانمان سەلماند و بانگهێشتمان کردن بێن بۆ کوردستان، هاتن و لە کوردستان ئیمکانیێتیکمان پێدان، ئەوان لە ئێرانیش لە ژێر فشاردا بوون. ئەوان کۆنگرەی خۆیان لە کوردستان گرت، لە ئاواییەک بە ناوی (زاواکێو) لە ناوچەی سەقز، کە بارەگای مامۆستا شێخ عیزەدینی لێ بوو، ئەوانیش لە کۆنگرەی خۆیاندا، باسی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان کرد، کاتێک نزیک بووینەوە لە کۆنگرەی سێی کۆمەڵە، ڕایەک هاتە گۆڕێ، گوتمان پێش حیزب لە سەر بەرنامە ساغ بینەوە، ئەوەبوو کۆمەڵێک کۆبوونەوەشمان لەگەڵ ئەوان کرد، وە لە سەر بەرنامەیەک بە ناوی بەرنامەی

(حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) ساغ بووینەوە، بێ ئەوەی کە حیزب پێکهاتبێت، گوتمان ئەو بەرنامەیە ڕادەگەیەنین، با هەموو چەپەکانی ئێران بیبینن، با خەڵکی تریش بیبینێت، لە سەر بنەمای ئەو بەرنامەیە حیزبی کۆمۆنیست دروست دەکەین، کۆنگرەی سێی کۆمەڵە ئەو بەرنامەیەی پەسەند کرد، دوای ئەوە لە ناو ئێمە و (ئیتیحادی مبارزین)دا بابەتێک هاتە پێش، کە پێداویستیی پێکهێنانی حیزب چییە، واتە حیزب چۆن پێک دێت، ئایا هەر وا چەند کەسێک لە دەوری یەک کۆببنەوە و دەتوانن حیزب بن؟ بەڵام ئێمە دەمانەوێ حیزبی چینی کرێکار بین، پێویستییەکانی چیین؟ بۆچوونێک هەبوو دەیگوت بەرنامە هەبێ و پەیڕەو هەبێ، بەسە...

بۆچوونێکی تر هەبوو، کە پێی وا بوو، بەرنامە و پەیڕەو لەگەڵ ئەوەی کە پێویستە، بەس نییە، بەڵکوو شتی تریش پێویستە، ئەوان ناوی ئەو شتەی تریان نابوو (سەبکی کار- شێوەی کار) ئێمە ئێستا پێی دەڵێین (ستراتیژ)، بە هەر حاڵ ئەوان پێیان وا بوو، کە ئاشکرایە ئەم حیزبە چۆنیش ئیش دەکات، یانی ئەوە بەرنامەکەیە یان ئەوە ئامانجەکەیە بۆ ئەوەی بەدیبهێنین، بەڵام ئەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆین چۆن

پێیدا دەڕۆین، لە سەر چ شێوەکارێک دەڕۆین، ئەو بابەتانە چەند مانگێک کۆنگرەی دامەزرێنەری حیزبی دواخست.

لەو ماوەیەدا، سمینارێک بە بەشداریی کادرەکانی کۆمەڵە و چەند کەسێکیش لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی چەپی ئیران، لە ژێر ناوی (سیمیناری شیمال) بەڕێوە چوو، ئینجا مایەوە کۆمیسیۆنێک بۆ تەدارووکی کۆنگرە دیاری بکرێ، کە کەسانی وەکوو (د. جەعفەر شەفیعی، عەبدوڵڵای موهتەدی، شوعەیبی زەکەریایی، خەسرەوی داوەر)ی تیا بوو، کۆمیسیۆنی تەداروکی کۆنگرە دوو سێ ئەرکی بۆ دیاری کرابوو، یەکێکیان ئەوەبوو، ئەو بەڵگەنامانەی کە دەبێت لە کۆنگرەدا پەسەند بکرێت، ئامادە بکات. دووهەمیان؛ دیاریکردنی بەشداربووانی کونگرە بوو، کۆمسیۆن نزیکەی (40) کادیری هەڵبژارد، ئەم ئامادەکارییانە نزیکەی ساڵێکی خایاند، لە ناو سازمانەکانی چەپی ئێرانیدا، فراکسیۆنی لایەنگری لە بەرنامەی حیزبی کومونیستیی ئێران پێک هاتن، کۆنگرەی دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیستیی ئێران لە مانگی خەرمانانی ساڵی (1983)، لە ناوچەی ئالانی سەردەشت لە یەکێک لە کێڵگەکانی ئاواییی تیەت

(مێشکەپە) بەڕێوە چوو و لە (11)ی مانگی خەرمانان دا، ڕاگەیاندنـی دامەزرانی حیزب بڵاوبووەوە. دوا بە دوای دەرچوونی ئەو ڕاگەیەنراوە (کۆمەڵە) و (اتحاد مبارزان کمونیسـت) هەر کامە بە ڕاگەیاندنی جیاواز پەیوەست بوونی خۆیان بە حیزب ڕاگەیاند.

*** ئایا هەموو ئەندامانی کۆمەڵە، ڕازی بوون بەم پەیوەست بوونە؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** بـۆ پەیوەسـت بوونـی کۆمەڵە، دەنگی هەموو ئەندامان وەرگیرا.

*** باس لەوە دەکرێت، ڕاپرسیشتان کردوە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بەڵێ... بەڵێ، ڕاپرسـیمان کرد بۆ پەیوەسـت بـوون، لایەنەکانی تریش هەر ڕاپرسـیان کرد، ئێمە ڕاپرسیمان کرد زیاتر ( 90٪)ی ئەندامان و پێشـمەرگەکانی ئێمـە قەبووڵیان کرد بێنە ناو حیزبی کۆمۆنیسـتەوە، بـەو جـۆرە کۆمەڵـە بەیاننامەیەکـی دەرکـرد، کـە لەمـە بـە دوا ئێمـە دێینـە نـاو حیزبـی کۆمۆنیسـتیی ئێرانـەوە، بـەڵام بە پێی ئـەوەی ناوی کۆمەڵـە لـە کوردسـتان ناوێکـی خۆشەویسـت بوو، ناوێکی جێکەوتوو بوو، هەر لە کۆنگرەی دامەزراندندا بڕیـاردرا، کـە ناوی کۆمەڵە بپارێزرێـت، ئامانج ئەوە بوو، ڕۆڵی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردسـتاندا بەم

حەرەکەتە لاواز نەبێت، هەروەها لە پەیڕەوی ناوخۆدا کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بۆ کۆمەڵە لە پێوەندی لەگەڵ خەبات لە دژی ستەمی نەتەوایەتی، بە فەرمیی ناسرا.

*** بەڵام ڕەخنە لە ئێوە دەگیرێ، کە ئێوە لە دێیەکی بچووکی وەک مێشکە پەوە، ویستووتانە کرێکارانی هەموو ئێران ئازاد بکەن و هیچ ڕێکخستنێکی ئەوتۆتان لە شارەکانی تری ئێران نەبووە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەمەی، کە ڕێکخستنی نهێنیمان نەبووە واقیعی نییە، ڕێکخستنی کۆمەڵە لە تاران گیانبەدەر بردوەکان بە جێگەی خۆی، بە دەیان کادیری هەر لە سێدارەدراون، هەروەها (اتحاد مبارزان کمونیست) هەر بەم جۆرە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە لە ڕاستیدا، ئێمە هەموو ئەو پێداویستییانەی پێویست بوو بۆ پێکهاتنی حیزبێکی کۆمۆنیستی نەمان بوو و ئامادە نەبوون.

*** بەس نەدەکرا ئێوە حیزبەکەتان ناو بنێن (حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان)، چونکە زۆربەی زۆری کادیرەکانتان لە کوردستان، کورد بوون، شوێنی خەباتتان کوردستان بوو و کادیرانی سەرکردایەتیشتان کورد بوون؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** گرینگ نییە کورد بوون، گرینگ ئەوەیە کۆمۆنیستیی ئەنترناسیۆنالیست

بوون، ئاسۆی خەباتیان ڕووخاندنی سیستمی سەرمایەداری لە ئێران بوو، ئەو ئەرکە بە تەنیا لە کوردستانەوە جێبەجێ نەدەبوو. کۆمەڵە هەر لە سەرەتای پێکهاتنییەوە بەردەوام هەوڵی دەدا خۆی لە وەها پێکهاتەیەکدا، ببینێتەوە.

*** ئاخر ئەو ڕەخنەیەش لە ئێوە دەگیرێت، کە کوردستان هێشتا لە قۆناغی ئابووریی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری دا بووە، فەرهەنگی سیستەمی دەرەبەگایەتی هەبوو، کە ئێوە دروشمی ئازادکردنی هەموو کرێکارانی ئێرانتان بەرزکردوەتەوە؟!**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** کۆمەڵگای کوردستان بە هەموو پێوەرێک پێی نابووە قۆناغی سەرمایەدارییەوە، ئەو ڕوانگەیە بۆ ئەو کاتەی کوردستانیش نازانستی و ناواقعی بوو. نەشمان گوتوە لە کوردستانەوە هەموو کرێکارانی ئێران ڕزگار دەکەین. گوتومانە حیزبی کۆمۆنیستیی ئێران بە پێی ئەو ئەرکانەی، کە بۆ خۆی دیاری کردوە پێویستە ئەم توانایە بە دەست بێنێت، کە ببێ بە هەوێنی ڕزگاری هەموو چینی کرێکاری ئێران.

هەر ئەو ساڵەی، کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێکهات، بە سەدان هەزار کرێکاری کورد دەچوون بۆ شوێنەکانی تری ئێران و لەو کۆمپانیا و شیرکەتانەی

له تاران، تەبریز، بەندەر عەباس و لە شـیمالی ئێران کاریان دەکرد، هەر ئەو سـاڵە زیاتر له (200) هەزار کرێـکاری کـورد لـە کورەخانەکانـی ئێـران کاریـان دەکـرد و لـە ناوەڕاسـتی مانگـی وەرزی پاییـزەوە دەگەڕانـەوە بـۆ کوردسـتان، لـە مـاوەی دە سـاڵدا پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردسـتان بە تەواوی گۆڕدرا، پێـش ڕیفۆرمەکانـی شـا؛ لـە سـەدا حەفتـای خەڵکی ئێـران بە کوردستانیشـەوە لە دێهـات دەژیان، دوای ئەو ڕیفۆرمانە ڕێژەی شارنشینی گەییشت بە (70٪) و گوندنشـینی بوو بە (30٪)، شـارەکان هەمووی بە چەنـد قـات گەورەبوونەوە، قوتابخانە و دەبیرسـتان و دواجاریـش زانکۆ پەیـدا بوو، ڕێژەی خوێندەواری چووە سەرێ، ئینجا ئەو خەڵکە زۆرەی ڕووی کردە شارەکان بۆ هەمووشی کار پەیدا نەدەبوو.

لـە پەراوێزی شـارەکان شـوێنی نیشـتەجێبوونی ناچاریان دروست دەکرد، وەک: (مەجبوور ئاوا، زۆر ئاوا، لایلۆن ئاوا، حەسیر ئاوا)، سەرجەم سیمای ئەو کۆمەڵگایـە گـۆڕا و ئەو گۆڕانکارییـە ڕەنگی دابوەوە لـە چالاکیـی ڕێکخسـتنی ئێمـەش، ئـەوە ڕوون بوو، کـە لـە کوردسـتانەوە چینـی کرێکاری ئێـران ڕزگار نابێـت، ئـەوە ڕوون بـوو، کە لە هەمـوو ئێرانیش، بە

بێ ئەوەی کە لە شوێنە سەرەکییەکانی کار و ژیانی چینی کرێکار، ئەو شوێنانەی کە جومگەی سەرەکیی سیستمی سەرمایەدارین، حیزبی کۆمۆنیستی تێدا جێگیر بووبێت، شۆڕشی کرێکاری سەرناکەوێ، بەڵام لە هەمان کاتدا، پێمان وا بوو ئێمە بە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستیی ئێران بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆین.

*** زۆرجار لەوەش ڕەخنە لە ئێوە دەگیرێت و دەڵێن لە دۆزی نەتەوایەتی پاشەکشەتان کرد، ئێوە بڕواتان بەوە بوو چینی کرێکار ڕزگار بکرێت، بەڵام لە کوردستان بارەکە بە پێچەوانەیە؛ چینی کرێکار هێشتا پێنەگەیشتوە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بەرنامەی ئێمە بۆ چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوایەتی زۆر ڕوون بوو، لە سەرەتاشەوە تاکوو ئێستا هیچ نا ڕۆشنییەکی تیا نەبووە، ئێمە هەمیشە گوتومانە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ خەڵکی کورد، کە ئەو مافی چارەنووسەش بە مانای مافی جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بێت. دروشمی ئێمە لە دوای ئەوەی حیزبی کۆمۆنیستیی ئێرانمان پێکهێنا؛ لە بواری تاکتیکەوە هەڵچنین و ڕامالینی هێزی داگیرکەر لە کوردستان، ئێمە دەمانگوت جیابوونەوە مافی خەڵکی کوردە بۆ مانەوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیش لە ئێران، مەرجی

ئێمە بەڕێوە چوونی بەرنامەیەکە بۆ دەسەڵاتداریێتیی جەمـاوەر، کـە ڕامـان گەیانـدوە. هـەر دەوڵەتێـک لە ئێران لە سـەر کاربێت، ئەگەر خەڵکی کورد نەیەوێت جیابێتـەوە دەبێـت ئـەو بەرنامەیە لە لایـەن دەوڵەتی ناوەنـدی بـە فەرمیـی بناسـرێت و پێویسـتییەکانی بەڕێـوە چوونی دابیـن بکرێت. حیزبی کۆمۆنیسـتیی ئێـران، نـەک هەر نەبـوو بە ڕێگرێک لە سـەر ڕێگای ئەوە، بەڵکوو ئەوە خەتی ئێمەی شـەفافتر کرد، ئەمە بەشـێک لە موخالیفینی سیاسـیی ئێمە، کە بە بڕوای مـن زۆرتـر ناسیۆنالیسـتەکانی کورد، کە لـە واقیعدا موخالیفینی سیاسـیمان بوون، ئەوانەیان پێ نیسبەت دەداین و لە هیچ نووسراوە و بەڵگەنامەیەکی ئێمەدا و لە کردەوە و لە تاکتیکی سیاسیماندا هیچ خۆلادان و کەمتەرخەمییەک بەرانبەر بە مەسـەلەی نەتەوایەتیی نابینی.

*** هەڵوێسـتی (ئیتحادی مبارزان) وەکوو هەڵوێسـتی کوردەکان وا بـوو، چونکـە هەندێـک دەڵێـن مەنسـوری حیکمەت دژی پرسـی نەتەوایەتی بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** تا کاتێک لەگەڵ ئێمە بوو هیچ کاتێک بچووکترین نیشـانەیەک لە هیچ نووسراوێکی مەنسور حیکمـەت نییە، بـەڵام دوای جیابوونەوەیـان لە حیزبی

کۆمۆنیستیی ئێران بەرانبەر بە دۆزی نەتەوایەتی؛ تا ڕادەیەک گۆڕانکاریی لە هەڵوێستیاندا دەبینرێت.

*** لە دوای کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستیی ئێرانەوە ئایا چ ئاڵوگۆڕێک گۆڕانکارییەک بە ئاڕاستەی باش بوون لە ناو ڕێکخستن و خەباتی ئێوەدا پێکهات؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لە قۆناغی یەکەمدا، بەشێک لەو هەڵسوڕاوانەی لە ناوەوەی ئێران هەمان بوو، بە نهێنیی هێنایەوە بۆ کوردستان، لێرە مەدرەسەمان بۆ دانان و ئەوانەمان یەکە یەکە ناردەوە، چەندین سندوقی پۆستمان لە دەرەوەی وڵات دیاری کرد، داوامانکرد بەوەی گوزارشت و ڕاپۆرتمان بۆ بنێرن، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لافاوێک لە نامە ڕووی تێکردین، یانی جاری وا بوو ڕۆژانە (150) نامە دەگەییشتە سندوقەکانی ئێمە، بەڵام ئەوە دەورەیەکە وردە وردە کۆماری ئیسلامیش کەم و کوڕییەکانی خۆی لە دەسەڵاتدارییەتیدا چارەسەر دەکات و هێرشێکی یەکجار زۆر توند دێنێت بۆ سەر هەموو نەیارانی خۆی، بۆ سەر چەپ و کۆمۆنیستەکانیش، ئیتر دەیان کەسی ئێمە لە تاران و شارەکانی تر گیران و لە سێدارەدران، نزیک بە (20) هەزار کادیری کۆمۆنیست بە گشتیی لە ڕێگای

پاکستان، تورکیا، کوردستانی عێراق و لە ڕێگای شێخ نشینەکانەوە هەڵهاتن، بە هەزارانی کوژران، ئەوە هەموو چالاکییەکی ئەگەر نەڵێم بە تەواوی بەربەست کرد، بەڵام زۆر بەرتەسکی کردەوە.

لە ناو سندوقی پۆستەکان ئیدارەی پۆستی ئێران، ئەو نامانەی هەموو دەدبینییەوە و فڕێی دەدان، جگە لەوە شەڕی ئێران و عێراق بەرپابوو، شارەکان بۆمباران دەکرا، مووشەک باران دەکران، کارخانە و کارگە، کە شوێنی کار و چالاکیی ئێمە بوو، زۆربەی داخرا و دەرگای کارخانەکان دەبەسترا، هەموو کرێکاران ڕاپێچ دەکران بۆ مەیدانی شەڕ، لە ڕاستیدا ئەو شەڕە سیمای ژیانی لە ئێران گۆڕی و کۆمەڵگا بۆ ماوەی هەشت ساڵ بە بارودۆخێکی زۆر نائاساییدا تێپەڕی.

*** کۆمەڵێک لە پەیڕەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دیموکرات جیادەبنەوە و بەو ناوەوە لە ململانێدا بوون لەگەڵ حیزبی دیموکرات، پێوەندیتان لەگەڵ ئەم گروپە چۆن بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئێمە هیچ کاریگەرییەکمان لە سەر ئەو جیابوونەوەیەیان نەبوو، ئەوانە بەشێک بوون لە حیزبی تودە و ئەوانە دەیانویست خەباتی چەکداری نەبێت، هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵ ئەوان نەبوو...

*** باس لەوە دەکرێت، کە کۆمەڵە (مەلا کەریمی شاریکەندی) تیرۆرکردوە، چونکە مەلا کەریم ویستویەتی دەستپێشخەرییەک لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار و حوکومەت بکات. ئایا مەلا کەریم چۆن بوو لە نەزەری ئێوە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** مەلا کەریم مەیلی سازان بوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بەڵام ئێمە هیچ پلانێکمان بۆ تیرۆری ئەو نەبوو...

*** یانی ئێوە تیرۆرتان نەکردوە، چونکە حیزبی دیموکرات ئێوە بەو تیرۆرە تاوانبار دەکات؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لە لایەن کۆمەڵەوە هیچ بڕیارێک بۆ تیرۆری مەلا کەریم نەدراوە.

*** یانی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی نەبوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** نەخێر، بەڵام ئەو ساڵانە زۆر شتی ناڕۆشن دەکرا، ئێستاش نازانین کێ کردی؟ بەڵام یەکێک بڵێ پێشبینیم ئەوەیە، لایەنگرێکی کۆمەڵە کردویەتی لەوانەیە پێشبینییەکەی دروست بێت، چونکە مەلا کەریمی شاریکەندی ئەو کاتە مەیلە و سازان بوو لەگەڵ ڕژێم، گەنجان و خەڵکیش ئەوەیان پێ ناخۆش بوو، چونکە زۆر خەڵک لەو ساڵانەدا

کوژران، بە بێ ئەوەی بڕیاری هیچ کەس بێت، لەبەر ئـەوە بە قەتعـی دەڵێم تیرۆری شـاریکەندی بڕیاری ئێمە نەبوو، بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی نەبوو.

*** بـاس لـەوە دەکرێـت، ئێوە بەیاننامەتـان دەرکردوە، کە بۆ نموونە بۆنی ئەوەی لێ هاتوە، کە خۆتـان تیرۆرتـان کردبێت؟**

**ئیبراهیـم عەلیزادە:** بەیاننامەی ئێمە بۆنی ئەوەی لێ نەهاتـوە، بەیاننامـەی ئێمە باسـی ڕۆڵـی خراپی مەلا کەریمی کردوە.

*** یانی دەستتان لەو تیرۆرەدا نییە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** نەخێر.

*** حامیـد بەگـی جـاف چـۆن تیرۆرکـرا، دەوترێـت ئەویـش چەپەکان تیرۆریان کردوە؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** حامیـد بەگـی جـاف، سـازمانی چریکـی فیدایـی تیرۆریـان کـرد، ئـەوەش بابەتەکـە ئەوەبـوو، بـە گشـتی حیزبی تـودە لە ئاسـتی ئێراندا ڕاگەیاندنێکی زۆری خستبووە ڕێ، کە ئەم جووڵانەوە چەکدارانەی لە کوردستاندا بەرپابووە، بە پشتگیریی بەعس و ئەمریکایە، ئەمریکا دەیەوێت ڕژێمی تازەی ئێران بڕووخێنێت، بۆیە گێچەڵی بۆ دروسـت دەکات،

لەو مەرزانەی ئێران و عێراق، لە کوردستان خەریکە دارودەستە چەکدار دەکات، کابرایەکی سەربازی بە ناوی ( پالیزبان)، ئەویش هەر خەریکی ئەوانە بوو، ئەوە دارودەستی پالیزبانن، ئەوە بڵاوکراوە بوو، سازمانی چریکی فیدایی کەوتبووە دوای ئەو بڵاوکراوەیە و (حامید بەگی جاف) سەرۆک عەشیرەتێک بوو، خۆشی کەسێکی تا ڕادەیەک سیاسی بوو، بەڵام چەکی لە بەعس و لە عێراق وەردەگرت ئەو کاتە، چریکی فیدایی بۆ ئەوەی کە ئەو بڵاوکراوانە، پوچەڵ بکاتەوە حامیدبەگیان کەوتە دەست، بردیان و لە سێدارایاندا.

*** بەس ئێوە هەڵوێستتان لە سەر لە سێدارەدانەکەی چی بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئێمە پێمان باش نەبوو.

*** باس لەوە دەکرێت، ئەوە لە لاوازیی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە بووە، کە چەپەکانی تر دەهاتن لە کوردستان کۆمەڵێک کاری لەو شێوەیەیان دەکرد، تا چەند ئەو ڕەخنەیە واقیعییە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لە یەک لحازەوە ئەوەی سازمانی چریکی فیدایی خەلقی ئێران توانی بۆ ماوەیەک لە کوردستان پێگە پەیدا بکات، بە بڕوای من سەرچاوەکەی لەو بۆشاییانەدا بوو، کە کۆمەڵە

بـه جێـی هێشـتبوو، ئـەوە تـا ڕادەیـەک واقیعییـە، ئەمەیـان سـازمانێکی گـەورە بـوون، ئەمـان بۆچـی توانیـان بەشـێک لـە ڕووناکبیرانی کـورد بەرەو لای خۆیـان ڕابکێشـن! ئەوە دەگەڕێتـەوە بۆ کەموکوڕیی ئێمـە، لەو کاتانەدا ئێمە ڕێکخراوێکی زۆر سـەختگیر بووین لە وەرگرتنی کەسـی تازە بۆ ناو ڕیزەکانمان، دەرگای ڕێکخـراو بەسـترا بـوو بـە ڕووی زۆربـەی ئـەو کەسـانەی، کـە شـەپۆلی شـۆڕش هێنابوونییـە مەیدانـی خەباتـی سیاسـییەوە، ژمارەیەکـی زۆر لـە گەنجانی کورد ڕوویان کردە سـازمانە سیاسییەکان، کەچی کۆمەڵە هێشـتا ئـەو بارودۆخە تازەیەی درک نەکردبـوو، دەرگای خـۆی بـۆ ئـەو هەمـوو خەڵکـە نەکردبـووەوە، کـە دەهاتن، ئەوانیش سیاسـي بوون و بەشـێکی دەچوونـە نـاو چریکـی فیدایی، بەشـێکی دەچوونە ناو حیزبی تودە.

*** هەر لە سەر باسی کۆنگرەی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستیی ئێران، مام جەلالیش لەوێ بوو؟ هەڵوێستی چی بوو؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** مـام جـەلال لـە کۆنگـرەی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستیی ئێران نەبوو، بەڵام لە کۆنگرەی سێی کۆمەڵەدا بوو، کە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیسـتیی ئێـران پەسـەند کرا، دیـارە مام جەلال

تێبینیی خۆی هەبوو، چوونی ئێمەی بەرەو پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی پێ باش نەبوو... هەم ئەو و هەم (کاک مـەلا بەختیار) لەو کۆنگرەیەی ئێمەدا بەشـدار بـوون و ڕەخنەکانـی خۆیـان بـە زمانێکی دۆسـتانە باس کرد.

* **پێوەندیتان لەگەڵ یەکێتیدا چۆن بوو لەو ماوەیەدا؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** دۆسـتانە بوو، زۆر سـەردان و دانیشتن هەبوو، تەنانەت (اتحاد مبارزان کمونیست) یـش جاروبـار لـەو دانیشـتنانەدا بەشـدار دەبـوون، (مەنسـوری حیکمـەت) لـە کۆنگرەی سـێی کۆمەڵەدا وتارێکـی پێشکەشـکرد، یەکـەم کـەس تەعریفـی وتارەکەی کرد مام جەلال بوو، گوتی: «بە بڕوای من ئەو قسانەی ئەو کوڕە دەیکات، ژیرانەیە و دەتوانێت ڕێ نیشاندەر بێت».

* **لـە سـاڵی (1983) بـە دواوە، زۆربـەی پارتە سیاسـییە بەرهەڵسـتکارەکانی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران هاتنـە ئـەم دیـوو (مەبەسـت دیوی باشـووری کوردسـتانە)، ئەو گۆڕانکارییە گەورانە چی بوون، کە لە خەباتی ئێوە هاتەدی؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** لـەو سـاڵەدا، بـارەگای سەرکردایەتییمان هاتە ئەم دیو لە هەموو ناوچەکان

لە باشوورەوە هەتا باکوور هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بوونیان هەبوو، جەولە بوون، تەنانەت ناوچەی ئازادی بچووکیش هەبوو.

*** ئەو گۆڕانکارییانە چی بوون، کە لە دوای کۆنگرەی (5) هاتنە ئاراوە، سەبارەت بە خەباتی چەکداری و سیاسیی ئێوە، بە تایبەت لە دوای ئەوەی بارەگاکانتان دێنە باشووری کوردستان و شەڕی ناوخۆ لە سەر سنوورەکان دەست پێ دەکات؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** کۆنگرەی (5)ی کۆمەڵە لە بارودۆخێکدا بەڕێوە چوو، کە خەباتی چەکداری کەوتبووە ژێر فشارەوە، کەم و زۆر هیچ ناوچەیەکی ڕزگارکراو نەمابوو، خەباتی پێشمەرگانە شکڵی پارتیزانی نە زۆر کلاسیکی بوو، دەستەی گەڕۆکی گەورە گەورە تا (200) پێشمەرگە دەگەڕان، بەڵام ئیتر ئاشکرایە، کە وردە وردە ئەم شێوەیەش فشاری دەکەوێتە سەر، بەڵام کۆنگرەی (5) لە بارودۆخێکدا بەڕێوە چوو، ئێمەی ناچار کرد ئارایشێکی نیزامی تایبەت بە خۆمان بگرین.

*** شەڕی ناوخۆ چۆن کۆتایی هات؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەوە کاتێکە هێندەمان هێنا و برد، کە ئێمە ستراتیژێکمان ڕەچاوکرد، ستراتیژەکەشمان

ئەوەبوو، کە کارێکی وەها بکەین هێزەکان لە تێکهەڵچوون دووربخەینەوە، ئەوە ئێمەی برد بەرەو بیرۆکەی دابەشکردنی کوردستان، یانی ئێمە گوتمان هێزەکانمان لە باکوور دەکشێنینەوە، دەیبەین بەرەو باشوور، ئەوان لە باشوور دەردەکەین، بۆ ئەوەی کە بەرکەوتنمان نەبێ لەگەڵ یەکتر، وە شەڕەکە بەم شێوەیە بە کرداریی کۆتایی هات... ئێستا، کە بە فەرمی و بە بڕیار کۆتایی پێ نایەت، دەبێت سنوورێکی بۆ دابنێین، لەوەوە کۆتایی هات؛ ئەوەبوو هێزەکانمان لە هەموو ناوچەکانی باکووری کوردستان لە مەهاباد، ورمێ، بۆکان و تا سنووری سەقز کشاندەوە و فشاریشمان بۆ ئەوان هێنا، کە ئەمانیش بەشێکی زۆر لە هێزەکانی خۆیان لە باشووری کوردستان کشاندەوە، وای لێ هات کە ئیتر دوو شەڕی چارەنووسسازیش لە ناوچەی شلێر، کە خەتی بەرکەوتنی هەر دوو لابوو کرا.

شەڕەکە بە کرداری کۆتایی پێ هات، جاروبار ئەگەری هەبوو لە شوێنێک لایەنگرێک، پێشمەرگەیەک، کە پەراوێز کەوتبوو توشی کێشەیەک ببێت، بەڵام ئیتر وردە وردە بە کرداریی شەڕەکە کۆتایی پێ هاتبوو، ئەوە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە واقیعەتێکی تاڵی تر

ئەوەبوو لە ماوەی ئەو شــەڕەدا، کۆماری ئیســلامیی ئێـران زۆرتریـن دەرفەتی بە دەســت هێنا، پایەگاکان و بنکەکانی خۆی لە هەموو شـوێنەکانی کوردســتان مەحکــەم کـرد، بـۆ مێـژوو پێتــان دەڵێـم بەڵگەیـەک لـە لایـەن حیزبـی دیموکراتــەوە کەوتــە دەســتمان، کـە پەیامێـک بوو سـوپای پاسـداران ناردبـووی بۆ بەرپرســی حیزبـی دیموکرات لە ناوچــەی بۆکان، لە پەیامەکــەدا هاتبوو ئەگــەر ئێوە هەماهەنگیمان لەگەڵ بکەن ئێمە بۆ شــەڕی کۆمەڵە چاوپۆشــی دەکەین لە هاتوچـۆی هێزەکانتان لە بەردەم پایەگاکانی خۆمان، ئێمە ئامادەین موهیمات (فیشەک و لۆجیستیکتان) بۆ دابین بکەین، ئێمە ئامادەین بۆ ئەوەی بریندارەکانتان ئەگەر بێنە لای ئێمە بۆتان دەرمان بکەین و بینێرینەوە بـۆ لاتــان، بـۆ پـارەش «در باز و کیسـه بـاز». ئەو پێشـنیهادەیان کردبـوو، بەرپرســی ناوچـەی بـۆکان پەیامەکــەی ناردبـوو بـۆ دەفتەری سیاسـیی حیزبی دیموکـرات، مـن ناڵێم ئـەو ڕێککەوتنە کرا، مەبەسـتم ئەوەیـە کۆمـاری ئیسـلامی بـۆ کەڵـک وەرگرتـن لە ناکۆکییەکانــی ئێمــە ئامــادە بوو هەتا ئــەو ڕادەیەش بچێتە پێش. لە سـەرەوەی هەمـوو بڵاوکراوەیەکمان نووسـرابوو، «هەڵچنین و ڕاماڵینـی هێزی داگیرکەر

له كوردستان» ئەوە ستراتیژی نیزامی ئێمە بووە، بەڵام ئەو شەڕی ناوخۆیە هەر دوولامانی زۆر لاواز کرد و توانای پاراستنی هیچ شوێنێکی ڕزگارکراومان نەما، کۆماری ئیسلامی بە تەواویی دەرفەتی بۆ ڕەخسا و ئیتر ئەو دەرفەتەی بۆ ئێمە نەهێشتەوە، کە بتوانین شوێن ئازاد بکەین، کۆنگرەی پێنجی کۆمەڵە هەوڵیدا وەڵامی ئەو بارودۆخە تازەیە بداتەوە.

*** ئەو وەڵامە چی بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** گوتمان بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان سێ بواری سەرەکیی هەیە، کە پێویستە شان بە شانی یەک بەرەوپێش ببرێن:

**یەکەم:** بزووتنەوەی جەماوەری لە دژی کۆماری ئیسلامی بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی و دابینکردنی هەموو ئازادییەکی دیموکراتیک لە کوردستانی ئازادکراودا، ئەو بزووتنەوەیە واقیعی بوو، لە شێوەی جۆراوجۆریشدا خۆی نیشان دەدا، کاتێک خەڵکی گەڕەکێک خۆپیشاندانیان دەکرد، داوای ئاو و کارەبایان دەکرد، داوای بێهداشت و دەرمانیان دەکرد، داخوازیی دیاریکراویان هەبوو، دەچوون بەردەرگای ئیدارە دەوڵەتییەکانیان دەگرت

یـا بە هەر شـێوەیەکی تر ناڕەزایەتییـان دەردەبڕی، ئەوەش دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی جەماوەر زەرفیەت و تواناکانیان بۆ چالاکیی گەورەتر گەشە پێ بدەن.

**دووەم:** بزووتنـەوەی کرێـکاری بـوو، بزووتنەوەی کرێکاریش لەو دەورەیەدا لە کوردسـتان سـەریهەڵدا بـوو، چەندیـن چالاکیـی گـەورە کرابـوو، بـە تایبەت کرێکارانی (کورەخانەکان)، مەسەلەی کوورەخانەکان زۆر گرینگ بوو لە کوردسـتان، بۆیەش گرینگ بوو، چونکـە لە کوردسـتان پیشەسـازیی گەشـەکردووی پێشـکەوتوومان زۆر کـەم هەبـوو، خەڵـک هەمووی ڕووی دەکـردە ئـەو بوارە، زۆربـەی کورەخانەکانی خشـت؛ کرێکاری کوردسـتانی تێدابوون، بە نزیکەیی چەند سەد هەزار کەسێک دەبوو، جموجۆڵ و چالاکیی کرێکاریـش بوارێکـی واقیعیی خەبات لە کوردسـتان بوو. بۆ نموونە: یەکەم خۆپیشـاندانێک، کە لە شـاری (سـنە) ڕوویـدا کرێـکاری بوو لـە ڕۆژی یەکی ئایار، کـە لـە کاتێکدا، کە لە ئێران خەفەقان بەتەواوی حاکم بوو، لە کوردستان خۆپیشاندانی کرێکاری دەکرا.

**سـێیەم:** بزووتنـەوەی چەکـداری، کۆنگـرەی (5) بـەوە دەناسـرێتەوە، کـە هەوڵـدەدات بۆ ئـەوەی کە پێوەندییەکـی دیالێکتیکـی دابمەزرێنێـت لـە نێـوان

ئـەو سـێ بزووتنەوەیەدا و لـە تێکهەڵپێکانـی ئەوانە، ستراتیژی بۆ سەرکەوتن دیاری بکات.

*** مامۆستا قۆناغێکی تری ژیانی سیاسیی ئێوە لە دوای ساڵی (1991)ەوە دەست پـێ دەکات، ئایـا کۆماری ئیسـلامیی لە دوای نـەوەدەکان وەکـوو حیزبـی دیموکـرات هێرشـی کردنە سـەر، وەکوو ئەوەی لە ساڵی (1996) هێرشی کردە سەر ئەوان؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بەڵێ، لە واقیع دا هێرشـی کرد، بۆ نموونە هێرشەکانی بەو شێوەیە بوو، کە تیمی بچووکی دەنارد بۆ ئەو ئۆردوگایەی ئێمە لێرە یان لە شوێنەکانی تر، بە خومپارە و ئارپ بی جی تەقەی لێ دەکردین، یان لە سنووری مەریوان تۆپخانەیەکیان دامەزراندبوو، کە ئـەو ئۆردوگایەی ئێمەی تۆپباران دەکرد. وێنەکانیمان هەیـە، جگـە لەوانە بە کاری تیرۆریسـتی تیمی دەنارد و ژمارەیەکی زۆر لە کادیرەکانی ئێمە یان هی حیزبی دیموکراتیان تیرۆرکرد.

*** مامۆسـتا ئێوە سـاڵی (1995)، کۆنگرەی (8) دەبەستن و کێشـە دروسـت دەبێـت لەگەڵ کاک عەبدوڵڵای موهتـەدی، ئایا ئەو کێشانە چی بوون دروست بوون؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** کۆنگـرەی هەشـت خـۆی هیـچ کێشـەیەکی جدیی تێدا نەبوو، دوای کۆنگرەی هەشت ئـەو قسـانەی، کـە لـە کۆنگـرەی هەشـتدا کرابـوون

ئەوانە بەرجەستەکرانەوە و دووبارە هاتنەوە ڕوو، کرانە بنەما بۆ پاساوی جیابوونەوە، لەبەر ئەوە بەحسەکانی کۆنگرەی هەشت بەڵگەنامەکانی هەیە، کە دەیان خوێنینەوە ئەم هەموە تیۆرییە هەڵناگرێت، کە سواری کراوە. بۆ نموونە من لەو کونگرەیەدا گوتومە: «ئەگەر حیزبی دیموکرات هێزی خۆی لە دۆزی نەتەوایەتی وەردەگرێت، سەرچاوەی هێز و توانای ئێمە وەکوو هێزێکی کۆمۆنیست خەباتی چینایەتی و بزووتنەوەی کرێکارییە»، گوتومە: «ئەگەر ئێمە وەکوو چەپ و کۆمۆنیست بناغەی چالاکیی خۆمان لە سەر خەباتی چینایەتی دابمەزرێنین، ئێمە هێز لەوە وەردەگرین، پێویستە پێگەمان لەم بوارەدا جێگیر بێت تا بتوانین ستراتیژی خۆمان لە خەباتی خۆمان بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە ستەمی نەتەوایەتیش بەرەو پێش بەرین. حیزبی دیموکرات هەموو بوونی خۆی بە دۆزی نەتەوایەتییەوە گرێداوە، ئەو هێز لەوەوە وەردەگرێت، ئەوان کادیریان بۆ ئەو کارە لە ئێمە زۆرترە، ئەوان سوونەت و سابیقەیان زۆرترە، پشتیوانیی فلانیان لەگەڵدایە، ئێمە دەبێت ڕەوتێکی جیاواز بین تەنیا بە خەباتی نەتەوایەتی ئێمە ناتوانیین ببین بە هێزی یەکەم لە کوردستان».

ئەمە وتەیەکی زارەکیی ناو شیکردنەوەی ڕاپۆرتێک بـوو، کاک عەبدوڵـڵا ئەو تیـۆری جیابوونەوەیە یا لە واقیعدا پاساوی جیابوونەوەکەی خۆی لە سەر ئەوە دارشت.

**٭ دەگوترێـت کاک عەبدوڵـڵا پارەی وەرگرتوە لە ئیدارەی ئەو کاتــەی سلێمانی؛ بە بـێ ئاگاداریی کۆمیتــەی ناوەندیتان، دواتر دەبێتە کێشە، ئەوە چی بوو؟ وردەکارییەکانی چی بوو؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** ئـەوە بابەتێکی ترە، مەسـەلەکە بریتییە لەوە، کە کاک عەبدوڵڵا و هاوبیرەکانی سـاغ دەبنـەوە لـە سـەر ئـەوەی کۆنگـرەی (9)ی کۆمەڵـە بگـرن، مـن ئەوکات لـە دەرەوەی وڵات بـووم، بەڵام ئـەو کاتـە بە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کادیرە دێرینەکانی ئێمە، چووبوون بۆ دەرەوە، لە ناوەوەش بارودۆخەکـە وا نەبـوو کادیـرە نهێنییەکانـی ناوەوە بهێنیـت بـۆ ئێـرە، ئـەو هاوڕێیانـەش، کـە چووبوون هەندێکـی لـە دەرەوە یان کرێکار بـوون یان پەنابەر بوون و هێشتا جێگەیەکی سەقامگیریان نەبوو، نەیان دەتوانی بە پارەی خۆیان بێنەوە بۆ کوردستان.

کاک عەبدوڵـڵا بیـر لـەوە دەکاتـەوە، کـە ئەگـەر کۆنگرەیەکـی ئاوا بگیـرێ، لەوانەیە ئەو بۆچوونانەی ئـەو هەیەتی یـان ئەو بەرەیەی، کە ئەو هەیەتی تێیدا

سەرنەکەوێت و وا باشە، کە ئەم ئیمکانیاتێکی مادیی هەبێت، تاکوو ئەو برادەرانەی، کە لە دەرەوەن و پشتیوانی لە بەرەکەی ئەو دەکەن و پارەیان نییە، بتوانن بێنەوە و بەشداریی خۆیان لە کۆنگرە بکەن و هاوسەنگیی کۆنگرەکە بگۆڕن، ئەوەی کە من دەڵێم پێشبینیی منە، چونکە هەرگیز ناڵێم کاک عەبدوڵڵا پارەی بۆ مەبەستی کەسیی وەرگرتوە، بە ئامانجێکی سیاسیی، کە هەیبوو، پێی وا بوو پارەیەکی بە دەستەوە بێت و بلیتی فڕۆکەیان بۆ بکڕێت و خەرجی ڕێگەیان بدات و هەموو ئەوانە، دەتوانێت ژمارەیەکی زۆرتر لە کادیرەکان بێنێتەوە ئێرە، لەو کۆنگرەیە و هاوسەنگییەکە بگۆڕێ بە قازانجی خۆی بێ گومان ئەو کاتەش تەنیا جێگەیەک، کە هەبوو مام جەلال بوو، ئەویش بە مام جەلال ناڵێت پلانێکی ئاوام هەیە و وەکوو کۆمەڵە داوای پارەی لێ دەکات و لە ڕێگەی نوێنەرەکەمان لە شاری سلێمانی وەری دەگرێت.

* **نوێنەری ئێوە کێ بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** فاروق بابامیری بوو، لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا هاوهەڵوێست بوون لەو قەزیەیەدا، کاک عەبدوڵڵا لەگەڵ مام جەلال قسە دەکات، مام

جەلال دەڵێت» دۆخی داراییمان ئێستا باش نییە، بەڵام مادام پێویستتانە ئێمەماڵمان لەگەڵ ئێوە بەش نەکراوە، ئەوەندە بڕە پارە مانگانە لە ئێمە وەربگرن، ئیمکاناتمان باشتر بوو یارمەتیی زیاترتان دەدەین.

*** پارەکە چەند بوو؟ ئەوەندە زۆر بوو، کە کێشەی لە سەر ساز بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بۆ ئەو کاتە زۆر بوو، بۆ ئێستا نا، بۆ نموونە بڵێین سەرجەم لە ئاستی چەند دەفتەرێکدا بوو، کێشە تەنها لە سەر ئەوە ساز نەبوو، گۆڕانکارییەکان لە بۆچوون و فیکری کاک عەبدوڵڵا هاوکات بوو لەگەڵ گۆڕانکارییەکی سیاسییش لە ئێران، ئەو دەورەیە خاتەمی دێتە سەرکار و بابەتی چاکسازیی سیاسی لە ئێران دێتە گۆڕێ، مام جەلال پێی وا بوو، هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران دەبێت خۆیان لەگەڵ ئەو ڕەوتە ڕێکبخەن، ئەو پێی وا بوو، داهاتووی سیاسیی ئێران ئەو ڕەوتە دیاری دەکات و ئەوانە ئێران دەبەنەوە سەر دۆخی جارانی خۆی، وردە وردە دەیکەنە وڵاتێکی مۆدێرن و کەم کەم پاشەکشە بە حوکوومەتی ئیسلامی دەکرێت و ئەمە سەرەتاکانییەتی، خەڵکی کورد نابێ لەو ڕەوتە دوا بکەوێ و دەبێت خۆی لەگەڵدا ڕێکبخات، بەڵام

بینیمان ئەو ڕەوتە لە ئێران زۆر زوو پەکی کەوت و پاشەکشەی پێکرا، ئیتر کەس نەیدەتوانی ئومێدی پێی هەبێت، کاک عەبدوڵڵا وردە وردە خۆی لێ دوور خستەوە.

* **کاک عەبدوڵلا باسی وەرگرتنی پارەی نەکردبوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** تەنیا لای چەند کەسێک، کە لەخۆی نزیک بوون باسی کردبوو، کاتێک بە هەڵکەوت ئاشکرا بوو، کاک عەبدوڵڵا پێی لە هەڵەکەی خۆی نا و ڕەخنەی لە خۆی گرت، دوای ئەوەش ئیستعفایدا لە کۆمیتەی ناوەندی، هەر چەندە ئیستعفاکەمان لێ قەبووڵ نەکرد لە سەرەتاوە، بەڵام ئەویش پرۆسەیەک بوو کێشەکە لە سەر ئەوەبوو، کە ئەوە هەڵەیە؛ جا ئایا هەڵەیەکی ڕێکخراوەییە یان هەڵەیەکی سیاسییە، کە ئەم خۆی و هەندێک لەو هاوڕێیانەی کە لەگەڵی بوون، دەیانگوت هەڵەیەکی ڕێکخراوەییە، ئێمە دەمانگوت نەخێر، ئەوە هەڵەیەکی سیاسییە، هۆکاری هەبووە و نەخشەیەکی هەبووە لەو پێناوەدا.

* **لە ساڵی (2000) کێشەکانی ناو کۆمەڵە دەتەقنەوە و لێکترازان دروست دەبێت، ئەو کێشانە چی بوون وای کرد، کە جیابوونەوە ڕوویدات؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** کاتێک بەحسەکان گەییشتە ئێرە و نووسراوەکان دەرچوون، یانی هەر کەسێک هەڵوێست و ڕوانگە و بۆچوونی خۆی دەنووسی، جیاوازییەکان تا ڕادەیەکی زۆر دەرکەوتن، ئێمە هەوڵمان دەدا جیابوونەوە ڕوو نەدات، چونکە لامان وا بوو، کە باسەکان و جیاوازییەکان بە ڕادەی پێویست ڕوون نین، جەماوەری خەڵک لە دەرەوەی خۆمان لێی ئاگادار نین، بەڵام کاک عەبدوڵڵا و هاوڕێیانی بۆ مانەوە و جیانەبوونەوە مەرجیان هەبوو.

*** مەرجەکانیان چی بوون؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** سەرجەم (20%)ی ئەندامانی ڕێکخستنەکەی ئێمە لەگەڵ ئەوان بوو، بەڵام ئەوان دەیانگوت: «ئێمە بێین بە بێ کۆنگرە سەرکردایەتی دابەش بکەین؛ پەنجا بە پەنجا، نیوەی ئێمە و نیوەی ئەوان»، ئێمەش دەمانگوت: «بچینە ناو کۆنگرەوە و لەوێ هەڵبژاردن بکەین»، بەڵام دەیانگوت: «ئێمە لە هەڵبژاردن دەکەوینە کەمایەتییەوە و دوایش ئاشکرا نییە چیمان بە سەر دێنن، وردە وردە ژێر پێمان خاڵی دەکەن و ئۆرگانەکانمان لێ دەسەننەوە، چ دەکەن و چ ناکەن...» ئێمەش دەمانگوت: «ئەو کارانە لە سوونەتی ئێمە نییە و نایکەین، بەڵام ئێمە ناتوانین

بە سەر سەری کۆنگرە و دەنگی ئەندامانماندا ڕێبەرایەتی دابەش بکەین و مافی ئەوەمان نییە»، فۆرمەڵەهای جۆراوجۆر هەبوو بۆ ئەو بابەتە.

مام جەلال خۆی زۆر لە نێوانماندا هات و چوو، گەلاڵەیەکی هێنا، گەلاڵەکەی لە واقیعدا لۆگۆیەکی وەکوو یەکێتیی نیشتمانی لە بەرچاو بوو، ئەو دەیگوت ئێوە ئەو واقیعە قەبووڵ بکەن، کە دوو باڵن، ئینجا لە بەرەیەک یان نیمچە بەرەیەکدا پێکەوە کار بکەن، خۆشی نووسیویەتی و واژۆی کردوە، بۆی ناردین و ئەو گەلاڵەیە لە لایەن ئێمەوە ڕەتکرایەوە...

*** بۆچی ڕەتتان کردەوە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئێمە پێمان وا بوو، کە ئەو گەلاڵەیە لە کۆتاییدا پێشی جیابوونەوەی پێ ناگیرێ، ئەوان زووتر لەوەی کە چاوەڕوانیش دەکرێ جیادەبنەوە... ئەو گەلاڵەیە جیابوونەوەیەکی مسۆگەر دەخاتە بەر دەستیان، بە تایبەت کۆمەڵە باسکی چەکداری هەبوو، زۆر نیگەرانی پەرەسەندنی ناکۆکییەکان لە ناو ئەو هێزەدا بووین. گوتمان لە سەر بنەمای ئەوە، کە تا ئێستا هاتوە، بە پێی پەیڕەو دانیشین و کۆنگرە بگرین، کۆنگرە ئەگەر شتێکی نادیموکراتیکی تێدابوو قەبووڵتان نەبێت و ئەو کاتە کۆنگرە ڕەت بکەنەوە.

*** بەس لە کۆنگرە کاک عەبدوڵڵا دەڵێت، پلانیان لێ گێڕاوە بۆ ئەوەی دەرنەچێت، ئەو پلانە چی بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** نا بە هیچ جۆرێک هیچ پلانێک نەبوو، هەر چی هەبوو لە ڕوو بوو، ئەو بابەتەی، کە ئەو کردبووی جیاوازیی ڕێکخستنی کردبوو، ئەوە کاریگەریی دانابوو لە سەر هاوڕێکان، ئەو نیگەران بوو، کە بێتە ناو کۆنگرە دەنگ نەهێنێتەوە، ئێمە دڵنیا بووین لەوەی کونگرە بە هەست کردن بە بەرپرسیارێتیی وا دەنگ نادات، کە ڕێگە بۆ جیابوونەوە خۆش بکات، بەڵام ئەوان کۆنگرەیەکیان بەرگە نەدەگرت، کە تێیدا کەمایەتی بن، ئەوە ڕۆحێکی نادیموکراتی بوو، کە بە سەریاندا زاڵ بوو.

*** هەر نەهاتە کۆنگرەوە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** نا... نەهاتە کۆنگرەوە..

*** ئەی ئەوان بیانوویان ئەوەبوو، کە دەڵێن: کۆمەڵەمان ساغ کردوەتەوە؟ ئەو ساغ کردنەوەیە لە ڕووی فیکرییەوە چۆن بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لە ڕووی فیکرییەوە هیچ بنەمایەکی نەبوو، لەبەر ئەوەی؛ ئەوەی ئێستا دەیڵێن بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕۆژەی کە جیابوونەوە، ئەو بەرنامەی کارەی، کە نووسیویانە ڕۆژی یەکەم

بەوە دەست پێ دەکات: «حیزبی ئێمە حیزبێکی سۆسیالیستی کرێکارییە»، ئەگەر مێژوونووسێک بێت ئەوانە بخوێنێتەوە و ئەو دۆکۆمێنتانەی ئەوان بخوێنێتەوە، سەری سووڕدەمێنێت، کە بۆچی دەبێت ئەوان بە وەها بۆچوونێک جیابووبێتنەوە؟ جگە ئەوەی، کە ئەمان دەیانزانی (ژمارەیەک بوون، کە دەیانزانی) ئەگەر ئەو نییەتەی، کە ئێستا هەیانە، هەر ئەو ڕۆژە بەو شێوازە دەری بخەن، ئەو (20%)یش، کە هەیانە لەگەڵیان نامێنێت، بۆچی؟ چونکە هەموو ئەو کادیرانەی لەگەڵ ئەوان چوون لە سوننەتێکی چەپ و ڕادیکاڵدا پەروەردە بوون، پێشبینیی تریان هەبوو، لە چالاکی و کار و تێکۆشاندا، لەبەر ئەوە کاک عەبدوڵڵا سەرپۆشێکی لە واقیعدا، ڕادیکاڵ و چەپی بە سەر بۆچوونەکەی خۆیدا هێنابوو.

*** مامۆستا گیان، پێم باشە کەمێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە و بزانین جەماعەتی مەنسوری حیکمەت و ئەوان چییان لێ هات و چییان بە سەرهات؟ کە لە دوای ساڵی (1991)ەوە جیابوونەوە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەوانە، کە جیابوونەوە حیزبێکی تازەیان ڕاگەیاند، تیۆری و بۆچوونەکانی خۆیان بۆ پاساوی ئەو جیابوونەوەیە بە وردی نووسیوە و بڵاوبووەتەوە، هەموو جیاوازییەکان دەکرا دیالۆگی

زۆرتریان لە سەر بکرێ و لە یەک نزیکمان بکاتەوە، جگە لە یەک جیاوازی نەبێت، کە ئەوەشیان بە هۆی دوو کرداری جیاواز، کە لێی دەکەوتەوە، چارەسەرێکی نەبوو.

ئەوان لایان وا بوو، کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق، لە واقیعدا کۆتاییی بزووتنەوەی خەڵکی کوردە لە خۆرهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت بزووتنەوەی چەکداری، ئاخر هەناسەکانی خۆی هەڵدەمژێ؛ ئیتر لە کوردستانی عێراق جێیەک نییە بۆ مانەوەی ئێمە، لایەنی ئێمە بڕیاری لە سەر مانەوە و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان بوو، ئێمە پێمان وا بوو ئەو بارودۆخە کاتییە و دەرفەتی کار و چالاکی لەو ناوچەیە بۆ ئیمە هەر ماوە، ئەوان لایەنی خۆیان هاندا بۆ ئەوەی ئەو ناوچەیە بە جێبێڵن، بەڵام لەو ماوەیەدا شتێکی تر ڕوویدا ئەویش شەڕی کوەیت بوو، لە واقیعدا دوو ڕووداو بوو، یەکێک ئەوەیە ئاشکرا بوو، سوڵحی ئێران و عێراق هێندە سوڵحێکی پتەو نییە، کە ئەوان دوای هەشت ساڵ دەست لە ملی یەکتر بکەن و تەواو ئاشت ببنەوە، کێشەکان هەر وا مانەوە و عێراق ئامادە نەبوو غەرامە بدات، دە ساڵ تا سیانزە

ساڵ گوزەرا، هەتا توانیان دیلەکانی شەڕ ئاڵوگۆڕ پێ بکەن، هەزاران دیلی عێراق لە ئێران مانەوە و هەزاران دیلی ئێرانیش لە عێراق مابوونەوە.

کە شەڕی کوەیت دەستی پێ کرد، ئەو کاتە ڕژێمی عێراق کەوتە ژێر فشارەوە و لە بەشێکیدا ڕاپەڕین کرا، لە کوردستانی عێراق و هەموو ئەوانە، ئیتر ئەمان بە بڕوای من دەرکی ئەوەیان کرد، کە پەلەیان کردوە. واقیعیەتێکی تریش ئەوەیە، ڕەوتی ئێمە لە کوردستانی عێراقیش هەژموونی پەیدا کردبوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی سیاسی و چەپی کوردستانی عێراق لە سەر بەرەی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە بوون، کە لێکترازانەکەش ڕوویدا، بەشێکی زۆریان لەگەڵ ئەوان ڕۆیشتن، کاتێک تێگەییشتن، کە بڕیاری هەڵە و بە پەلەیان داوە فرسەتەکانیان لە دەست دابوو، ئەمە خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو، کە تێیدا هەڵەت کرد بە ئاسانی قەرەبوو ناکرێتەوە. ئەوان لەو فرسەتە، کە ڕاپەڕین هەبوو لێرە، ڕاپەڕینیان نەفی دەکردەوە، دژی ڕاپەڕین بوون، پێیان وا بوو ئەوە پلانی ئەمریکایە لێرە بەڕێوە دەچێت، هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لێرە بوون، پێیان کۆنەپەرستانە

بوو، پێیان وا بوو ئەمریکا بە کۆمەکی ناسیۆنالیزمی کورد ئەوەی کردوە، بەڵام واقیعییەتەکان دوایی نیشانیدا وا نییە و دەرفەت بۆ کار و چالاکیی ئەوانیش هەیە، کە بمێننەوە و هیچ نابێت، کاتێ خەڵک ئەوەی لێ قەبووڵ نەدەکردن، لە سەر هەموو دار و دیوارێک دەیاننووسی (ناسۆنالیزم شەرمەزارییە بۆ مرۆڤ)، کە جێگەیەک نەدەمایەوە بۆ ئەوان، بۆیە پەشیمان بوونەوە و نەیانتوانی جێگەی خۆیان لێرە بگرنەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی تیۆرییەکانی مەنسوری حیکمەت پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی لە دەست بدات.

*** کە چوونە ئەورووپا، ئەوانیش دواتر خۆیان توشی لێکترازان و دابەشبوون بوون؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەوە ساڵانی دواترە، یەک جیابوونەوەی زۆر سەرەکی، کە لەواندا ڕوویدا، ئەوە ئەو کاتەی، کە مەنسوری حیکمەت مابوو، ئیرەجی ئازەرین و ڕەزا موقەدەم و ئەوانە ڕەوتی سۆسالیستیان لێ جیاکردەوە، ئەوان جیابوونەوە، دوای مەرگی مەنسوری حیکمەتیش، دوو بۆ چەند دابڕانی تر لە ناویاندا ڕوویدا.

*** مامۆستا گیان ئەوانە لە واقیعی ئێران دا جەماوەریان هەیە؟ چۆنە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەوەی ڕاستی بێت بەشێکی زۆر لە هەژموونی ئەوان هەڵدەگەڕێتەوە بۆ هەژموونی کۆنی کۆمەڵە، لەبەر ئەوەی ئەو کادیرانە لە کۆمەڵەدا بوون و لەگەڵ ئەوان ڕۆیشتن، هەر کەسە بە نیسبەتی خۆی لە ناو شار و شوێنی ژیانی کۆنی خۆی و کەسوکار و خانەوادەی خۆی هەژموونێکی هەیە، ئەم کادیرە کۆنانەی کۆمەڵە، کە لە نێوانیاندا مانەوە، بە هۆی ئەوانەوە جێ پێیەکی بەرتەسکیان لە شارەکانی کوردستان ماوە، لە ئاستی سەرانسەری ئێرانیشدا، بە هۆی ئەوەی، کە مەنسوری حیکمەت تیۆری و قسە و باسی هەبوو لە سەر بارودۆخی ئێستای ئێران و هەندێک بابەتی تیۆریی سەرنجڕاکێش، سەرنجی ژمارەیەک لە ڕوناکبیرانی چەپی ناوخۆی کۆمەڵگای ئێران؛ بە تایبەت لە زانکۆکان بەرەو خۆی ڕاکێشا، ناتوانم بڵێم هیچ هەژموونیان نییە، بەڵام ئەگەر بارودۆخی سیاسیی ئێران بگۆڕێت و دەرفەت بۆ دەرکەوتنیان دووبارە سەر هەڵبداتەوە، ئەوانیش ڕەوتێکی سیاسی و دیاریکراون لە کۆمەڵگەی ئێراندا.

*** لە دوای جیابوونەوەی ئەو باڵەی خۆیان ناو نا (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیی زەحمەتکێشانی کوردستان)، جیابوونەوەیەکی تر لە نێو ئێوەدا ڕوودەدات، بە ناوی (ڕەوتی سۆسیالیستی کۆمەڵە)ی (ساعیدی وەتەن دۆست) و هاوڕێکانی، هۆکاری جیابوونەوەی ئەوان چی بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەوان لە ئێمە جیابوونەوە، بەشێک لەو برادەرانەی ئێمە پێیان وا بوو، کە ئێمە واز لە حیزبی کۆمۆنیستیی ئێران بێنین، لە فیکری ئەوەدا بین، کە بەرەبەرە حیزبی کۆمۆنیستیی کوردستان دروست بکەین، یانی ئەوان لە سەر بنەمای کۆمۆنیزم و بیروبۆچونی مارکیسستی لەگەڵ ئێمە جیاوازییەکمان نەبوو، بەڵام لە ڕووی ڕیز بەستنی ڕێکخستن و ئارایشتی ڕێکخستنەوە ئەوان دەیانگوت، توانای ئەوەمان نییە، کە حیزبی کۆمۆنیستیی ئێران بەڕێوەبەرین. ئێمە لە کوردستان هەژموونێکمان هەیە، ئیمکاناتێکمان هەیە، هەر ئەوە بگرین و هەر ئەوە بەهێز بکەین، واز لە حیزبی کۆمۆنیستیی ئێران بێنین، ئێمە لە سەر بنەمای ئەوە پلاتفۆڕمێکمان نووسی، پلاتفۆڕمێکمان هەبوو، ئێمە بوونی ئەوانمان وەکوو بۆچوونێک لە ناو خۆماندا قەبووڵکرد و بە ناوی فراکسیۆنێک بوونیان بە فەرمیی ناسرا و مافیشیان بۆ دیاری

کرا لە لەحاز تەشکیلاتییەوە، لە کۆنگرەکانیشدا بەشداریان دەکرد، بەڵام کات تێپەڕی، هەندێک کاری خیلافی لەواندا ڕوویدا، ئێمە بۆ نموونە ئەوەی بۆیان دیاری کرابوو، کە ئێوە وەکوو فیکر و وەکوو بیر و بۆچوون دەتوانن فیکر و دید و بۆچوونی خۆتان باس بکەن، بڵاوی بکەنەوە و لە ئۆردوگاکانی ئێمەدا بینووسن، کۆبوونەوە بکەن، هەموو ئەوانە، بەڵام ناتوانن کۆبوونەوەی داخراو بکەن.

*** یانی ئەوان کۆبوونەوەی داخراویان دەکرد؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** کۆبوونەوەی داخراویان دەکرد، کە کۆبوونەوەیەک بکەن کەسی تر نەتوانێ بێتە ناوی! بۆ باسی چی دەکەن لەوێ؟! ئەگەر باسی سیاسییە هەموو کەس پێویستە بیبیستێت، ئەگەر باسی سیاسیی نییە، بۆچی دەیشارنەوە؟ یەکەم شت کۆبوونەوەی داخراو بوو، دوەم شت ئەوەبوو، کە ئەمان لەو ناوەندەی خۆیان، کە دروستیان کردبوو، کەسانێکیان لە دەرەوەی کۆمەڵە هێنابووە ناو ناوەندەکەیانەوە.

*** بە بێ پرسی سەرکردایەتی؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بە نهێنی و بە بێ پرس ناوەندێکیان دروست کردبوو، کەس هەبوو، کە ئێستا هاوڕێی زۆر خۆشەویستی منە، بە نهێنیی لەگەڵیان بوو، هەندێک کاری تریشیان کرد، کە نەشیاو بوو، هەر هەڵەیەک لەم لا یان لەو لا ڕووی دابێت، ئێستا هاوپەیمانی ئێمەن لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی تر، نامەوێت بچمە ناو وردەکارییەکان، چونکە هەموویان هاوڕێی زۆر خۆشەویستمن.

*** ئاخر مامۆستا گیان، وەکوو مێژوو پێمان خۆشە باس بکرێ؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لە ڕاستیدا، ئە وکات هەموو ئارایش و هەڵسوکەوتیان مانای ئەوەی دەدا، کە خۆیان بۆ جیابوونەوەیەک ئامادە دەکەن، ئێمە لە ڕوانگەی خۆمانەوە پێش دەستیمان کرد و بڕیاری دەرکردنماندان، پێم وایە ئێمەش پەلەمان کرد، دەبووایە زۆرتر بەرگەمان بگرتایە تا ڕاستییەکان ڕۆشنتر ببنەوە.

*** گرینگترین ئەو کەسانە کێ بوون، کە پێشینەیەکیان هەبوو لێرە و لەگەڵیان ڕۆیشتن، وەکوو ناوی دیار؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەوانەی ئەو کاتە لەگەڵیان

چوون، له ئاستی کادره سەرەکییەکانیان، هاوڕێیان: (مینەی حیسامی، ساعیدی وەتەن دۆست، فاروق نەقشی، فەرەیدون دارایی، جەعفەر ئەمینزادە، حبیب الله کیلانەای، ڕەحمان غولامی) و کەسی تریش، کە لەوانەیە ناویانم لە بیر نەبێت، بەڵام لە دەرەوەی ئێمەش کەسانێک هەبوون، کە پێشتر ڕۆیشتبوون و ئەوانیش لەگەڵیان بوون، وەکوو هاوڕێیان (یوسف ئەردەلان، شوعەیب زەکەریایی، وەحید عابدی) و کەسانی تریش.

*** وەکوو هاوفیکرییان یان هاوڕێیەتیی مێژوویی؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** هاوڕێیەتیی مێژوویی جێگەی خۆی هەیە و بە ئاسانی دەناسرێتەوە، بەلام لە ڕووی سیاسی و فیکریشەوە لە یەک نزیک بوون.

*** ئەی ئەوان وەکوو جەماوەر، هەست دەکەن جەماوەریان لە ناو کۆمەڵەدا ماوە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەوان کەسایەتیی ناسراون، پێشینەیەکی دوور و درێژیان لە خەباتی کۆمۆنیستی و لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا هەیە، هەر کامیان بچنەوە ناو شاری خۆیان، خەڵکیان لێ کۆدەبێتەوە، هەر کام لەوانە یانی هەرە کادیرە

کۆنەکانی کۆمەڵە بوون و لە ناو کۆمەڵەدا دۆستانی دێرینی، خۆیان هەیە، بەڵام جەماوەرییان نییە.

*** دواتر باڵێکی تر لە شۆڕشگێڕ جیادەبێتەوە، ئەویش باڵی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانە، بە بڕوای مامۆستا ئیبراهیم ئەوەیان لە سەر چی بوو؟ کە پێشتر ئەوان هاوفیکر بوون لە (2000)؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەو لێکۆڵینەوەیە بە وردی پێویستە لە لایەن خۆیانەوە بکرێت، ئێمە وەکوو چاودێرێک لە دوورەوە هەست دەکەین جیابوونەوەی ئەوان هیچ بنەمایەکی سیاسیی نەبوو، تەنها کێشەی ڕێکخراوەیی بوو. هەڵبەتە هەندێک خیلافیان هەبوو، کە جدی بوو، یەک لەوانە ئەوەندەی من زانیبێتم، هەڵویستیان بوو بەرانبەر بە ئێمە، باڵی کاک عەبدوللا توندڕەو بوون، تەنانەت جارێکیش کەسی ناردە سەر ئۆردوگای ئێمە و تەقەیان لێ کردین، هەڵبەت کارێکیان بۆ نەکرا، لێرە و لەوێ بیانوویان بە هاوڕێیانی ئێمە دەگرت و شەڕیان پێ دەفرۆشتن، ئەو باڵەی، کە لێیان جیابوونەوە لەگەڵ ئەو سیاسەتە نەبوون.

*** لە دوای کێشمەکێش بوو، دوایی چۆن چارەسەر بوو؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** جیاوازییەکانیان پەرەی سەند و جیابوونەوە، ماوەیەک دواتر، ژمارەیەکی بەرچاو لە

کارەکانی ڕێبەرایەتیش لێیان جیابوونەوە و ناوی خۆیان نا «ڕەوتی یەکگرتنەوەی کۆمەڵە».

*** دەگوترێ، کە باڵی کاک عەبدوڵلا لەگەڵ نوێنەرانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی دانیشتنیان هەبووە؟ ئەو بابەتە چۆن بووە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بەڵێ ئەوە ڕاستە. کەمتر لە ساڵێک دوای جیابوونەوە لە ئێمە، دانیشتنێکیان لە سلێمانی بە ناوبژیوانیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری سلێمانی هەبووە، دیارە ئاکامێکی نەبووە و ئامانجی کۆماری ئیسلامی، تەنیا ناوزڕاندنی ئەوان بووە.

*** ڕەوتی یەکگرتنەوەی کۆمەڵە ئاکامەکەی بە چی گەییشت؟ بۆ هەوڵتان نەدا یەکبگرنەوە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** کاری ئەو ڕەوتە هیچ ئاکامێکی نەبوو، پاش ماوەیەک ئەوانیش لە یەک جیابوونەوە.

*** مامۆستا لەو ماوەیە، کە ئێوە لێرە نیشتەجێن، کۆماری ئیسلامیی ئێران پێوەندیی پێوە نەکردوون تا دانووستان بکەن؟ لە ساڵی (1991-2017)....**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** نا، هەرگیز.

*** ئـەی خـۆت مامۆسـتا؛ تـا ئێسـتا ڕووبـەڕوو جەنابـت دانەنیشتووی لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** هەرگیـز ئەوەیان نەکـردوە، تەنیا یەک شت نەبێت، دوای ئەوەی کە (خاتەمی) هاتە سەر حوکم لە سـاڵی (1376)ی هەتـاوی (1997)، ئەو کاتە پەیامێک دەنێرن لە ڕێگەی مام جەلالەوە بۆ کۆمەڵە و دیموکـرات، کە لە ناو کۆماری ئیسـلامییدا باڵێک هەیە پێی خۆشە کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکات، بەڵام بە گوتەی ئەوان ئەمە دەبێت کاری بۆ بکرێت و ڕێگەی بـۆ خـۆش بکرێـت، ئێـوە فەرمـوون بـا هەیئەتێـک لـە کوردەکانی دەرەوە (کوردەکانی ناسـراو) ئەمانە سـاز بکەن و بێنەوە ئێران و سەردانی ئێران بکەن و ببینن، کە بارەکە گۆڕاوە. ئەوە بوو، کە (پێش جیابوونەوەکەی کاک عەبدوڵلا و ئەوان بوو)، کاک (سەلاحی موهتەدی) هـەوڵ دەدات ئەو هەیئەتە سـاز بـکات، بەڵام ڕێک لەو کاتانـەی، کـە هەیئەتـە خەریکبـوو بچێتەوە بـۆ ئێران، باڵـی توونـدڕەو لـە نـاوەوەی ئێـران هێرشـێکی زۆر توندی کردە سـەر باڵی (ئیسـلاح تەلەب)، «ئەنساری حیزبوڵلا»، دوو وەزیری کابینەی خاتەمیان لە بەردەم زانکـۆی تـاران دایـە بـەر شـەق، دواتـر ژمارەیەک لە ڕووناکبیرانـی هـەرە بەرجەسـتەی ئێرانیـان گـرت و کوشتیانن، کە بە کوشتنە زنجیرەییەکان ناسراوە.

*** یانی دانیشتنەکە نەکرا؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** گوتیان دانیشـتنەکە لە ئێران نا، مام جـەلال بـڕوای وا بوو، کە هێشـتا زەمینە مـاوە با لەبار نەچێ، لە بارەگای یەکێتی لە دیمەشق ئەو کۆبوونەوەیە کـرا، (کاک سـەلاحی موهتـەدی) دەچێـت لـەوێ قسـە دەکات و بەرپرسـی یەکێتیـی ئـەو کاتـە لە شـام لەوێ ئامادە دەبێت، بێ گومان گفتوگۆکە هەر ئەوە دەبێت.

*** ئێوە نوێنەرتان هەبوو وەک کۆمەڵە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** نەخێر.

*** کەسی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تێدابوو؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** نـا، مەئمـووری نەناسـراوی ئیتلاعات بوون، ئەسڵەن ئاشکرا نەبوو ناویان چییە...!

*** یانی خەڵکی دیار و کاربەدەست نەبوون؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** نەخێـر، هەتـا نـاوی واقیعیـی خۆشـیان نەگوتبـوو، کەسـی دیـار و بـە دەسـەڵات نەبوون.

*** مامۆسـتا گیان پرسـیارێکی تایبەت لە سـەر کاک سـەلاحی موهتـەدی، لـە تەواوی ئـەو جیابوونەوانە تاوەکوو ئێسـتا، ڕۆڵی**

**کاک سەلاح چی بوو؟ قسەکەری خێر بوو لە نێوانتاندا یان ڕای چی بوو لە دەرەوەی کۆمەڵە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** کاک سەلاحی موهتەدی، کەسێکە هەر لە سەرەتاوە دۆستی ئێمە بووە، تا ئەمڕۆ یەک خەتی جێگیری هەبووە، یانی کاک سەلاح لاینەداوە لە خەتی خۆی، کاک سەلاح هەمیشە کوردایەتییەکی مەیلەو یەکێتیی نیشتمانیی کردوە، ڕۆشنبیر و خاوەن قەڵەمی خۆی بوو، دۆستی نزیک و ڕاوێژکاری مام جەلال بوو، وەکوو پۆستی ڕێکخراوەیی جێگە و شوێنێکی لە ناو یەکێتی نەبوو، بەلام کاک سەلاح یەکێتی بوو، کاک سەلاح هەولّیدا بۆ ئەوەی کاریگەریمان لە سەر دابنێت بۆ ئەوەی، کە پارتنێر و هاوپەیمانی یەکێتی بین لە کوردستانی خۆرهەلات، جیابوونەوەکانی ناو کۆمەڵە کاریگەریی ئەم و ئەویان لە دەرەوەی خۆمان لە سەر نەبووە، هەر چی ڕوویداوە هۆکاری بابەتیی لە ناو خودی کۆمەڵەدا بووە.

*** هەوڵیداوە لە بەینی ئەو جیابوونەوانەدا دەست تێوەردان بکات و نەهێڵێت ڕووبدات؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** نا نەم بیستوە، بە بڕوای من ئەوەی نەکردوە، ئەو پێی وا بوو، کە کۆمەڵە

دەبێت یەکدەست بێتەوە، ئەو ناسیۆنالیستێک بوو و کوردایەتیی دەکرد، کوردایەتییەکی بە ڕاستیی ڕێکوپێکیشی دەکرد.

*** لە تەواوی ئەو جیابوونەوانەدا، کە تا ئێستا لە کۆمەڵە ڕوویداوە، هەوڵێکی یەکگرتنەوەی ئەم باڵە جیاوازانەی، کە بە ناوی (کۆمەڵە)وە چالاکیی سیاسی دەکەن ڕوویداوە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** نا هەوڵی یەکگرتنەوە بە هیچ جۆرێک نەدراوە، هەوڵی یەکگرتنەوە دراوە لە بەینی کاک عومەر و کاک عەبدوڵڵا، تەنانەت لە نێوان ڕەوتی سۆسیالیست و کاک عومەر و ئەوانە، بەڵام ئەو هەوڵانە ڕوویان لە ئێمە نەبووە.

*** ئەگەر سەیر بکەین، ئێوە یەک ئاڵاتان هەیە، هەمووتان کاک فوئاد بە شەهیدی خۆتان دەزانن، هەمووتان ناوتان (کۆمەڵە)یە، ئەوانە ناکاتە ئەوەی جیاوازییەکانتان کەمتر بێت، هەوڵبدەن کار لە سەر لایەنە هاوبەشەکانتان بکەن؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ڕاستە ئێمە یەک مێژوومان هەیە، بەڵام هاوبەرنامە و هاوستراتیژ نین، لە سیاسەتیشدا زۆر لە یەک دوور کەوتووینەتەوە، ئەگەر ناویشمان نزیک بێت لە یەکتر، ئێمە هەر دوو ڕەوتی بە تەواوی جیاوازین.

*** ئایا پێتان وایە دەستی دەرەکی بە کەڵکی گۆڕانکاری نایەت؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** نەک هەر بەکەڵک نایەت، بەڵکوو دەیشیوێنێت.

*** پرسیارێک لە سەر کۆمەڵەکان بە گشتی، وەکوو هەژموون و ڕێکخستن، ئێوە پێتان وایە کام باڵەیان زیاتر هەژموونی هەیە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** کۆمەڵە لە کۆمەڵگای کوردستان بە هەژموون و جێگەی متمانەیە، کاتێک کۆمەڵە هاتوەتە سەر مەیدانی خەباتی سیاسی لە کوردستان، پێناسەی سۆسیالیستی هەبووە و بەو ئیعتیبارە، کە هێزێکی کۆمۆنیستییە لایەنگری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشە و جێگەی خۆی لە کوردستان کردوەتەوە. ئێستا ناوی کۆمەڵەشت لە سەر بێت، بەڵام لەو ڕێبازە لاتدابێت، ناتوانیت ئەو جێگەیە بگریتەوە و ئەو بۆشاییە پڕبکەیتەوە. کۆمەڵەی ڕاستەقینە بەو مانایە، لایەنی ئێمەیە... ئەزموونیش نیشانی داوە، کە کۆمەڵگای کوردستانیش بە پلەی یەکەم ئێمە بە کۆمەڵەیەک دەزانێت، کە کاک فوئاد و هاوڕێیانی دایانمەزراند، بانگەوازەکانمان لە ئاستی جەماوەریدا وەڵام وەردەگرنەوە.

*** ئەی مامۆستا گیان، بە ناو تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەو پێیەی خۆی بە سەرانسەری دەزانێ، فارس، بلووچ، عەرەب و... هتدتان لەگەڵ دایە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ناوی ئێمە (کۆمەڵە)یە، بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش حیزبێکە بۆ خۆی و ئێمە بەشێکین لەو حیزبە.

*** ئەی لەم ئۆردوگایەی ئێوە، خەڵکی عەرەب، بلووچ و ئازەرتان لەگەڵدایە؟ یان هەر کوردتان لەگەڵدایە؟ زۆرجار ئەوان ڕەخنەکەیان ئەوەبووە، کە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە هەر کوردن؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** لەگەڵماندایە، بەڵام کەمن و کەم و زۆرییەکەی گرینگ نییە، کە یەکەم حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دروست بوو لە مێژوودا، زۆربەی سەرکردایەتییەکەی تورک زمان بوون، ئێستا سازمانی سیاسیی ئێرانی هەیە، کە خۆشی بە چەپ و سەرانسەری دەزانێت، یەک ئەندامی فارس زمانیشی نییە و هەمووی تورکن!.

*** ئەی خۆتان بەسەرانسەری دەزانن؟ بۆ نموونە، خەڵکی فارس هەیە پشتگیریی ئێوە بکات؟ ئێوە هاوکارییان بکەن؟ ڕێکخستن هەبێت لە ناو ئەواندا؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بەڵێ هەمانە، بەڵام کەمە، کەمەکەش بە هۆی ئەوەوەیە سەرکوت و دیکتاتۆری

ناهێڵێت ئێمە پەرەبسێنین، بەڵام ئەگەر فەزا بکرێتەوە، ئێمە وەکوو حیزبێکی سەرانسەری هەژموونمان دەبێت، لە کوردستان ئێستاش هەر جووڵانەوەیەکی گرینگ و ڕادیکاڵ بکرێت مۆری ئێمەی پێوەیە، مانگرتن بکرێت ئێمە بانگەوازی بۆ دەکەین، بایکۆتی هەڵبژاردن بکرێ، ئێمە لە ڕیزی پێشەوەین. ئێستا لە کوردستان هەر کرێکارێک داوای مافی خۆی بکات، پێی دەڵێن تۆ کۆمەڵەیت- حیزبی کۆمۆنیستی...!!

*** تۆ پێت وایە ئەوان لە ڕێگەکە لایانداوە؟ لە مێژووی کۆمەڵە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** بەڵێ بە دڵنیاییەوە، ئەو ڕاستییە لە هەموو هەڵوێست و بۆچوونێکیاندا دیارە و بەڵگە زۆرن، هیچ مێژوونوسێک لەم بابەتەوە کەم ناهێنێت.

*** یانی پێت وایە، لەم خەتی کۆمەڵەیە لایان داوە؟ هەڵەیان کردوە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** ئەی بێ گومان ناڵێم هەڵەیان کردوە، ڕێگەیەکی تریان هەڵبژاردوە.

*** بەس بۆ بە ناوی کۆمەڵەوە، ئەوانیش هەمان ناو و دروشم، ئاڵاکەش و مێژوەکەش بە هی خۆیان دەزانن؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** وایە مێژووی ئەوانیشــە، نکۆڵی لێ ناکرێت.

*** مامۆسـتا گیان، ئارەزوە کەسییەکان زۆرجار تەحەکووم بە سـەر بـاری سیاسییەوە دەکەن، هـەر وەک کۆمەڵناسـەکان دەڵێن، ئەوەی کاک عەبدوڵلا و کاک عومەر ئامۆزای یەکترین و کوڕی یەک بنەماڵەن، پێتان وا نییە ئەو کێبڕکێ کەسییە کاریگەریی لە سەر بڕیارەکەیان هەبووبێت بۆ جیابوونەوەیان لە یەکتری9؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** لـە ڕاسـتیدا، هـەر ڕێکخراوێکی سیاسـی لـە کۆمەڵگا جیابـووەوە و تەریک کەوتەوە، هەمـوو ئـەو جـۆرە دیاردانە تێیدا سـەر هەڵـدەدات، ئـەوە واقیعەتـە، کێشـەی کەسـی هەیـە و کێشـە لـە سـەر دەسـەڵات هەیە، بەڵام هەتا ئـەو جێگایەی ئەو جیابوونەوانـە بـە ئێمـەوە پێوەندیـدارە، هیچیـان لـە سەر ئەم جۆرە کێشانە نەبوون. جیابونەوەی ڕەوتی مەنسـووری حیکمـەت و هاوڕێیانـی، جیابوونـەوەی ڕەوتـی کاک عەبدولـڵا و هاوڕێیانـی، هـەر دووکیان

9. لە ئێستادا، هەر دووکیان (عومەر ئیلخانیزادە و عەبدوڵلای موهتەدی) لە چوارچێوەی ڕێکخراوی (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) بە سەرۆکایەتیی عەبدوڵلای موهتەدی چالاکی دەکەن، بەڵام ئەو باڵەی کە بە ناوی (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) ماونەتەوە، بەو یەکگرتنەوەیە ڕازی نەبوون و ئەم باڵە بە ڕابەرایەتیی (ڕەزای کەعبی) لە چالاکیی سیاسی بەردوامن...

له سـەر بنەمای جیاوازییەکی سیاسـی، ستراتیژی و کرداریی زۆر ڕوون ڕوویانداوە، ئەو جیابوونەوانەی لە ئێمە کراوە تا ئێستا هیچی لە سەر کێشەی کەسی نەبـووە، ئەگـەری هەیـە لـە بەشـێکی دیاریکـراودا کێشەیەکی کەسی کاریگەریی کاتی دانابێت، بەڵام لە کۆتاییدا وا نەبووە.

*** یانـی بابەتـی کەمپنشـینی کاریگەریی نەبووە لە سـەر ئەم جیابوونەوانە؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** پێوەندیی بە کەمپنشینییەوە نییە، بەشـێکی کەمی ڕێکخراوی ئێمە کەمپنشـینە، بەشـی زۆری ئەندامانی ئێمە لە دەرەوەی وڵات و لە ناوەوەی وڵات دان، تەنانەت سەرکردایەتییەکەشمان هەمووی بە بەردەوامیی لێرە نییە، هێزی پێشمەرگەش بەردەوام گۆڕانی بە سەردا دێت، کەمپ بۆ ئێمە مەدرەسەیەکە، کە بۆ لاوانی کوردستانی ئێران کراوەتەوە، کە دێن و تێیدا پەروەردە دەبن، دوای چەند سـاڵێکیش شـوێنی چالاکی و ژیانیان بە شێوەیەک لە شێوەکان دەگۆڕن و زۆربـەی هـەرە زۆریـان لـە هەر شـوێنێک بن، بە هۆگری کۆمەڵە دەمێننەوە.

*** ئێوە ڕێکخستنی خۆتـان دەبینن، کە دێنە ئێرە، خەڵکی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان ئەو جیابوونەوانە دەبینن؟**

**ئیبراهیم عەلیزادە:** وردە وردە دەیبینن...

*** دۆخی ڕێکخستنتان چۆنە؟ هەست دەکەن باش بن؟**

**ئیبراهیـم عەلیـزادە:** ڕاسـتییەکەی نـا بە دڵمـان نییە، ئێمـە زۆرتـر ئەوەنـدەی کـە هەژموونـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیمـان هەیە، ئەوەندە نەبووە بە ڕێکخسـتن، ڕێکخستن لاوازە و لە واقیعدا هۆکارەکەش، تەنیا بۆ کاری ئێمـە ناگەڕێتـەوە، ئەم سـەردەمە جۆرێکی تر ڕێکخسـتن هەیـە، ئەو حیزبە سیاسـییە کلاسـیکییانە بـە ڕای مـن زۆر باویـان نەمـا، یانـی ئێسـتا تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان وایـان کـردوە ئـەوەی جـاران بـە شـانەی حیزبـی دەتکـرد، پێوەنـدی، کۆبوونـەوە و دانیشـتن، ئێسـتا تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان فەزایەکـی تریـان خوڵقانـدوە، پێویسـتە ڕێگـە و شـوێنی نـوێ بـۆ ڕێکخسـتن ڕەچـاو بکرێـت، قسـەی ئاخـر لە دوا ڕۆژی سیاسـیی ئێمـەدا ڕێکخسـتن دەیـکات، ئێمـە لـە وەڵامدانـەوە بەو پێویسـتییە بێ ئـاگا نیین، بەڵام کارەکە بە شێنەیی دەچێتە پێش.

## ئیبراهیم عەلیزادە

- ساڵی (1950) لەدایکبووە.
- خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی لە شاری مەهاباد تەواو کردوە.
- ماستەری ئەندازیاریی کارەبای لە زانکۆی موهەندیسی تەبرێز وەرگرتوە.
- لەساڵی ((1970 پێوەندیی بە کۆمەڵەوە کردوە و چالاکیی سیاسیی دەست پێ کردوە و لە ساڵی (1973) وە بە فەرمیی بووە بە ئەندامی کۆمەڵە.
- ساڵی (1975) کەوتوەتە زیندانی ساواکی شا.
- لە ساڵی (1978)ەوە بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵە.
- لە ساڵی (1983)وە بووە بە سکرتێری یەکەمی کۆمەڵە و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران.
- ئێستاش سکرتێری کۆمەڵە (سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)ە.



مامۆستا ئیبراهیم عەلیزادە لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا (2017)



مامۆستا ئیبراهیم

لەگەڵ کۆمەڵێک سەرکردە و پێشمەرگەی کۆمەڵە